کاروان عەلی

کاروان عەلی

# شاری کەرە باڵدارەکان

کاروان عەلی

چاپی یەکەم
٢٠٢١

ناوی کتێب: شاری کەرە باڵدارەکان
نووسەر: کاروان عەلی
بابەت: هۆنراوە ـ ئۆپەرێت ـ چیرۆک
بۆ: منداڵان و مێردمنداڵان
تایپ : شۆخان مریەمی و ئاوات عەلی
دیزاینی بەرگ: محمد صالح
ساڵی چاپ: ٢٠٢١
تیراژ: ١٥٠٠
چاپخانە: تاران

# شاری کەرە باڵدارەکان

## کاروان عەلی

*هۆنراوە و ئۆپەرێت: ل.......................................٢٣

* چیرۆک: ل..................................................٢٧٩

# شاری کەرە باڵدارەکان

## بۆمنداڵان و مێردمنداڵان

هۆنراوە

ئۆپەرێت

چیرۆک

# کاروان عەلی

٢٠٢١

## ئەم کتێبە پێشکەشە بە:

منداڵانی هەموو گەردوون، منداڵانی بێنازپەروەردەکراوی کورد.
ژیانی سەختی منداڵیم....

لەناو گەردوونیشدا بۆ جیهانی گەورەکان تەنها پێشکەشە بە شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو.

* نامەیەکی جوان و ئازارەکانم دەربارەی نووسینی نا ئەکادیمی بۆ پەشێو نارد، داوام لێکرد پێشەکییەك بۆ ئەم کتێبە بنووسێت لەکاتێکدا دەمزانی پێشەکی نووسین لای عەبدوڵڵا پەشێو، فەرهەنگ وپرینسیپی پەشێو بوونی نییە...بەڵام بەم جۆرە شانازییەکی هەمیشەیی پێ بەخشیم.

پەشێو: ئەوەندەی بتوانم و ژیان بوار بدات کارەکانت دەخوێنمەوە

سڵاوت لێ بێ، کاکە کاروان
سوپاس بۆ نامەکەت و هیوادارم لە ژیان و کارەکانتا هەمیشە سەرکەوتووبیت.
دڵخۆشم بەوەی لەبواری منداڵانی بێکەسی کورد کار دەکەی.
مخابن وەك پرینسیپ پێم خۆش نییە پێشەکی بنووسم و
قەت نەمنووسیوە.
بەگەورەیی خۆت بمبەخشە و ئومێدم وایە هیچ شتێك لەو کارە پیرۆزەی دەستت داوەتێ ساردت نەکاتەوە
ئەوەندەی بتوانم و ژیان بوار بدا کارەکانت دەخوێنمەوە.
هەر هەبیت بۆ برای خۆت.

پەشێو ٢٠٢٠/٩/٦

## لەجیاتی پێشەکی:

شاری کەرە باڵدارەکان ناوێکە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە هزرو بیری منداڵان بەرەو دنیایەکی تایبەت دەبات، ئەمەش ویستی ئەدەب و گەشەو پێشکەوتنخوازی و نووسەرانی منداڵانە، تامنداڵی سەرکردە و ژێر گۆش بکرێت... چونکە ئێستا لەهەموو دنیا ئەرکی نووسەری منداڵە منداڵان هۆشیار بکاتەوە، پەروەردەی بکات... هتد.

هەروەها شاری کەرە باڵدارەکان ئەو ناوەیە کە زۆر ڕاشکاوانەوە بەدیووە توا نجەکەی مانای خۆی دەبەخشێت و پێگەی خۆی لەگەڵ سیستەم و دەسەلأت و چەندین بواری تری ژیان بەهێزتر دەکات، جگە لەوەی وێنەی تایبەت لەڕووی دەروونییەوە بە منداڵ دەبەخشێت، هەربۆیە پێویستە ئەم کتێبە لەلایەن گەورەکانەوە بخوێندرێتەوە بۆ منداڵان نەك منداڵ خۆی.

هەروەها ڕەنگە من زوو بمرم بەلأم ئەم کتێبە هەرگیزنا، چونکە دڵنیام ڕۆژێك دادێت ئەکادیمیزان و ڕۆشنبیرانی وڵاتەکەم و جیهانییان ئەو هەزار چیرۆکە جوانانە دەبینن کەلە پشت وشە و ڕستەکانی ئەم کتێبەوە چرۆیان کردووە و بۆ هەمیشە سەرهەڵدەدەن....

هەربۆیە دەڵێم: ئەگەر من مردم بۆ دۆزینەوەی من و یادێك سەیری بن دێری هۆنراوەكان و تێكستەكانی ترم بكەن، تابوونی من و چەندین نهێنی تر بەشێوەی تابلۆیەكی نەخشێنەر ببینن، ئەكادیمییەكان هەرئێستا دەتوانن لەدوورەوە جیهانی منداڵان لەم كتێبەوە باشتر بناسن و بزانن جگە لە بوونی خۆم كە هیچ گومانی تیانییە.

من ناتوانم و نایڵێم كە ئەم كتێبە شاكارێكی ئەدەبی منداڵانی كوردە، یاخود كتێبێكی پڕ داهێنانە لە ئەدەبی منداڵان یان بێ كەم و كورپییەو هیچ نووسەرێكی تر نەیتوانیووە پەی بەوە ببات من بردوومە... بەڵام دڵنیام لەوەی بیناو هونەری هۆنینەوەو تێكستەكان ئەكادیمییانەیەو پڕە لەوێنەی جۆراو جۆرو هەردێرێك بۆخۆی وێنەیەكی پڕبەهایە، هەر بۆیە دەكرێ ئەم كتێبە دەروازەیەكی تایبەت بێت بۆ پێگەیاندنی منداڵی سەركردە،یان هەرنا جیاوازتربێت لەو نووسینانەی لەژێر دەسەڵات و پەیدا كردنی نان و لێسانەوەی كاسەن.

كاروان عەلی

# ئەم کتێبە پەیوەندی پتەوی لەگەڵ بیرۆکەوخەیاڵی منداڵدا هەیە

گومان لەوە نییە ئەدەبی منداڵان کۆششێکی فرەی پێویستە بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێت بخزێتە خەیاڵ و مێشکی منداڵ، ئەم بەرهەمەی منداڵانی کەرە باڵدارەکان لەبواری شیعرو بەرهەمەکانی دیکەی منداڵان بەزمانێکی سادەو ساکار نووسراوە، لە ڕاستی دا زمانی سادەو تێگەیشتن و دروستکردنی بیرۆکەی سادە لە مەرجێکی گرینگی ئەدەبیاتی منداڵانە، بۆیە نووسەر خۆی لە ئاڵۆزی و دروستکردنی بیرۆکەی قورس دوور خستووەتەوە، بۆیە مامەڵەی زمان لە ئەدەبیاتی منداڵان سەرباری ئەوەی نووسەر زمانی سادەی بەکارهێناوە لەهەمان کاتدا وشەی سادەی هەڵبژاردووە، ئەمەش وای کردووە زووتر خۆی لەمنداڵان نزیك بکاتەوە، زمان لە ئەدەبیاتی منداڵان هەر تەنیا وشەو دەستەواژە نییە، بەڵکو ئەو وشانە بەکاربێنێ کەلەگەڵ تەمەنی بگونجێ. نووسەر کاروان عەلی کۆمەڵێ تێکستی بۆ منداڵان و مێردمنداڵان لەژێر ناوی شاری کەرە باڵدارەکان نووسیوە، لەم بەرهەمەیدا وشەی سادەو ناسکی بەکارهێناوەو توانیویەتی ئەو وشانە بەکاربێنێ کە بە منداڵ نامۆنین و لەدەوروبەری خۆیدا ڕۆژانە هەستی پێکردووەو مامەڵەی لەگەڵ کردووە، وەکو دیارە منداڵ حەزی بە وشەی بەرجەستە کردووە، چونکە لەڕێگەی ئەو وشانەوە بەرە بەرە جیهانی منداڵ پێکدێ و هەر لەو ڕێگەیەوە دەوروبەری و دنیا دەناسێ.

دەربڕینی بیرۆکە لایەنێکی گرینگی ئەدەبیاتی مندالآنی پێکهێناوە، بۆیە دەروازەی مامەڵە لەگەڵ خەیاڵی منداڵ پەیوەندی پتەوی نێوان بیرۆکەو خەیاڵی منداڵ هەیەو یەکسەر ئەوەی نووسەر گوزارشتی لێکردووە تێیدا ڕەنگ دەداتەوە، هەموو ئەمانەش پێگەی نووسەری مندالآنی دەرخستووە، منداڵ لەبەر ئەوەی خاوەن خەیاڵێکی فراوانە تەواوی مامەڵەی بەحەزو ئاواتەکانییەوە بەستراوەتەوە، بۆیە نووسەر دەبێ بە هەستیارییەوە لەگەڵ خەیاڵی منداڵ مامەڵە بکات. لەڕاستیدا نووسەر توانیویەتی مامەڵەی ڕاست لەگەڵ خەیاڵی منداڵدا بکات، چونکە شتێکی ئاڵۆزی لەسەر خەیاڵی منداڵ بارنەکردووە، کەلەدەرەوەی مامەڵەو بیرۆکەبێ، دیاریشە هەر دەبێ بەکەرەستەی سادە بیرۆکەکانی ئەدەبی بۆ منداڵ ڕێك بخرێ. ئەگەر سەیری کتێبخانەی کوردی بکەین بۆمان دەرکەوتووە، لەبارەی ئەدەبییاتی مندالآن بەرهەمی زۆر کەممان هەیەو هێشتا لە جۆرەکانیدا کێشەی تێدایە، نووسەر لەو دەروازەوە توانیویەتی چەند بەرهەمێکی شیعرو بابەتی دیکە بنووسێ، ئەوەش جێگای دڵخۆشییە... کەبەداخەوە مندالآنی کورد زۆر لێی بێبەشە، بۆیە پێویستە هەوڵی دیکە لەو بوارە بخرێتە ڕوو.

عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی

# ئەم بەرهەمانە كتێبخانەی كوردی ئاوەدان دەكاتەوە

كاركردن لەناو ئـەدەبی منـدڵان كـارێكی ئاسـان نییـە و هـەموو كەسـێك ناتوانێـت تێیـدا سەركەوتووبێت. خاسـییەتەكانی ئـەو كاركردنـە لـە ئاسانترین شێوەیدا بریتییە لە خۆ بچوكردنەوەو چـوونە نـاو دنیـای شـتە وردیلەكانی جیهانی منداڵ، ئـەو خۆبچـوكردنەوە سـپرینگییە كەسـانێكی پێویسـتە كـە بتـوانن لـە فـەزای بیركردنـەوەی منـداڵ نزیـك ببنـەوە و ئەكرۆپاتیكیانە وەكو پاڵەوانی سێركێك بەدەست بـەتاڵی لێـی نەیەیتـە دەرەوە. ئەدەبی منداڵان لـەناو كـورددا وەكـو نووسـین، لەمێژنییـە ئیشـی بۆكراوەو لەچاو میللەتانی دیكە، ڕەنگـە دەیـان سـاڵ لـەدوای میللـەتانی تربین، بەلاّم ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەقایەتی گوێ ئاگردانی كـوردەواری و لاواندنەوەی دایك بۆ كۆرپەكەی كە دەچێتە قاوغی ئەدەبی زارەكی، ڕەنگـە یەكێك بین لەو میللەتانەی كە دەوڵمەندن بەسامانێك لە گێڕانەوەو ئاوازی جیایا... بەڕاستی مایەی دەستخۆشییە بۆ هەركەسێك ئەگەر حەرفێكی بـۆ ئەو بوارە نووسیبێت و جێگای دڵخۆشییەكە دەبینین بواری ئـەدەبی منـدالآن چووەتە نـاو فـۆرمی ئـەكادیمی بـوون و زانسـتیانە ئیشـی بـۆ دەكرێـت. دەستخۆشی لە كاروان عەلی دەكەم كە بەو بەرهەمانەی خـۆی توانیویـەتی كتێبخانەی كوردی ئاوەدان بكاتەوە.

سەركەوت ڕەسول

# كاروان عەلی یەكێكە لەسەرتۆپ و ڕێبەرانی ئەدەبی نوێی منداڵان

ئەدەبی منداڵان وەك بەشێكی سەربەخۆ لە ئەدەبی و جیهانـدا مێژوویـەكی هێندە دووری نییە، سەردەمانێكی زۆر كتێب و بەرهەمی چاپكراوی تاییـەت بەبواری منداڵان بە ئەدەبێكی بێ بایەخ دەهاتە ناسـاندن، وەك پێویسـت جێگای سەرنج و بایەخ نەبوو، هەر بۆیە بابەتەكان لەچوارچێوەی زمانێكی وشـك بـوون، سـنووری چـیرۆكی كـۆن و حیكایـەتی گیانلەبـەرانیان تێنەدەپەڕاند، بەلاّم لەناوەڕاستی سەتەی نۆزدەمەوە دوای كۆشش و گۆڕانی تێڕوانینی هەندێك لە نووسەرانی ڕۆژئاوای ئەدەبی منداڵان وەك كایـەێكی سـەربەخۆ سـەرەنجی خرایەسـەر، هـەروەها وەك بابـەتێكی سـەربەخۆ لەچوارچێوەی ئەدەبی گشتی پۆلێن كرا.

گۆڕان و گەشەسەندنی ئەدەبی منداڵان ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە ئاسـتی تێگەیشتن و پێگەیشتنی پێشكەوتنی كۆمەلاّیەتییەوە هـەبوو لـە ڕۆژئـاوا بەشێوەیەكی گشتی ئـەدەبی منـداڵان لـەدوای هەرەسـی دەرەبەگایـەتی و هاتنی سەردەمی بورژوازیدا سەرهەڵدەدات.

بیروباوەڕی پێشکەوتن خوازی لەسەرەتای سەتەی بیستەم لە شۆڕشی ڕوسیا و شۆڕشی دیموکراتە بورژوازییەکان سەریهەڵداوە، هەر ئەو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕیانە لەهەمان کاتدا کاریگەرییەکانی بەسەر ئەدەبی تورکی و فارسی هات، سەرجەم ئەمانە کاریان کردە سەر ڕۆشنبیرانی هاوچەرخی کورد کە ئەدەبی منداڵانیش بەشێك بوو لەو ڕۆشنبیرییە.

مێژووی نوێی ئەدەبی منداڵانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ نیووەی دووەمی سەتەی ڕابردوو بەشێك لە شاعیرە ناسراوەکانی کورد لە پاڵ نووسینی شیعر بۆ گەورەکان منداڵانی کوردیشیان فەرامۆش نەکرد، ڕێبەرانی ئەدەبی نوێی منداڵانی کورد ( زێوەر، پیرەمێرد، گۆران، بێکەس... ) کەبەشێوەیەکی هونەری و ناسك لەسەر بنچینەی فۆلکلۆر ئەدەبی منداڵانیان چەسپاند بە زمانێکی شیرین و هونەرێکی ڕەوان.

ئەدەبی منداڵانی کورد لەم قۆناغە نوێیەدا لەم فۆڕمە ئەدەبێکی تازەیە لە قۆناغی تاقیکردنەوەو خۆسەپاندندایە هەڵگرانی ئەم ڕەوتە بەم شێوە فۆڕمە لە چوارچێوەی پێوەرو بنەما و پرینسیپە ئەکادیمییەکان دەنووسن و خاوەن ڕەوت و ڕێبازێکی تایبەتن ئەگەرچی ئەو نووسەرانەی لەم چوارچێوە ئەکادیمییە ئەسپی خۆیان تاوداوە لە پە نجەی دەست تێپەڕناکەن.

کـــاروان عـــەلی یەکێکـــە لـــە چـــیرۆك نـــووس و جـــوان نـــووس و جوانبینـــە ئەکادیمیانەی کە خاوەن تێڕوانین و ئایدیایەکی وردە لەمەڕ تێگەیشتن لـە کۆمەڵناسی مندالآنی کورد کە خاوەن سەتـان ( هۆنراوە، چیرۆك، ئۆپـەرێت، شانۆنامە... ) یە هەر بۆیە کاروان علـی یەکێکـە لەسـەرتۆپ و ڕێیـەرانی ئـــەدەبی نـــوێی منـــدالآن کەبـــەفۆڕم و تەکنیکـــە تایبەتییـــەکانی دەناسرێتەوە....ئەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە لە کۆمەڵە چیرۆکی کتێبی ( شاری کەرە باڵدارەکان )ی ( کاروان عەلی ) دا ڕەنگیداوەتەوە دەتـوانین لـە چەند ڕوانگەیەکەوە تیشکی بخەینە سەر لە شێوەی بەکارهێنانی تـەکنیك گەلی گێڕانەوە و پرژانە سەر زانستی گێڕانەوە ناسـی ( narratology ) و هێنـانە ئارای مۆدێلی گێڕانەوەی تایبە تمەند و دروستکردنی فەزاسـازی لـە گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا بەرجەستە دەکات. یەکێکی دیکە لە تایبە تمەندی و جیاوازییەکانی ( کاروان عەلی ) بەتایبەت لەو کتێبە کاری لەسـەر کـراوە چیرۆکە شیعرە، دوو هونەر لەناو هونەرێکدا هەم شیعرەو هەم چیرۆکە. لـە ڕوخسـاردا شـیعرەو لەناوەڕۆکیشـدا چیرۆکە، سـەرجەم پێداویسـتییەکانی شیعرو چیرۆکیشی تێدایە. وەك شیعر بریتییە لە فۆڕم، جوانی زمان، کێش و سـەروا و میوزیـك، وەك چـیرۆکیش بریتییـە لـە پێشـەکی، کاراکتـەر، ڕووداو، فۆرم، ناوەڕۆك، گـرێ و کۆتـایی، هەمووشـیان پێکـەوە چـیرۆکێك دەگێڕنەوە.

نووسەر چیرۆکە شیعر بۆ منداڵان بە شێوازێکی ئەکادیمی و ئاسان بەزمانێکی پەتی و ڕەوان و شیرین دەهۆنێتەوە کەگونجاوە لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ... بەشێوەیەکی گشتی چیرۆکە شیعر ڕەمزییە و لەسەر زمانی ئاژەڵان و باڵندەکانەوە بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە.
ماوە بڵێم: (کاروان علی) خاوەن دنیا بینی و تاییە تمەندی خۆیەتی، ئەستێرەیەکی هەرەگەشی دنیای منداڵانە، هەر بۆیە پێویستە نووسەران و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی منداڵان لەئاست ماندووبوون و شەونخونی ئەم نووسەرە گەورەو لەخۆبردووە هەڵوێستەیەکی جدی لەسەر کتێبی (شاری کەرە باڵدارەکان) بکەن، هەربۆیە پێویستە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەم کتێبە بکرێت، بەدڵنیاییەوە ئەمەش وادەکات خزمەتی زیاتر بە فکرو فەلسەفەو تێگەیشتنی نووسەربکات و داهێنانی زیاتر بخاتە خزمەتی ئەدەبی کوردی.

حوسێن عەبدولڕەحمان

# بنەمای بەرزی ڕوانین بۆ بێداربوونەوەو ڕاچڵەکین

گرینگ ئەم ڕاستییە نەگۆڕەیە، کە دنیا بینی ئەم تێکستانە ئاڕاستەی بەرەو بوارێکی گرینگی ئەدەبە، ئەم بوارەش پەیوەستە بە قۆناغێکی گرینگی تەمەنی مرۆڤ کە قۆناغی منداڵییە، قۆناغی منداڵیش قۆناغێکی پڕ بەهاو بنەما لە پرۆسێسی دروست بوونی کەسایەتیدا، قۆناغێکە وەك زەمینەیەکی پاك و بێگەردو بەخشەر، دەتوانرێت تۆی ئەمەك ونمەکی لێ بڕوێنرێت، بێگومان بەری چاکەو چاکە خوازیشی لێ بەرهەم دەهێنرێت. ئەدەبی منداڵان پەیوەندییەکی تۆکمەو توندو تۆڵی لەگەڵ کرداری پەروەردەدا هەیە، چونکە ئامانجی پەروەردە بریتییە لە دەرهاوێشتەکردن و ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەسەندنی منداڵ لەڕووی فیزیکی،سۆزداری و عەقڵی وکۆمەڵایەتی، مەعریفی و تواناکانییەوە، دواجاریش ئامانجی پەروەردە پەیوەستکردنی مرۆڤە بەبیرکردنەوەو نشو نماکردنی بوونەوەرێکە بەشێوەیەکی عەقلانی بە فەزای گشتی بەهاکانی کۆمەڵ، وە هێنانەدی ئاسوودەی و بەختەوەری گشتییە،

بەلاّم گرینگە ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین ئەدەبی منداڵان چییە؟

دەتوانین بڵێین ئەم چەمکەیە ئاماژە دەکات بەو ماتریالانەوە کە بۆ منداڵان و مێردمنـــداڵان دەنووســرێت تــا بیخوێنینــەوە، بــەڵام لەچوارچــێوەیەکی ئیتیکی، ئەخلاقیاتی پرۆسێســی پــەروەردەو بــەها کۆمەڵایــەتی و بنــەما ڕەوشتییەکان کە ئامانجی ئاسوودەیی ســایکۆلۆژیای منــداڵ بێــت، لێــرەدا پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدات، چۆن ئەدەبی منداڵان دەتوانێت کەســایەتی منداڵ پەرەپێبدات؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرســیارە دەتــوانین بڵــێین: لــە دووتوێی خستنە ڕووی پەروەردەی و ئاکــاری و مــەعریفی و کۆمەڵایــەتی و سایکۆلۆژی و زمانەوانی و جوانیناسی، یان بەشێوەیەکی تر دەتوانین لەژێر ئەم دیدە فکریانە پوختی بکەینەوە: پەروەردەکردنی منــداڵ بەشــێوەیەکی تەندروست بەمەبەستی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی تەندروست، گەشە پێدانی چێژی هونەری و ئەدەبی و ستاتیکی، پەرەپێدانی هەستەوەری ڕەخنــەگرتن لای منداڵ خستنە ڕووی بنەما زمانەوانییە تەندروستەکان و گەشــە پێدانی سەرمایەی زمانەوانی منــداڵ وەهانــدانی بــەکارهێنانی ئــەم ســەرمایەیە لەژیانی ڕۆژانەدا، گەشە پێدانی توانای داهێنەرانەی منداڵ، ڕەخســاندنی بوارێك بۆ منداڵ بۆ ئەوەی ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی بگێڕێت لەجیهانی داهاتوودا بەشێوەیەکی تر گەشە پێدانی دنیابینی منداڵ لە ڕوانین و بیکردنــەوەی بــۆ داهاتوو وە پێدانی توانای داهێنەرانەی بەمەبەستی پلانڕێژی و پێشکەوتن و بڕیاردانی گونجاو لە کاتی گونجاودا،

چاندنی ڕەفتاری تەندروست و پێکهاتەی نەریتی کۆمەلأیەتی تەندروست، گەشە پێدانی توانای منداڵ لەسەر ناسینەوەی دیاردەکانی دەوروبەری بۆنمونە: وەکو توانای پێشبینی کردن، شیکردنەوە، پرسیار و ڕامان هتد... بێگومان پشت بەستن بەئەدەب وەك ئامرازێکی گرینگ لەچارەسەرکردنی هەندێك گرێ و گۆڵی دەروونی وەك شەرم کردن و ڕەفتاری دوژمن کارانە، گەشە پێدانی ئەندێشەی منداڵ، یارمەتی دانی منداڵ لە گەشە پێدانی تواناکانی لەسەر بیرکردنەوەی لۆژیکی تەندروست و پەیوەست کردنی هۆکار بەئەنجام بەرەو پێشبردنی سیستەمە سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و ئاینی منداڵ لەڕێگای دامەزراندنی جیهانێکی نوێ کەلە منداڵەوە دەست پێ دەکات. ئەمەش ئەو ئەنجامانەیە کەلە دووتوێی ئەدەبی مندالأن دەستمان دەکەوێت. ئەم تێکستە ئەدەبیانە کە لە پانتایی ئەم پەرتووکە دەیخوێنینەوە پەیڕەوی هەمان بەهای پەروەردەیی و دنیابینی و ڕەوشناسی بەرزەوە دەدۆزینەوە، پەیڕەوکردنی بنەماکانی سازانی زەمینەی داهێنان و بیرکردنەوەیە، بەهای ئەم تێکستانە لەوەدا سەرچاوە دەگرێت کەبەرهەمی ئەزموونە بۆ ڕووبەرێکی گەنیوی چەق بەستن، هەوڵێکە بۆ بزواندنی بنەمای بەرزی ڕوانین بۆ بێداربوونەوەو ڕاچڵەکین بۆ ئەوەی بەرائەت و منداڵی خۆیان لە دەست نەدەن و ئەم تەمەنە بەخۆڕا تێنە پەڕێت.

دکتۆر

سەروەر حەسەن

# شیعرەكان لەگەڵ سایكۆلۆژیای منداڵ و هەرزەكار دەگونجێن

كاتێك بەڕێز كاروان عەلی داوای لێكردم پێشەكییەك دەربارەی دیوانی شیعرو چیرۆكەكانی بەناونیشانی ( شاری كەرەباڵدارەكان ) بۆ بنووسم، بەخۆشحاڵییەوە داواكەیم پەسەند كردو ئەم چەند تێبینییەی خوارەوەشم لا دروست بوو، هیوادارم سوودمەندبێت و زیاتر دیوانەكەی دەوڵەمەندتر بكات: دەستخۆشی لێدەكەم كە توانیویەتی لە ڕێگای هۆنراوەو سوودو پێكهاتەی كۆمەڵێك میوەو بوونەوەرو دیاردەی سروشتی بە شێوەیەكی سادەو زانستیانە بۆ منداڵان ڕوون بكاتەوە، كە كاریگەری باشی دەبێت لەسەر زیاتركردنی زانست و زانیاری منداڵ و هەرزەكارەكان، لەگەڵ ئەوەشدا پێم باشە ناونیشانی دیوانەكەی دەست كاری بكات، هەروەها برای نووسەر توانیوویەتی چەندەها هۆنراوەی نیشتیمانی و ئایینی وسروشتی سەركەوتوو بۆ بەهێزكردنی گیانی كوردایەتی و لایەنی ویژدانی و ڕووحی و زانستی دابڕێژێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەو شیعرانەی كە بۆ هەرزەكارو منداڵان دایناوە لەگەڵ سایكۆلۆژیای منداڵ و هەرزەكار دەگونجێن، جگە لە هەندێك وشە و چەمك زیاتر بۆ گەورە گونجاون و هەست پێكراونین، هیوادارم

لەجیاتی فەرهەنگۆکەکەی کە لە کۆتــایی هۆنراوەکــان وەك ڕوونکردنــەوە دایناوە ئەوا هەر لەناو هۆنراوەکە بییان گـۆڕێ، نــەك لە پــەراوێز بییــان نووسێت.هەروەها پێم وایە نووسەر هۆنراوەکانی بە پێی کاتی هۆنینەوەو دانانیان ڕیزبەندی بکات، بۆ ئەوەی خوێنەرو توێــژەران بــزانن تــا چــەند تواناى نووسەر بە پێی کات گەشــەی کــردووەو ئــەزموونی زیــادی کــردووە، ئەمەش بۆ زیاتری خزمەتی توێژەرانە نەك بەشێوەی تێکەلاو... هــەروەها سەرەتا ئەو هۆنراوانە دابنرێت کە تایبەتن بــە منــداڵ و هــەرزەکار دوای ئەوان هۆنراوەی نەتەوایەتی و سیاسی، بۆ ئــەوەی منــداڵ تــەنها ئەوانــە بخوێنێتەوە کە تایبەتە بەجیهانی منــداڵ، خــۆی بــە هــۆنراوەی سیاســی سەرقاڵ نەکات. بەشێوەیەکی گشتی هۆنراوەکان و چیرۆك و ئۆپەرێتەکانی زۆر سوود بەخشن و لەگەڵ ســایکۆلۆژیای منــداڵ و هــەرزەکار دەگــونجێن، هیوای سەرکەوتن بۆ برای نووسەر دەخوازم لەگەڵ ڕێزو سلاو.

پرۆفیسۆر دکتۆر
کەریم شەریف قەرەچەتانی
زانکۆی سلێمانی
٢٠٢٠/٨/٢٦

# ساڵی نوێ

سـەری سـاڵە سەری سـاڵ
ئاهەنگ دەگێڕین ئەمساڵ
سـەری سـاڵێـکی نـوێـیە
مـژدەی خـۆشـی لە ڕێـیە
بە جل و بەرگی ئاڵ و واڵ
بەخەندە و خۆشی ئەمساڵ
دەیـکەینە بەزم و خۆشـی
دوور لە تـاڵی و نـاخۆشی
منداڵان دەی دەست پێبکەن
ئـاهـەنگەکە گـەرم کـەن.

هەولێر ١ـ ١ـ ٢٠٢٠
ئاڵ و واڵ: ڕەنگاو ڕەنگ، تێکەڵ لەڕەنگ، هەمەجۆر.

# ئاسك

ئــاسکەی دەشــت و هەردم
گــویٚ قــولاٚخــم نــەبەردم

گویٚ سوك و تیژڕۆ، خێرام
گیــانــدارێــکی بــەوەفــام

زۆر جــوان و خــان و مــانم
شـــاجــوانی گــیــاندارانم

چاو گــەورەو ئێسك سووکم
زەردبــاوە ڕەنــگ و تــووکم.

دەڤەری بارزان ـ ٢٠١٩
هەرد: شاخ.چیا.
قولاٚخ: ئامێرێکی ئاسنی دەم کراوەیە، کورد لێکچواندنی بۆ دەکات بۆ گویٚ سوکی.
بەوەفا: بەسۆز، دلٚ نەرم.

؟

ڕەگـم جـوان داکوتـاوە
تـــاوەکو ژیـــانم مـــاوە

دەچـێـــژم زۆر ڤیتامین
ڤیتامینم ئـــەی و بـــین

ئێســـتاکـــە نـــاوم بێنە
زیرەك بەو هـــەڵی بێنە.

هەولێر
٢٠٢٠

## مێروولە و بۆق

مێروولە :
من مـێروولەم مێرولەم
ورد و جوان و قشـتیلەم

بۆق :
منیـش بـۆقی خـاوێـنم
لەئـاودا سـەر دەردێـنم

مێروولە :
تۆ ناخنکێی لە ئاودا
دەژیش لە وشکـانیدا

بۆق :
بەڵــێ من پـاڵـەوانم
بۆقـیلەی نێو چـەمانم

میرووله :

منیش میرووله‌ی وریام

هــه‌مه جۆرم لــه دنیام

واتــه مــن جـــۆرم زۆره

بۆت باس ده‌که‌م به‌نۆره

بۆق :

نـــا... نـــا ده‌زانـــم زۆرن

به‌چــه‌شن و هه‌مه جــۆرن

میرووله :

چۆن ده‌زانی له‌ژیا نمان

له جـــۆر و گوزه‌را نمان

بۆق :

ئـێـوە لە ســــەرەتــاوە

ڕێــزی زۆرتـــان لێ نراوە

جەستەتـان وەك شووشەیە

جـیاوازتــر لە ئـێـمـەیە

مێروولە :

ڕاستە تۆ زۆر شارەزای

لەبوونماندا بە ئاگای

بــەڵام تــۆ دوژمنمانی

دەمان خۆی بە لێزانی

بۆق:
نا...نا هەرگیز وانییە
ئــەمە کاری مــن نیــیە

مێروولە:
تۆچی مێش و مەگەزە
خۆ نایدەیتە بەر گەزە

بــەلاّم بەزمــانی درێــژ
ڕای دەکێشی سەرەو لێژ

بۆق:
نا... نا من میهــرەبانم
بۆقــێکــی گــەلێ جوانم

تــۆ نــاخۆم دڵنــیــابە
بــۆخۆشــت بە ئاگــابە

مێرووله :
مــن باوەڕت پێ نــاکەم
هەرگیز بەگوێشت ناکەم

بـــەلاَم لــێــرە ڕادەبم
چــالاك و هۆشیاردەبم

تــۆ دووژمــنــی دەزانــم
بەهاوڕێت هــەر نازانم

بۆق :
باشــە هاوڕێی وردیلە
شیرین و زۆر قــشــتیلە

بڕۆ بەدواتــەوە دێــم
پارێزکاری سەرە ڕێــم

مێرووولە :
نـا نـا بەڕێی خۆت بـڕۆ
ئەی دوژمنی ســەرە ڕۆ

بۆق :
کــەوایــە هــەر وا دەڵــێــی
هەر دە تخۆم بۆکوێ هەڵبێی

میرووله :
من شووشەم زمانت دەبڕم
گەرنا سکت هەڵدەدەڕم

بۆق :
نا... نا من گاڵتە دەکەم
تۆ چی بڵێی هەر وا دەکەم

میرووله :
بڕۆ خێرا لەم ناوه
تا ژیانت نەفەوتاوه

من مێرووڵەی جیاوازم
بەشووشەکەم دەنازم

هەموو جەستەم شووشەیە
شـووشەش زۆر کوشندەیە

بـۆیە بۆخـۆت وریـابە
لەبوو نماندا هۆشیاربە

بۆق :
خۆ گوتم هەروا دەکەم
چی بلێـی ئـاوا دەکەم

مێرووولە :
بەڕێگای خـۆتدا بڕۆ
بەهێمنی و لەسـەرخۆ

نەدەی ئازاری هیچ کەس
دەنا دەتدەینە بەر گــەز

بۆق :
باشــە باشـــە وا دەکەم
چی بڵێی بە گوێت دەکەم

ئـــەوە خــێـــرا وا دەڕۆم
هــەرگیز مــێروله ناخۆم.

هەولێر- دارەتوو - ٢٠٢٠

جەستە : لەش .

مێش و مەگەز: مێش و مێرووله، مێشووله، پێشکە، پێشووله پۆلێنی مێش و مەگەز هەموویان دەگرێتەوە.

سك : زگ، ورگ.

نەفەوتاوە: تا ژیانت لەناو نەچووە، نەمردووی.

## ڕۆژەکانی هەفتە

شــەممە لەدوای هەینی یە
هــەیــنــی کــامــەرانیــیە
ڕۆژێــکی نــویَ و پـــیــرۆزە
نوێژی کۆمەڵ تیــای فەرزە

یەك شەممە دوای شەممەیە
دووشــەم جا ســێ شەممەیە
نـاوەندی هەفــتە ســێ شەم
ئەوســا نۆرەیــە چــوار شەم

٤ شەم پێش پێنج شەممەیە
٥ + شـــەم پێنج شـەممەیە
ئەوسـا دەگـەیـنـە هـەینی
ڕۆژی هـەیـنی پـێـکـەنـی

گـوتی هەفـتە هـەروایـە
هەرگـیـز کـۆتایی نـایـە
بەم شـێـوە لە دوای یەکـین
لەگـــەڵ یەکـتردا کـۆکـین.

هەولێر-٢٠١٩
فەرز: واجب، ئەرك.

# تەماتە

من تەمـــاتەم تەمـــاتە
بـــۆ خـــواردن و زەلاتـــە

بەســـودم بۆ هـــەمووتـــان
لە هـــاوین و لە زســـتان

بەردەوام ســـوور و جوانـــم
شـــایســـتەی مـــیوانتانـــم

لە پۆلێـــنـــی مـــــیـــوەدام
کەچی بڕکی سەوزەگیام.

# مافیا

خەمخۆری منداڵانی کــورد
کوانێ هەیە سەرانی کورد؟

ئێوە هەر بۆ پارەو ژیــان
مافیایەکن بێ ناونیــشان

ناونیــشــانی ئێــوە وایــە
ڕووتێــنــەرن لە دنیــایــە

هەر بۆ پارەو بەرژەوەندی
دەیفرۆشن پیر، بیرمەندی

کوانێ خـەمتان بۆ مندالّە
مندالاّنمان ژیـانیان تالّە

مندالّی ئێـوەش لەم ژیانە
دەگـوزەرێنن وەك شاهـانە

خوێندنی تـایبەت و گوزەران
گـەشـت و گـوزەرانی جـوان

پەیتوکەو پارەوهەرسەیران
نـابڕێ لایـان هــۆ منــدالاّن

ئێوەش مەردبن بۆی بخوێنن
دەسـەلاّتیان لێ بسـتـێـنن.

مافیا: شەقاوە، ڕووتێنەر، ماف خۆر، چەتە، ڕێگر.
گوزەر: ژیان، گەڕانی خۆشی لەژیان.
بیرمەند: زانا، ڕووناکبیر، بیر ڕوون.
پەیتوکە: ئۆتۆمبێل، ئۆتۆمۆبیل، سەیارە، ماشێن،ئاوتۆ.

# گولیك و بەهار

گولیکە سوورەی شادی
خەم ڕەوێنە، ئــازادی

هێمای جوانی ژینگەیە
وەك بـــووكـی ڕازاوەیە

گولیلکــە سوورەو کوردان
هـاوشــانن تـا کۆتـا ژیان.

گولیك: گوڵ.
گولیلکە سوورە: یەکەم گوڵە لەبەهاری کوردستان سەردەردێنی و هێمای ئازادی و بەهاروخوێنی شەهیدانە.

## دارستانی زۆردارەکان... پادشای بێسوود

شـێر پـادشای دارستانە
بڕیـاردەر، بیٚ هـاوشـانە
ڕێوی دەستە ڕاستی شـێرە
بۆیـە ئـازا و دلـێرە

شێر:
ڕێـوی زۆر ئاگـاداربـە
وریابە و زۆر چالاك بە

ڕێوی:
لەچی وریابم پـادشـا
کاربەدەستی خۆت ڕەها

شێر:
لە دووژمن و فێڵبازان
وریابە بەبێ وچان

ڕێوی:
خەمت نەبێ من هەروام
نیاز پاکم بێ پەروام

شێر:
ئاگاداربە هاوڕێی ژیر
نەکەی پلان و تەکبیر

ڕێوی:
بـۆچـی پـلانم هـەبێ
تەکبیرم لەبەر چی بێ؟

شێر:
بـیسـتم کـەوا دووبـارە
هێرش دەکەیت ئە مجـارە

بەڵام لەگـەڵ کەمتـیاران
تـا ببییە پادشای هەمووان

ڕێوی:
نـا گەورەم نـا ڕاست نییە
ڕەوشـــتـم... ئـاوا نییە

بەڵام پـــادشـــای ڕابــردوو
ستەمکـــاربوو بەسەر چوو

بـــۆیە هێرشـــمان بۆی برد
بەڵام ئەو خۆی لەنـاو برد

شێر:
بەچـــی ئـــاوا لەناو چوو
وا خێرا دەست بەرداربوو

کەمتیار:
گەورەم ئەو بۆ دەسەڵات
ژینیٚ مـەی کـردە خەڵات

چـەندا نمـانی لەنـاوبرد
هەر زوو خێرا دەست و برد

ڕێوی:
بـۆیـە پلانـمـان دانـا
لەگەڵ کەمـتیاری زانـا

بیست کەمتیار و سێ ڕێوی
هێـرشـمان کـردە سـەری

لەنـاومان برد خێرا زوو
تۆ هاتی پادشای لە ڕوو

کەمتیار:

ئێستاش تۆ پادشـــامانی

هــێزو ورە و پــشتــمــانی

شێر:

خۆ پلانـــتان بۆم نییە

ڕێــوی شــتی وانــیــیە؟

ڕێوی:

نا پادشای دارستانمان

تۆ یەکسانی بۆ هەمووان

کەمتیار:

ئێمە هەموو یەکـگرین

دوژمن بەزێن پشــتگرین

ڕێوی:
بەڵام فێڵ و تەڵەکــە
بۆکەسێکی بێ مێشکــە

ڕاســتە ئێمە فێڵبــازین
خــۆخــۆرین لەخۆ ڕازین

بــەڵام تــۆ ئاگــاداری
هێمن و زۆر هۆشــیاری...

کەمتیار:
ئێمە بۆ ڕەوشــتی جــوان
ئاکاری ڕاستی و یەکسان

هەرگیز فڕ و فێڵ ناکەین
جیاوازیش دروست ناکەین

شێر:
کەوایە من بێخەمبم
لەخەمی هیچ دانەبم؟

ڕێوی:
بەڵێ پادشای دارستان
تۆ بێخەمبە قوربان گیان

شێر:
ئەوە بڕیارم دا دارستان
بدەمە دەست هەردووکتان

خۆشم چاودێرم پادشام
فرۆ فێڵ نەکەن لەلام...
شێرخەریکی ژیان بوو
پادشای گشت دارستان بوو

بــەڵام كەمتــيار و ڕێــوی
بــزەيــان كرد بۆ يــەكدی

چــونكە  پيــلانيان هەبوو
شێر لەنــاوبەن زوو بەزوو

هەرچــی كارو فەرمان بوو
لای كەمتــيار و ڕێــوی بوو

ئەوانــيش كاربەدەســتيان
پەيــدا كردبوو هــاوشــان

لێی  پاڵكەوتبوون هێدی
بــەزوڵم و ســتەم ئيــدی

دارو دەستەی هەردووکیان
لەســتەمــدا بێ هاوشــان

خەریکی ڕاو و ڕووت بوون
هەژار هەر ماف خوراوبوون

بــاڵــندە و گــیانــەوەران
هـــەژارە بێ هـــێـــزەکـــان

زۆر بــێــزاری ژیــان بــوون
لە کـــۆچ و مــردن دابــوون

ئەوانیــش هـــەر لەســەر ڕا
دەیــان خــوارد و لــەبــەر ڕا

چـاویان هیـچی نـەدەدی
تەنها دەسـەڵات هـیچدی

شـێریش هـەر پاڵـدانەوە
گۆشـت خـواردن، سوڕانەوە

ڕۆژێك هـەموو گیـانداران
بێزار بوون هەموو گشتیـان

بەڵام پـاش چی زۆر مـردن
چەندیـان دەربـەدەر کردن

ئەوسا هەموو هاتنە دەنگ
بەڵام هەموو بەیەك ڕەنگ

بڕیاریـــان دا بـۆ ژیـــان
بـۆ نەمـــری و دارســـتـــان

تـــا نەوە و زێـدیـان مابێ
نابێ شێر پـادشـایـان بێ

دەبـێ دار و دەســـتـەیـــان
وەك هـەزار بـژین لە ژیـان

بـۆیــــە ڕۆژێـــك لە ڕۆژان
گـەورە و بچووکی دارسـتـان

هـەڵیان کـوتایە سـەریـان
شێریان گـرت بەدیل خـۆیان

ڕێــوی و کــەمــتیــار لەو لاوە
هــەڵــواســرابــوون لەونــاوە

شیــێریش تــۆبە تــۆبــەی بوو
دڕنـــدەیـــی ئاشـــکـــرابوو

خـــۆی ڕاتەکـــاند بەهــێــزی
نـــیــشـــانی دا لـــەڕێـــزی

کــەوتە پــەلــە مــاردانــیــان
زۆری کـــوشــت لە گیــانداران

بــۆیە شــێریــان گــرتــەوە
تــۆڵــەی خــۆیــان کــردەوە

هــەڵــواســران بۆ ســێــدارە
ئــەمــە تــۆڵــەی زۆر دارە.

پەروا: بێگەرد، بیٚ فێڵ
تەکبیر: پلان.
پلان: بەرنامە، بەرنامە دارِێژی.
پیلان: فێڵ.
رِەها: خاوەن دەسەلاَت، ئازاد...
ژینیٚ مە: ژیانی ئیٚمە.
لەبەر رِا: هێدی هێدی، لەسەر خۆ.
یەکدی: یەکتر.
ورە: هێزی بیر، توانای دەروونی.
نەوە: وەچە، بەچکە...
دیل: بارمتە، کەسێك لەشەرِدا گیرابێت.
زێد: نیشتیمان، ولاَت، مەفتەن.

# بزانە ناوی چییە؟

لە زستان و لە هاوین
هەروەك بەچكە مراوین
حەزیان بە ئاو، ژیانە
ڕەنگیان گەلێك جوانە
بەلاّم ئەوان باڵندەن
كۆچەرین، نەك نشینگەن
بەباڵ و ڕەنگی جوانیان
ناسراون لە گشت جیهان
ڕەنگی ڕەش تێكەلاّون
هەمەجۆر ڕەنگ ناسراون
تنۆكەی ڕەنگی قەدیان
هەمە جۆرن لە ڕەنگیان
ئێستا بزانە چییە
بەلاّم مراوی نییە.

قەد: جەستە، لەش.

نشینگە: شوێن، جێگا، زێد، مەبەست لەم بەكارهێنانە زێدی خۆیان یان شوێنی خۆیان نییە.

# کاتی خەو

پێویستە هەموو کاتێك
لەگشت وەرزێك هەر ساتێك

بۆ خەوی شەوانی تار
زوو بخەوین نەك بێدار

چونکە بە پێی زانستی
زوو بخەوی زۆر چوستی

بەتایبەت بۆ بەیانیان
چالاکی زۆر بیٚ هاوشان.

هەولێر کولێژی هونەرجوانەکان ـ ٢٠١٦
تار: تاریك.
بێدار: بەخەبەر، نەخەوتوو، بەئاگا.
چوست: گورج.

# وەرزی زستان

وەرزی بـــەفـــرو بـــــارانە
کــرێـــوە لە ئاســــمــــانە
دەبــــــارێ بەفـــر و بـــاران
لەوەرزی سەرمـــاو زستـــان

زســـتـــان وەرزی ســــەرمایە
بــــەفــرو بـــارانی تــيايە
کــرێـــوە و بەفـــرو بـــاران
دەبـــارن لـــە زســــتـــانـــان

بـــاران دەبارێـــت جـــوان
لەوەرزی سەرمای زستان
لە دۆڵ و شـــاخی کوردان
سپی بووە شـــاخی جـــوان.

# ڕەنگستان

دیمەنەکەی چــەندە جــوانە
کــوردســتا نمــان ڕەنگستانە

بە گــوڵ و گــوڵزاری جــوان
دا پۆشــراوە ژیــنــگــە شــان

شــاخ و پێدەشـــت و دۆڵــی
وێنــەی لە دڵ هــەڵکــۆڵــی.

هەولێر سەیرانگای هەنارە ـ ٢٠٠٨

پێدەشت : دەشتایی، دەشتی ڕاست.

ژینگە شان : ژینگەی شاهانە.

شان : شاهانە.

ڕەنگ: ڕەنگاو ڕەنگ.

ستان : پاشگرەلەزمانی کوردی، بۆزۆرێك لەولاّتان بەکاردێت، بەواتای هەرێم، خاك، زەوی، ولاّت.

# ئەوە پێم گوتن...

هــەڵــیکـــەن چــرا چــرای ئــازادی
بـاگــەشـــبیٚ چــرا نــەك بــیٚ مــرادی
سەرتـان بەرزكەن وەكوچیای قەندیل
با ڕۆڵەی كوردان نەیكەن ژین، زەلیل
بــگــرنە دەســتــان دەفــتەر و خــامە
ژیــان چیٚ بكــەن زانـــســـت مــەرامــە
هــەمــوو هــەوڵدەن بۆ زانستی جوان
هــونەر بخــوێنن هــونــەری كــوردان
تـــا لەژیــن، دوارۆژ نەبن پەشـیمان
ئەوە پێم گوتن بەگوێم كەن هەمووان.

بۆ: مێردمنداڵان ـ ٢ـ ٥ ـ ٢٠١١
مراد: هیوا، ویست.
زەلیل: ژێردەست، ناخۆشی.
مەرام: ویست، هیوا.
چیٚ بكەن: دروست بكەن.

# کەمردم

ئـــەوســـا دەڵێـــن وابـــوو واچـــوو
کوڕی مـــەردی ڕۆڵەی چاك بـــوو

بۆ مـــن بەچـــی ئـــەو کـــاتـــانـــە
قسەی زل وخۆهەڵکێشن باشبزانه

ئەگـــەر ئێـــســـتا کـــوردی مەردی
هـــەســـته بکـــێشـــه ڕەنجـــشـــادی

چـــونکه تـــا هـــەمـــوو نەکۆشـــین
هـــەر ژێر دەستین خەم دەنۆشـــین.

بۆ: مێردمندالأن
هەولێر ـ ٢٠١٥
ڕەنجشاد: ڕەنجی شادی و خۆشی.

# چۆن دەڕوانن؟

زۆرم گــــوتــووە و تـابــم دەڵــێــم
ئــــازاد بــژیــن بـــەکــێ بڵــێـم؟

خــــۆ دەزانــــم... بـــۆچـی وایــە
کــورد یەکـگرنیــن مـیــژووش وایە

بــەڵام تــا هـــەبم مــن هـــەروام
دەیڵـێـمــــەوە بــمـــرم... چـــرام

خــۆ کــوردا نمان کەیەك دەنگــنین
لەچراشدا کوژێنەوەن تـاکو دەمرین.

بۆ: مێردمندالأن
هەولێر ٣ـ ٩ـ ٢٠١٧
تـابم: تـاهەبم، تـا بمێنم، تـازیندووبم.

# ئەنفالی کورد و بەرپرسان

ئێسك و پروسکی منداڵانمان
واکەوتوون لە نوگرە سەلمان
ئێوەش هەر خەریکی ژیانبن
بخۆنەوە و دەست بەردار بن
دەست بەرداری کوردی سووتاو
ماڵوێرانی ڕەنجی سوواو
کوردی دڵسۆزیش لەو لاوە
هەروا دەگری ژینی ماوە؟
ئێوە لە خۆشی و سەیرانن
کوردی دڵسۆز ماڵوێرانن
شەرمە بۆ ئێوە هەمووتان
هیچ دڵسۆزنین تاك بە تاکتان.

بۆ: مێردمنداڵان
هەڵە بجە ـ یادی ئەنفال ـ ١٦ـ ٣ـ ٢٠١٨
سوواو: هەدەر، بەفیڕۆ.
ئەنفال: کۆمەڵ کوژی، زیندە بەچاڵکردنی میللەتی کوردبوو لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.
نوگرەسەلمان: شوێنی ئەنفال و زیندە بەچاڵی زۆرێك لەئەنفالی کوردانە.

# دروستبوونی باران

بـــاران دەبـارێـت جـوان
لە وەرزی سـەرمای زسـتـان

نـــەرم نـــەرم دەبـــارێ
لە ئــاسـمان دێتە خـوارێ

هـەڵـمە دەبێـتە بـــاران
هـەڵمی سـەری دەریـاکان

لەئاسمـــان کارلێك دەکەن
ساردی و گەرمی لێك دەدەن

ئــەمـەش دەبێـتە بــاران
هــەروەها بەفر لە زسـتـان.

## لایلایەی دایک

نا نا نا ڕۆڵـەکـەم
ئێستا شیـرت پـێـدەدەم
شیرێکی زۆر جوان و خـۆش
یاخـوا لێت ببێ بە نۆش...

***

هـەناسـەی دایە و بابە
مەگری کەمێك ئـارامـبە
تۆ منـداڵـێـکی ژیـــری
نابێ هـەرگیز برسیـبی

تــەنها کەمێــك ئارامــبە
بۆ هەمیشەش چا پووکــبە
نا هــێــڵــم تۆ برســیــبی
لە ژیــنــیشدا ماندوو بی

***

هــەنــاسەی دایە و بابە
خــێــراکە دەی گــەورەبە
تــا بۆ ئێــمە و وڵاتــمان
ببییە پــارێــزەری جــوان.

# هــونــەر

هــونەر بیرۆکــەی ژیانە
چرای زانستی هەمووانە

بەهــونەری ژیری و جوان
کاردەکەین بۆ دوارۆژمان

بــۆیە هــونەر گریــنگــە
وابەستە، ژیان و ژینگــە

هۆی پێشــکەوتنی گــەلە
چــونك زانســتی لەگــەڵە.

سلێمانی ـ ٢٠١٦
وابەست: بەیەکتر بەستنەوە، پەیوەندی ...

# خەیار

مــن خــەیارم خەیــارم
بەســوود و خۆشە تــامم

لە هــاوین و لە زســتان
ئێستا دەڕوێم هاوڕێیـان

لە بەهـــارو پـــایزان
دەبمە مـیوانی مــاڵتان

واتە هــەموو وەرزەکــان
بوونم هــەیە لەبــۆتان.

# هەولێر... شاری شیرینم

هــەولێر ئەی شاری شاران
جــوانترین بــووکی جیهان
تــۆ جــوانتــریــنی شــاری
هــێمــای بــۆ کــۆ ژیــاری
دڵــــم هـــەردەم لــە لاتە
لای مـــنــــارەو قـــەڵاتە
بـــوونــت وەکـــو چــرایــە
هــەمــیــشە لە دڵــمــایــە
تــۆ جــوانتــریــنی شــاری
هـــێمـــای بـــۆ کــۆ ژیــاری
دڵــــم هـــەردەم لــە لاتە
لای مـــنــــارە و قـــەڵاتە.

هەولێر ـ ٢٠ ـ ٣ ـ ٢٠٢٠
کۆڕیار: پێکەوە ژیان.
کات: ٧ ـ ٥ شەو.

# کەڵەشێر

کەڵەشێرم قوو قوو قووك
ئازاو بە جەرگ و چاپووك
دەنگ خـۆش و میهرەبـانم
بـانـگبێـژێکی لـێزانم
هـەموو بەیانـیان زوو زوو
ڕادەپەڕم قــوو قــوو قــوو
دانــە وێــڵە خـواردنمــە
هێزم هـۆی سەرکەوتنمـە
دۆســتانم بە دەنگــی مـن
هـەڵدەســتـن هێمن هێمن.

ڕادەپەڕم: هەڵدەستم بە خێرایی.
لەشانۆیی (کەروێشك ڕاوی ڕێوی دەکات) کراوە بە گۆرانی.

## نووسین... مێژوو

١

هەزاران نەفرەت بۆ لە جەنگ
نـــەفرەت لە تـــەقـــەو تـــفەنگ
نەفـــرەتی خـــوا بۆ لـــــەوانـــە
کــــورد فـــرۆشــــن لـــەم ژیـــانـــە

٢

نەفـــرەت لە گـــوللەو زۆر داران
نەفـــرەتی دایـــکی شـــەهـــیـــدان
لە کورد کوژی و خاك فرۆش بێت
هـــەرچـــی دژی کـــوردە بـــابـــێـــت

٣

نەفـرەت لە پــارە پەرستـــان
خاك دەفرۆشـن هەرزان تـالاَن
بـا نــەفـرەتی کـوردە مـەردە
لە وانــەبیّ دەیـکـەن جــەردە

٤

نەفرەت لەدرۆ و قســەتـان
لە بــەڵێـنی بیّ کـردارتـان
ئـــازایەتی میـللەت مەکەن
بــەدرووشم و هێزی خۆتـان.

بۆ: مێرمندالاَن
هەولێرـ٢٠١١
کوردە :میللەتی کوردە.
جەردە: دزی، ڕووتـاندنەوەی ماڵ و پارە.
نەفرەت: نەعلەت، توڕەیی خوا.

# گەشت

تـا  پێم بکرێت گەشت دەکەم
ڕوو لەدەشـــت و دەر دەکــەم

چــونك گــوتــوویــانە وایــە
گــەشـت ئەزموونی دنیایــە

هــەرکـــەســێ زۆر بـبـیــنـێ
بـــیــری ڕوونـــتر دەنــوێــنــێ.

# چیاکانی قەوقاز

چـیاو دۆڵ و دەشـت و دەر
جـــوانی لـە ڕادەبـــەدەر
دار و کـانـیـاو، دەشـــتی
سروشتی جوانە پێـدەشتی
چـەنـدە تێی ڕابـمـێـنی
لە جـوانی سـوڕ دەمێـنی
بۆیە جـوان نایـەتە باس
بـەخـامەی منی بـێـنـاز.

سەرچیاکانی قەوقاز نێوان سنوری وڵاتی ئازربیجان و ڕوسیا ـ ٢٣ـ ٦ـ ٢٠١٩
ڕامان: سەیرکردن.
ڕابمێنی: سەیربکەی.
سوڕ: سوڕان، سەر سوڕمان. مەبەست لە دیمەنێکی زۆر جوان و ناوازەیە.

# ئیجە و مەرگ و منداڵ

١

بەچ زمانێك من بێمـەگۆ
بۆ سەركردەیەكی ڕاستگۆ

كوا بەڵێن و خە مخـۆریتان
دەك داوەشێن هەرهەمووتـان

سەیركەن لەم شـین و ژانە
جەرگی كوردان پـڕلە ژانە

بۆ نابـینن تێ نـاكۆشـن
بۆ ئایـندە ڕەنج بـنۆشـن

تـاكەی خەم خۆری گیرفانن
لە گەندەڵی بێ هاوشـانن...

## ٢

بەچ زمانێك من بێمە گۆ
بۆ سەرکردەیەکی ڕاستگۆ

نەوەی دوا ڕۆژی کوردستـان
گـۆڕی نەهەنگ و ماسیـیە بێ نـاونیشـان

دەبەسی کـەن درۆ و تـانە
کـورد بوون بۆ ئێمە زیندانە؟

دەك داوەشێن هەر هەمووتـان
بـۆ بـەڵـێـن و درۆی زلتان...

٣

گرییەو فرمێسکی منداڵان
ژانی جەرگی دایکی کوردان

تەنها ئێوەن سیاسییەکان
هــۆکاری زینــدانی کوردان

لەگەنــدەڵی بێ هاوشانن
تـاکەی خە مخۆری گیرفانن
یـاخوا ڕوو ڕەشی میللەت بن
جەرگ سوتـاو، دەربەدەربن.

داوەشێن: جنێوێکە، دوژێنێکە مەبەستی بنەڕەتییەکەی هەڵوەشاندنەوەو لەباربردنە، زۆرێك لەناوچەکانی کوردستان بەکاری دەهێنن.

گۆڕ: قەبر، مەنزڵگا، ئارامگا. ماڵی کۆتایی ئێمەی مرۆڤە کە دەمرین.

ت/ لەکاتی بەکۆمەڵ ڕۆیشتنەکەی کوردستانیان لە ساڵی ٢٠١٤ نووسراوە کە لەدەستی ناداد پەروەری و باریگرانی ژیان دەڕۆیشتن بۆ هەندەران.

زۆر بەداخەوە هەزاران منداڵ و خێزان خنکان.

ئیجە: دەریای ئیجە لەنێوان ترکیا و یۆنانە.

## شەبەنگ

قەوس و قــەزەح حەوت ڕەنــگــە
یــەکچــار جــوان و قــەشــەنگـــە

یـــان پــێــی دەڵێــن ڕەنــگــاڵــە
حــەوت ڕەنــگــی گــەلــێ کــاڵــە

هــەرکــاتــێ لـــە دوای بــــاران
کــردیــیــە هــەتــاوێکــی جــوان

ڕەنــگـــاڵــە ســـەر دەر دێــنـــێ
پــەمبەو ســوور لەیەك شــوێنــێ

لـەگــەڵ ســەوزو مــۆرێ بــاو
سـپـی و زەردێــکـی هــەتــاو

هــەروا شــیـنـی ئـاسـمـانــی
لــەئـاسـمـان زۆر بـەجـوانــی

هــەر وەك پـشـتـێنێـکـی جـوان
دێــنــە پـێـش چـاوی هـەمـووان

بـەمــەش دەڵـێــن ڕەنـگـاڵــە
چـونکـە چـەنـد ڕەنـگـێ ئـاڵـە.

شەبەنگ: قەوس و قەزەح، ڕەنگاڵە.
قەوس: کەوانە.

# پاك و خاوێنی و تەندروستی

تـا تووش نەبن نەخۆشی
هەر دووربن لە نـاخۆشی

هەمووڕۆژێ چەندینجار
بیـــشۆن دەست ودەم وزار

پاك وخاوێن و ژیــر بـن
هەمیــشە تەندروست بن

هیوامــە هەر هەمووتـان
خۆش بژین لە ژیانــتان.

هەولێرـ ٢٠٢٠

# کچی شیرینم

ڕووت مـەشارەوە کچـی شـیریـنم
بـا وەك منـارە و قـەڵا بتبـیـنم

چـاوانـت تـیـرە دژی دووژمـــنان
دەهەڵیان بڕە ئەی فریشتەی جوان

تۆ خـۆ فریـشـتەی دژی سـیاسـی
یاخوا ڕوو ڕەشبن هەر بەکەسـاسی

خەمی تۆ خـەمی هـەر هەمووِمانە
هەر ڕوو ڕەش دەبن ئەو ڕووڕەشانە.

دیارییە بەو کچە ژیکەڵە ٦ ساڵانەی کە دەست درێژی کرایە سەری لەلایەن
چەند دڕندە ئاسایەکی حیزبییەوە.

# ژیانی ئێمە

هـەرچی نـاخۆشـی دنیایـە
لــەم ولاّتــــەدا والاّیــە

یاخوا بیرو هۆشمان ژیرکەی
لەهـۆشدا بێبەشمان نەکەی

تـا زوو فریای خۆمان کەوین
نەك کە هەڵسین تێ بکەوین.

بۆ: مێردمندالاّن
سلێمانی ـ٢٠٠٧
والاّ: کراوە، مەبەست لە هەبوونە.
فریا: بەدەنگەوە هاتن، چارەسەر.

# لەیادی لەدایك بوونێك

بیکـەنە چـەژنانە و دڵـخۆشی
هەمووساڵێکتان هەروابەخۆشی

ئـــەمـانە یـــادگـاری جـوانن
کـە گـەورە بوون پێـی دەزانن

تــاکـــە خـەمی مـن لە دنـیا
ئـێـوەی ژێـرە نـەوەك بـریـا

هـیـــوامـە بـریـا نـەخـوازن
بۆ هـەمـیشـە وا دڵـخـۆشـبن.

هەولێر ـ ٢٠٠٨
بریا : خۆزگەخواستن.

## بەفربارین و هەژاری

زۆرێك لەسـەرمای زستان
دەگرین بەکوڵ لەسـەرمان
گریانی سـەرما جـیـایـە
هــەژاری لــەبـن نـایـە

***

دنـیا بــەفرە و سـەرمایـە
نــەخــۆشـی زۆری تـیایە
جـگـە لە خـۆشی و شــادی
زۆر دەگــریـن بــە ئــازادی...

***

زۆرێک لە ئێمە وایە
بۆ خۆشی لە بەفرایە
هەزاریش هەڵدەلەرزێ
هیچ کەسێک لێی نا پرسێ

***

دنیا سپی پۆشیووە
بەفرێکی زۆر بارییووە
بادڵیش سپی پۆشکەین
هاوکاری یەکتر بکەین

***

نەك زۆرێـك لــەیـاری بن
هـەندێك ســەرما بـردە بن
ئــەمــە كـوا یـەكسـانیـیە
خــۆ ژیــان ئـاوا نــیـیـە...

***

هـــەژار گـشـتی تـرسـاوە
خـۆی لەژێــر جێـگـا نـاوە
كـەس نــییە لێـی بـپرسێ
بـۆیـە هـــەروا دەلــەرزێ.

هەولێر ٢-٢- ٢٠٠٧

## هونەرەجوانەكان

بەنواندن و شانۆ
بەمۆسیقا وپیانۆ
نیشان دەدەین بوونمان
سەروەری و پێشكەوتنمان
پەیكەرتاش و شێوەكار
هونەرمەند و وەرزشكار
ناسنامەی ئەم وڵاتەن
شانازی ئەم خەباتەن
خەباتی ئەوان جیایە
شانازی لەبن نایە
بۆیە هەردەم لە دڵدان
نامرن...لەخەباتدان.

هەولێر كۆلێژی هونەرەجوانەكان ـ ٢٠٢٠

# پـــــایـیز

پـــایـیز گـەڵاڕێـزانـە
بووکی چـوار وەرزەکانـە
گـــەڵا و گـــوڵـی ڕازاوە
جـوانی بەسـروشـت داوە
دیمـەنی قەشەنگ وجوان
دڵـڕفـێـنە بۆ هـاوشـان
گەڵای پـەلکـە زێـڕینـە
لـــەم وەرزەدا بـاریـــنـــە
پـایـیزە گـــەڵا ڕێـزانـە
هـاوسـێی وەرزی زستـانـە.

هەولێر- ۲۰۱۹

# تف لە ڕووتـان

بۆهەمووتـان...کاربەدەستان
مێژووی درۆ... تف لەڕووتـان
چـۆن ڕووتـان دێ لای زارۆکان
بڵێن هەرئێمەین خە مخۆرتـان
سـەیرکەن لـەم ژیـان و بارە
هـەژار نــەدار هـەر بێ کارە
ژیانی هـەمـووان دەردو ژانــە
ڕێـگـای ڕاسـتی بـیــابانــە
هـەرچی بڵـێم ناچـێتە گوێ
تف لەڕووتـان و سـەر و گـوێ
چۆن ڕووتـان دێ لای زارۆکــان
بڵێن هەرئێمەین خە مخۆرتـان.

بۆ:مێردمنداڵان
هەولێر- ٢٠٠٩
زارۆك: منداڵ.

مندالێك لەڕۆژی جاڕدان و چەسپاندنی مافەکانی مندالان وادەلێ:

هەستن هەموو تێبکۆشن

لەمافماندا ڕەنج بنۆشن

تا مافی ئێمەی مندالان

هەرناو نەبێ لەبۆ ژیان

لەڕۆژی ئێمەی مندالان

چالاکی مەکەن بۆناوتان

هەولدەن ئێمە ڕزگارکەن

لەکاریگران بەدوورمانکەن.

## گڵپەی ناخ

*بەچ زمـــانێك مـن بێمـەگۆ
هۆ شەللاتی و کاکی ڕاستگۆ*
هیچ مـرۆڤـێك لەم دنیایـە
پێـناسی وای لەنـاخ دایـە؟
نازانم چۆن بێـتە خـامان
ناخی گـڕگرتووی منـداڵان
خودا هەرخۆت تیمارمان كە
لەژیـن تـاڵـی ڕزگـارمان كە
نـاخـی من و نـاخی هەمووان
نـاخـی گشت منداڵی جیهـان
وا گڕدەگرێ و ژینمـان تـاڵە
ژیانی گـشـتمان ناڵە ناڵە....

*دێری یەکەم لەهۆنراوەی: هاوارێك بۆ منداڵان
لەكتێبی ( منداڵێك لەباوەشی دایكیدا ونبوو )
بڵاو كراوەتەوەلە ساڵی ٢٠١٦.

# زەنگی قوتابخانە

وازەنگە زەنگی قوتابخانەیە

زەنگی زانست و پڕ لەوانەیە

ئەم زەنگە زەنگی فێرکاری ژیانە

زەنگی زانست و ڕەوشتی جوانە

بۆیە هەمووما‌ن یەك ڕەنگ دەپۆشین

لە پێناو زانست گشت تێدەکۆشین

تا کوردستانمان خاکی دلێران

هەرگەشاوەبێت لەنێو گشت جیهان.

# باوەرز

هاویــن بەتیــنە گــەرما

زستان قەسرین لەسەرما

ئەگەر خۆ دانە پـــۆشــین

بێگومــان بە نەخــۆشــین

بۆ گەرماوسەرمای زستــان

پێویستە لەسەر هەمووان

خــۆپارێزبین، دا پۆشبین

تــاکو قەت نەخۆش نەبین.

چەمچەماڵ ـ ٢٠١٨
قەت: هەرگیز، هەمیشە.

## لەباکۆوە بۆمنداڵانی وڵاتم

گەشت و گەڕانی جـوانم
وەرگـێڕمە سـەر زمـانم
بـەخـامـەی مـنداڵـانم
بێمـەگـۆ بـۆ دۆسـتـانم...
منـــداڵـانی ئـــەم شـاره
بـێکـێـشـەن وا دیـــاره
وڵاتـــیـان ئـــاوەدانـــە
بـــۆ ئـایـنـدە ژیـانـــە
لـــەخـــەمـی منـداڵـانـن
ڕاهـــێـــنـەری لـــێزانـن
دەڵـێـن ئـــێمە بۆمنـداڵ
دەچـێژیـن ژانێـکی تـــاڵ
بـا ئـەوان لە ئـــایـنـده
هەربڵـێن ئـــاڵا بـڵـنـدە....

وڵاتی ئازربیجان ـ باکۆ ـ ٢٣ـ ٦ـ ٢٠١٩

## دارستانی بەختیاری

منــدالاّن و هـــــاوڕێــــیـــان
گوێ ڕادێرن هــەمـــووتـــان

کەڵەشـــێر دەقووقـــێنێ
ئاسۆی ڕوو نمــــان بۆ دێنێ

مریشکی جــوان خان و مان
هــاوار دەكـــات هاوڕێـیان

ڕێـــوی ئـــــازارم دەدات
ژیـــانم لــێ تــاڵ دەكـات

سـەگیش زۆر بەوەفـایە
زۆر بـەئـاگـاو وریـایە

پـاسـەوانـێـکی چـاکە
ئـازاو ژیـرو چـالاکە

ورچ دانـاو زانـایـە
زانـیـاری چـاکی لایـە

ئـامۆژگـاریمان دەکـات
ئـاگـاداربین هـەمـوو کـات.

ت ـ ئەم هۆنراوە لەساڵی ٢٠١٢ـ ٢٠١٣
لەلایەن دەرهێنەری بەڕێز: ئارپاك ئارتەوە وەك تێزی دەرچوونی کرایە
گۆرانی بۆدەقی شانۆیی دارستانی بەختیاری.
لە١٨ـ٦ـ ٢٠١٩ لەلایەن دەرهێنەر: دانا بۆتانی لەڤیستیڤاڵی دهۆك هەمان دەق و هەمان هـۆنراوە
دووبارە نمایش کرایەوە.

# وێـنـەکـێـش

وێنــەکـێـشـی جوانم
شارەزای ڕەنگـــەکانم
دەکێـشم وێنەی جــوان
وێنەی شاخ و دارستان
گوڵ و گۆزە دەنەخشــم
ڕەنگی جوان دەبەخشم
هــاوکــارم مــامۆستایە
بــۆمــن وەکـــو چــرایە
فــێرم دەکات بنــووسم
بەڕەنگ و بە پــێنووسم.

هەولێر کۆلێژی هونەرجوانەکان ـ٢٠١٧
دەنەخشم: دەنەخشێنم، دەکێشم.

## ناوم چییە؟

ڕاوکـەرێـکی زۆر دانـام

چوست و چالاك و زانـام

چـاوتــیـژ و خـێرا فرِم

زۆرجاریش بەرز دەفـرِم

بـەدەنـووك و نیـنۆکم

نێـچـیرگـری چا پووکم

لـەزەوی و لە ئـاسمانـم

باڵنـدەیـەکـی جـوانـم.

ولاٚتی ئیران ـ دیواندەرە ـ ٢٠١٧

# فــڕۆكە

زانســـت هـــۆكاری ژیانە
ســـوودی گەلێك بـــۆمانە

بـــەزانســـت و زانیـــاری
دەگەین بەژین، بەختیاری

یـــەك لـــەوانە فـرۆكـــە
دەفـــــڕێ وەكـــو تنـــۆكـــە

تنـــۆكـــەش نـــەرم و نیانـــە
فـــرۆكـــەش بێ هاوشـــانـــە

خـــوا داویـــەتی زانـــیاری
مـــرۆڤـــە كـــردگـــــاری

بـــۆ ژیـن کـــار ئاسانیـــیە
دووربـــڕی وێـــنـەی نیـــیە

دەفـرێ جـوان بەئاسمانـــا
دوور بـڕە بێ هـــاوشـــانـە

ســـەیرەکـــەی لـــەوەدایـە
قـــورسە، لـەئـــاســـــندایە

کـەچـــی وەکـــو تنـــۆکـــە
دەفـرێ وێنـەی پووشـکۆکە

وەك ئـــەم دووانە وەهـــایە
نرخـی زۆر بـــەبـەهـــایـە.

ئاسمانی: تهران ـ ڕوسیا

# سـمـــۆره

ســـمۆرەم ئێسك ســوكم
قــرتــێــنەری چا پــوكم
ڕەنگم زەردباوەی جوانە
تــوكـم نــەرم و نیــانە
بەخێو دەكـرێم لەماڵان
بـــۆ دڵخــۆشی منــداڵان
لــەڕاســتــیدا ئــاوایە
دڵخۆشــنیم...لە ڕوودایە
مــن گیــانداری ســەردارم
گــوێزخۆرم كەمێك هارم.

هەولێر- سەیرانگای مەلەكان - ٢٠١٩

## وڵاتێك دەگرییێت...کەرەکان سەمادەکەن

*بە چ جۆرێـك من بێـمەگۆ
هۆ شەللاتی و کاکی ڕاستگۆ*

چۆن زەنگ و کەڕەنا لێدەم
بەگـشـت دنیا لێجاڕی دەم

کەی دەتوانم بەرباسی کەم
بۆ گـشت دنیا پێناسی کەم

چۆن دەنگم بگـــاتە شــاران
بگات بەگـوێچکەی نەیاران

بەچ ڕێگـــا گـشت سەرۆکێ
تێ دەگــات گرییەی زارۆکێ

کەی دەبینم کــاربەدەســتان
لەسەرچۆکبن دەستبەدەستان

هــــەموو وەزیر و بـاڵــوێزان
خزمــەت کاربن گەڵارێــزان

هەروەك گــەلای پایزی جوان
بێنە خــوارێ بۆ خزمەتــتان

هــەرنابــینم ئـــەم ئـاواتە
دەك ڕووڕەشبن کــوا خــەباتە

مـــنـــدالأنی ژیـــن و ژیانم
خــزمــەتــکــارم تا دەتوانم

خـۆ دەزانـــم مـــافی خۆتـان
جێ کــارنابێ لە کوردستـــان

بتـان کوژن بتـان بڕن بتـان دزن
هەر ئـــەوانە یـــەکەم دزن...

بەنــاوی جـــوانی ژیـــانتان
دەخۆن لێرە ناو، نیـشـــانتان

هیچ ڕێکخراو، خە مخۆرێکتـان
نـــایەتە دەنگ لەکوشـــتنتان.

بۆمێردمندالأن
*دێری یەکەم لەهۆنراوەی: هاوارێك بۆ مندالأن
لەکتێبی (منداڵێك لەباوەشی دایکیدا ونبوو)
بلأو کراوەتەوەلە سالی ٢٠١٦.
لێجاڕ: جاڕی لێدەم، بانگەوازبکەم.
وەزیر: شالور.
بالوێز: نوێنەری ولأتان.
جێکار: جێ بەجێ کار.

# پەیام هێنەر

دەفڕم لەم سەر بۆ ئەو سەر

لە ئــــاسمــان و دەشت و دەر

لەزۆرشـــوێنــدا و لەمــالاّن

بەخـــێـو دەكـرێم و جـوان

هـــێـمای ئاشـتی و ئازادیم

پــەیام هـێـنــەری ڕاسـتیم.

هەولێر- مەسیف ـ ٢٠١٦

ت/ ئەم هۆنراوەیە لەخوارەوە بۆ سەرەوەش بخوێندرێتەوە هەمان واتای هەیە.

# چۆلەکەو بەفرو باران

جیو جیو جیو چـۆلەکە
ڕاکـەو بفــڕە خێراکە
سـەیـرکـە وا بــارانە
هەوری بۆر لەئاسمانە
خـۆ پــارێزبە لەژیــان
گورج و گۆڵ و چالاکوان
بـفـڕە هـەر بەئازادی
بە دڵخـۆشی و بەشادی
بەفرو ڕەهێـڵەو باران
سەرماهێنن بۆلەشمان
بۆیـە بــاش ئاگاداربە
وریابەو زۆر چـالاك بە.

# دوێرد

چك چك پرچەكان دەبڕم
خش خش پەڕۆ هەڵدەبڕم
دوو ئاسنی لێك دراوم
بەڵام جوان تیژ كراوم
بۆ هەمووتان بەكەڵكم
كەرەستەیەكی چاكم
هاوڕێی سەرتاشی باشم
بۆ بەرگ دوور زۆر خاسم
خۆم ناوی خۆم دەهێنم
مقەستی دەست بزوێنم.

هەولێر- دارەتوو- ٢٠١٨
مقەست: دوێرد، پاچێنە، بڕەڕ، هەڵقاچ...ئەم ناوانە وچەندین ناوی تری هەیە وهەریەكە لەناوچە جیاجیاكان بەكاردێت.
كەرەستە: پێداویستی.
خاسم: باشم.
باشم: بەكەڵكم.

# ژەهەری سپیم پێ مەڕێژن

گـەر درۆ نەبێ لەشـــاری شـــاران
هـــەولێر خۆشترە لەهەموو تـاران

گەر درۆ نەبێ لای سـیاسـیەکـان
شــارم دەبێتە زانسـتگای جـیهان

بۆیەخەمی من نـاخـم هـەردەخـوا
هیـــچ کارێك نـاکەن پەنا بەخودا

منـــداڵ و ژیـا نمان ڕوو لەکـزیـیە
ڕووی زۆربەی تـاکمان ڕوولەگزییە

بۆیە هەموو دەم من هــاواردەکـەم
بەیـانی ڕاستی و گوڵ بەرپـادەکـەم

هەموو هەوڵدەن ئەم ژینە چێکـەن
بەدرۆ و بەڵێن سەرشـێتمان مەکەن

دەنا بەخـــودا یەك کەس نـامێنێ
هـەموو هەر دەڕوا ئەمڕۆ، سـبەینێ

مـن تکادەکەم تکای ئـــاشـتیانە
زوو دەســـت هەڵگـرن لەم درۆیانە

یەکجارخۆشی کەن ئەم کوردستانە
گـەنج و منــداڵمان ڕوو لەنەمـانە

ئـەگـەر نـابـەخـوا ڕۆژێ وا دادێ
لیـباسی بـەرتان بۆ خۆ چێ نابێ.

بۆمێردمنداڵان
وڵاتی ئێران ئورمیە ـ ٢٤ـ٨ـ ٢٠١٨
گزی: قۆپییە، فێڵ لێکردن لەیەکتر.
چێ کەن: دروست کەن، چاکی بکەن.
لیباس: دەرپێ کورت.

# کاری گەلاَ

١

من گـــەلاَم و گـــەلاَکـــان
ئۆکسجین بەخشین بۆتـان
گـــەلاَی هــەموو وەرزەکان
جوانی دەبەخشــن لەژیان

٢

من گــەلاَی خــنــجیلانم
پـــــرچــی داری جــوانــم
بەهــەموو هــاوڕێکــانم
جــوانبەخشی دارەکــانم

٣

مــنم گــەلاَی بەســوودم
بۆ هەمووتـان بەکەڵکم
ئۆکسجین بەخشم بۆتـان
بێ لەجــوانــی دارەکــان.

پرچ: قژ، تووکی سەر، پۆر.

# من سەرکردەم

مندالْم، هـیـّزم، توانـام

بـــۆ ئـــاینده له ژیانـام

تابـیر هێز و چـالاکـبـم

بەهیـّــزو زۆر چـا پوکبـم

گـــویْ ڕادیـّـری زانــستم

قــوتابییەکی چـــوســتم

چونك، دواڕۆژ ســەرکردەم

خــزمەتکـاری ئـایـــندەم.

## ئـــەوە چییە؟

لە پـۆلیـنی گـژو گیـام
لەدەغل و دەشت و دەردام

تەنـها لـەوەرزی بـــەهار
گـــەشـە دەکەم بێ شومار

خـــۆراکـــێکی لاوەکـیم
بەتـــامـم و بێ سـوودنیم

دەخـورێم هــەروا بەخاوی
لێشـم دەنێـن بـەکوڵاوی

وەك پـەتـاتە بەسـوودم
بەلام کـەمـێـك بچـووکم.

## وەرزش

وەرزشـــیم وەرزشوانــم

بــۆ دروســـتــی ژیــانــم

لەهەوڵ و چــالاکــیدام

بەئـــاگام و زۆر وریـــام

جگــە لەحەز و خــولیام

کۆشش دەکەم بەتوانام

تــاســەرکەوم، نەکــەوم

پــاڵەوانبم، نەســرەوم.

# کـەڵـەشـێـر

کــەڵـەشـێـرێـکی دانـام
خـاوەنی هــێـز و تـوانـام

دەقــوقـێـنم هـەندێك کات
بەمەبەست بۆ هەندێك سات

لــە ژیـنـدا وەك کـارسـێرم
بــەهــێـز و بــیری ژیــرم

شـــوانکارەی مـریشـکەکانم
پـــارێـــزەری ئـــەوانـــم.

هەولێر دارەتووـ ٢٠١٧
کارسێر:کەسێك چاودێر بێت بۆکارێکی باشە.

# نـــاڵــە

نووسەری منداڵان وخە مخۆران
ئێــوە لە کوێن کوانێ دەنگتان

تــکــایە هەمــوو بــا یەکگرین
ڕێ لــەگرییەی ئەوان بگــرین

هــــەرچی مافــناسی منــداڵانە
بــۆ مــنـــداڵان ســـەرگــەردانە

هەر ڕێکخراو، دەزگـــای جوانە
کـــاربەدەســـت و زۆر لــێــزانە

گەر بێ دەنــگ بێ ئەلەم بــارە
مـــرۆڤ نیـــیە و نـــا لەبــارە

باکەسێکی ئـــاسایی خۆکردەبێ
مامۆستایەك،داهێنەرێك... هەرچییەك بێ

گەر بێ دەنگ بێ و هاوار نەكات
مرۆڤ نیـــیە هەرچیـیەك كات

بـۆیـە تـكای من هــــەروایە
بێ دەنگ مەبن ژیان كـوا وایە

بۆ منـدالآن و گرییەی دایـكان
دەنگ هەڵبڕن... بەس مەترسن

هـــاووار و نـالـەی منـــدالآن
لـەجەرگـــمە هـۆ هـەی جیهان

تکـــام وايـــــه فـــريـــا كـــــەون
نـــــەوەكا نمـــان تـــىَ دەكــــــــەون

وا قـــڕكردنی جــــەرگی منداڵە
مـــاف و مافــنـاسيـــــشتان تاڵە

تكــــايه بــــەس قـــســــــه مــــەبن
هـــــــاوكارێك بن بــــــەس بترسن

نووسەری منداڵـان وخه مخۆران
ئێـــوه له كـــوێن كوانىَ دەنگتان

تـــكايه هــــەمـــوو با يەكگـــرين
ڕىَ لەگـــرييەی ئەوان بگــــــرين

هـــاوار و دەنـــگـی ئـەوانـــە
ناگـات بەگوێـچـکەی جیـهـانـا
ئێـوە مـــەنوون لەگـــەڵم بن
هـــۆکاری خـەندەو خۆشی بن
جـەرگی دایك و باکی بـــێـنـاز
زۆر کەوتووە ئـەمـرۆ پیێخـواس
تکـایە بـادەسـت و بردکـەین
نەوەی دوا ڕۆژمـــان ڕزگارکەین.

بۆ:مێردمنداڵان.
بەس بترسن: بەسە مەترسن.
گرییە: گریان.
ئەلەم بارە: لەم کاتەدا.
نالەبار: ناتەواوە، ناڕێکە... ـ مەبەست نامرۆڤە.
قڕکردن: لەناوبردن.
مەنون: مەخەون.
پێخواس: پێپەتی، بێ پێڵاو.
لەکاتی هێرشە چەپەڵەکانی داعش نووسراوە بۆ گریانی منداڵانی بێنازی کوردستان.
ت: ئەم هۆنراوەیە دەسەڵاتی هەندێك دیارە جێ لەق دەکات و بەشێکی تری هۆنراوەکانم کەهۆکاری هەڕەشەکانی ئەم دواییە بوون زۆرینەیان لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها کتێبی (منداڵێك لەباوەشی دایکیدا ونبوو) کۆمەڵێك هۆنراوەی شێوە ئاسای تێدایە هەر بۆیە زۆرانێك دژایەتییان دەکرد.

# کــــەو

کــەوم بە قاســـپە قاسپم
زۆر جـــوان و زۆر چــالاکم
بە دەنــووکــە ســوورەکــەم
دان دەخــۆم، چــیــنە دەکەم
جێگــاکــەم شــاخ و دەشــتە
لەهــەردبێ یان لەودەشــتە
هــێلانــەکــەم چێ دەکــەم
هێــلکەی جوانی تێ دەکــەم
لــەســـــەری کــڕ دەکـــەوم
بــەڵام دوور نــێــرە کــەوم
تا هــێلکەکەم نەشــکــێنێ
بێچووەی جوان سەردەربێنێ.

# پەڕەسێلکە

بـــاڵـــندەیەکـی وریـــام
لەژێـــنـــدا ژێـــر و دانـــام

ڕەش و ســـوور و جـــوانم
لەبـــەهـــاردا مـــیـــوانـــم

سپی زەردبـــاو ڕەنگی جوان
لـــە پـــەڕم دان مـــنـــداڵان

هـــەروەهـــا ئـــەندازیـــارم
هێـــمن و زۆر هـــاوشـــارم

هـــەر بـــەقوڕ و چـــیلکەدار
دەیکەم جوان کۆشك تەلار.

# نـــێـــرگـــز

نـێـرگزم گـوڵی بـەهار
دەڕوێم لەچـیا و کـۆسار

بـۆنم خـۆشـە و جوانم
لـە بـەهـاردا مـیـوانم

دووجـۆری ڕەنـگ ڕازاوەم
لەبـۆن و گـوڵ گـەشاوەم

هەندێك جۆرم یەك پەلکە
نـاوەکـەم زەردی تـەنـکە

جـۆری دووەم جـــۆرەکـان
دووپەلکـەم نارنجی جوان.

# ئـــاســـــۆ

تۆ سەرکردەی شـــۆرشی
هەروەك چیا سەرکەشی

یاخــوا هــەردەم بمێنی
هێــمای دوژمن بــەزێنی

کــوڕە مــەردی کەرکــووکە
هێمــای هێــزو چا پووکە

لەمــەرگی خــۆی دەبووری
ســـەری پــێ دانــــانری

ئاڵای داگیرکەرانت
نایە بن پێ لەژیانت

لەبەر چاوی ئەوانە
کەبەس قسەن... لەم ژیانە

یاخوا قوربانی ڕێتبم
نەعلە شڕەی بن پێتم

ساقەی دڵ و گیانتبم
فیدای ئازایەتیتبم.

دەبورێ: دەبەخشێ.

دوژمن: نەیار، ناحەز.

ساقە: قوربان.

بۆ: محمد ئەو پاڵەوانەی بووە سیمبولی ڕا پەڕین و ئازایەتی لەشاری کەرکوك کەچی دووبارە ململانێ و فێڵی سیاسی تروسکەی ڕا پەڕینەکەی کپ کردەوە... ئەو کوڕە مێردمنداڵەش بەئاوارەیی کەرکوکی جێهێشت، لەسەردانەکەیدا پێی گوتم: ئێستا لە هەولێر بەتەنها دەژیم... گوتم: هەرکەس لەهەولێربێت ئاوارە نییە پێکەنی و گوتی ڕاستە...

ت ـ ئەمە دیارییە بەو هەڵوێستەی، لەسەروبەندی ڕووداوەکانی ١٦ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ئە نجامیدا .

## قسەی کەرێك بۆ سیاسییەکان و ئایندەی منداڵان

چـی نـالـەبـارو نـابووتـە
لەئێـستـادا خـاوەن قـوتـە
بـــەهـێزودەســـەڵاتی گـەل
گـەیـشتووەتە سەر و سەرکەل
بۆ نـاوبـانگ و مــێژووی درۆ
میللەت فرۆشـی و شەڕە پەڕۆ
هــەمیشە ئـامادەو جـێ یە
خــەمی میللەتی کـوا پێ یە؟
چی پێخۆش بێت ئەوە دەکـات
خەمی ماف و میللەت نـاخوات
ئەم میللەتەش هەرتێ ناگات
هەر دەفرۆشرێ و قەت پێناگات....

هەولێر ـ ١٦ـ١٠ـ ٢٠١٧
نابووت: کەسێك بەهای نەبێت.
قوت: پارە.
سەرکەل: مەبەست لە دەسەلاتە.
قەت: هەرگیز، بۆ هەمیشە.

## پەیامی خەم...

هـەمـوو هـۆشـیاربن
گشت دەسـت بەکاربن

لە خـەمی مـنـداڵانی
کـوردســتـانـدا بن

ئــەم مــنــداڵانــە
نــــــەوەی دوا رۆژن

هـیوای کـــوردستـــان
گشـت گـەل و هـۆزن

نـەکـەن بۆ خـــۆتان
لـــەبیـــرو هـۆشـــبن

هیــچ کارێك نــەکەن
وەکــو ســـەرخــۆشــبن

هـــەوڵ دەن هــەمــوو
هــێـــزو تــوانــاتـــان

بـــۆ نـەوەی دوا ڕۆژ
بـیـکـەنـە کــارتـان

منـــــدالآنــــی کــــورد
ســـەر لـێـــشێـوان

نــەگـــەورەو تەمــام
نـــە منــــداڵ مـــاون

بـــە دەســـتی درۆو
هـێـزی ســـیاســـی

گـــەورەیـــان مەکـــەن
هەر بە پیٚ خـــواســـی
بـــا وەکـــو خـــۆیـــان
گـــەورەو ژیـــر دەرچن
نـــەك ئـــالەتیٚك بن
کـــە لەخەو هەســـتن
هـــەمـــوو بـــەر پرسین
لـــەم بـــــار و ژارە...
کـــە بـــۆ مـــنــــدالاْن
زۆر نــــا لـــــە بـــارە....

٢٠١٧/١٠/٨
تەمام-تەواو.
پیٚ خواس: پیٚپەتی، بیٚ ئاگا لەدنیا وماف و پیٚشکەوتن.
ئالەت: ئامیٚر.
ژار: ژاوە ژاو، بیٚ کەڵ.
نالەبار: نەگونجاو.

# بـــــرِيـــــــار

کــوردە بەسییەتـی دەی لەخەورِابە
کات کاتـی خــۆتـە خــێراچالاك بە
بەسییەتـی ستەم بـالەخەو هەستین
دژی زۆر داری هــەموو بــووەســــتین
بەدەنــگی هەموو وڵات بنیاد نێین
خەونی دوژمنـان بـا لە گــۆڕبنێــین
بەدەنگی شــەهید، بەنـاڵەی دایکان
بەدەنگی زارۆ و گەنج و پیــرو جوان
هەمــوومان وێکرِا بۆ کــوردســتانە
دەنگی بــەڵــێ مــان لەســەر دڵانە
یـاخوائەم دەنگە دەنگی ئـاشــتی بێ
دوا دەنگی نـاڵــەو گــریەو رِۆ رِۆ بێ

هــەزاران شــەهید، سەدان نـاخۆشی
بــۆ ئــازادی تۆ هــەمووەمــان نۆشــی
ئاوارەو ڕەنــجــبــەر بە هەردانــەوە
وێــــڵ و دەر بــە دەر بــە شــارانەوە
کوردە هـــەلێـکە لــەدەستی نەدەی
نــاخــۆشی و تـاڵـیت بەفیڕۆ نەدەی
بەدەنگی بەڵێ دوژمنـان کـاس کــەن
هەلی فریشتە چۆن لەدەست دەدەن؟
ئەم دەنــگە دەنــگی ڕاســتی کوردانە
بۆ نەوەی نــەوە ســـوودی بـــۆمــانە
هەســتن تێکۆشن بە جۆش و خــرۆش
وڵـات بــنیـادنیــن بۆ ئایندەی خۆش....

ڕابە: هەستە، بەخەبەر وەرەوە، بەهۆش وەرەوە،
ستەم: غەدر، تاوان، مافخواردن.
بنیادنێین: دروستکەین.
زارۆ: منداڵ.
وێکرا: بەیەکەوە.
هەرد: شاخ، چیا.

## کوردستانەکەم

بەهاژەی رووبارو چەمی جوان
چەندە جوانی تۆ کوردســـــتان

قەڵبەزەو شــاخ و پێ دەشــتت
لەجـــوانی دا بــوونە دەســتت

تێ رامـــانت چــەندە جـــوانە
دڵی ســـروشــتت میـــهرەبـــانە

یــاخـــوا هـــەروا ئـــاوەدانبی
هەمیــشە جێگای ســەیران بی

کـــوردستـــانم لانەی ژیـــنـــم
بۆ ســـروشــــتت من نامێنـــم

بـــەڵـــام بـــارۆڵـــەت بـزانـــن
کـــوردستا نمان بێ هاوشانـــن*

هەرچوار پارچە وەك بەهەشتە
سـەوزایی و هەرچی پیٚ دەشـتە

لەدنـیادا ویـــنـەی نـــابیٚ...
جیٚ یەك هەیـە هاوشانی بیٚ؟

منداڵانم هەتاوەکو لەژینابن
تـــاســەر یەقــین دڵنـیـابن...

گەشـــــت و دیمەنی کـوردستان
ویـنـەی نییە لەگشـت جیـهان.

شیلادزیٚ-بناری چیای گارا- ڤین ـ گەڵی شیٚران ـ ١ـ ٧ـ ٢٠١٧

هاژە: دەنگی ئاو.

قەڵبەزە: پشکی ئاو کاتێك بەر تەلاشە شاخ دەکەویٚت و بەرزدەبێتەوە.

تەلاش: کەرتە شاخ، پارچەشاخ.

پیٚ دەشت: دەشتایی ڕاست.

تێڕامان: سەیرکردن، تێڕوانین.

*کوردستا نمان-مەبەست لەهەرچوار پارچەیە.

ت/ ئەم هۆنراوە هونەرمەندی گەورە فەرهنگ غەفور داوای کردووە، بەنیازە بیکاتە گۆرانی و بەدەنگەزێڕینەکەی بەگوێماندا بیچریکێنیٚ.

## کوانێ دەســـــتم؟

تـاوەکـو کـەی لـەخـەودابن
تـکایە هەمـووتـان هەسـتن

تـا ئێـوە هـەروا بێ دەنگبـن
هەرخاوەنی بێ دەسـت دەبن

پـڕ بە گـەروو بە شـەقـاما
ببـڵا چـێنن بە گوێـیـانـا

کەسی شیاوبۆ شوێنی شیاوبێت
ئێـمــە گـەندەڵـیمان ناوێت

چیـتر خـۆمـان و مـندالْمـان
مـەکـەنە قـوربانی ژیـنـتان

بـۆ گیـرفان و قـوتی خۆتـان
دەست بڕ مەبن قوڕ بەسەرتـان

دە هـەســتن ئێـوە، منـدالان
با بێ دەسـت نەبیـن لە ژیـان

تــاوەکو کـــەی لە خـەو دابن
تکایە هەمـوو تـان هـەســتن.

دیارییە بە( سەنا ) و ئەوانەی وێنەی سەنا ئاسان
ت ـ سەنا ئەو کچە ژیکەڵەیەیە کە بەهۆی هەڵەی کوشندەیی پزیشکییەوە دەستەکانی ڕەش هەڵگەڕان و ئامادەبوون بۆ بڕینەوە.

## انا الله وانا اله الراجعون

هــەناسـەی بابە ئـــاریـا

ســـەد خۆزگە و هەزار بریا

مـــن لە جێـگـــات بوومایە

بـــریـا مـــن بـمـردمـــایە

نەوەك چـــاوەجـــوانەكەت

دڵـــە خنجـــیـــلانـەكـەت

لـــە ژیـنـــدا بـكـەوتـــایە

سەد خـــۆزگە خۆم بوومـــایە

ئـــاريـــای شيـــرينـــی دڵـــم

لەدوای تـــۆ مـــن بـــێ دڵـــم

دڵ و چـــاوم گـــەر زينـــدەن

لە پـــاش تۆ هـــەردەم مردەن

خـــۆزگە خـــۆم بنـــێـــژرابام

نەك ئـــێستا جەســـتە مابام.

وڵاتی ئیران ـ ئورمیە ـ ٣ـ٣ـ ٢٠١٧

مردە: مردوو

زیندە: زیندوو

جەستە : لەش.

انا الله وانا اله الراجعون: ئێمە هەموومان هی خوداین و بۆ لای خودا دەگەڕێینەوە.

ت/ تایبەت بۆمردنی جگەر گۆشەکەم... نۆبەرەی روحم نووسراوە.

## سەرکردەم...منداڵانە

مــنـداڵان بــپـــارێــزن...
چــونکە نــەوەی دوارۆژن

رێــزی زۆریــان لێــبگرن
تــاوەکـو جــوان فــێــربن...

مــافــەکانیان دابین کەن...
هەرگیز بێبەشیان مەکەن

بــا لــە دوارۆژی ژیــنــدا
فــێربن لەخزمەت بووندا

بپــارێــزن، وڵات، گــەل...
ســەرکاربن نەوەك پوچەڵ

تکـــام لە هـــەمـــووتـــانـــە
ڕێزیان بــگرن لەم ژیانــە

تـا لە ژیــانی دوایــشـــــدا...
بە سوودبن لە گشت جیٚ دا

تـا دە کریٚ ئـــاگـــاداربن...
لە خزمەتیان هــۆشیاربن

چــونکــە نــەوەی دوارۆژن
سەرکردەی گەل و هــۆزن.

هەولێر ـ ٢٠٠٨

## تکایە ...تکایە خۆت بە بەرپرس بزانە

تکــایە لە هـــەمـووتـان
ئاگاداربن...هۆشـیــاربن

مندالأنمــان زۆرمــاندوون
لەسەر شەقامدا کەوتوون

زۆر بــەیان ڕەش و ڕووتـن
لە برساندا وا کەوتــوون...

ریکخراو، کـاربەدەستتـان
حــکومەت و بەرپرسەکان

وەرنە دە نگ چارەی بکەن
بـا منــدالأن کــار نەکەن....

# کاروان و هێمای هاتووچۆ

## هێمای هاتووچۆ:

منـم هێـمـای هـاتـووچـۆ
پێت دەڵـێم کە چـۆن بـڕۆ

بۆ هـەمـووتـان هـەمووکات
لەگشت شوێنێ و هەمووسات

وەك یـەکـم نـەگـۆڕاوم
لەجـیـهـان وا نـاسـراوم

سـێ ڕەنـگـی زۆر دیـارم
بـۆ ئـامـاژە و هۆشـیاریم

کاروان تۆ هاوڕێی هەمووانی
ڕەنگـەکـان بـڵێ بـەجـوانی

کاروان:
باشـە هـاوڕێی دێـرینم
بەڕیز بـەند نـاوت دێنم

هێمای هاتووچۆ:
زۆر باشـــە دەی وابـکە
هــاوڕێیانت هۆشـیارکە

کاروان:
خـەمت نەبێ وا دەکەم
هاوڕێیان هۆشیاردەکەم

سـوور هێمایە بوەسـتە
وەستانـت زۆر پێویستە

مـەڕۆ زۆر ترسـنـاکـە
تـکـایـە پـەلە مـەکـە

هێمای هاتووچۆ:
بۆیە پێویـستە هەمـووان
کەسووربووم نەڕۆن گشتان

کاروان:
زەرد هێمای ئـامادەبە
بۆ ڕۆیشـتن چـالاك بە

خۆت ئـــامادەکــە جوان
ئەوســـا بڕۆ بەبێ زیان

هێمای هاتووچۆ:
لەهێمای زەردم مــەڕۆن
تـاوەکــو ئـــازار نەخــۆن

هیوامە هەر هەمووتـان
ئـاسوودە بژین لە ژیان

**کاروان:**

**سەوز هێمای ڕۆیشتــنە**
**هــێماکــەی زۆر ڕۆشــنە**

**دەبێ گورج و چالاك بی**
**لە ڕۆیــشــتن هۆشیار بی**

**هــیوای منــیش ئــاوایە**
**خــۆش بــژین لە دنیایە.**

هەولێر ـ ٢٠٢٠
دێرین: کۆن، لەمێژ.
ئەوسا: دواتر، ئینجا.
گورج: توند.

# بۆ منداڵێك لەبەر باران

١

کـزەی جـەرگم تـامن مابم
دەست بەرداری مافـت نـابم
بەڵام داخ و خـۆزگە و بریا
نـایەتە دی لەئـێـسـتادا

٢

خـۆ دەزانم هەراو زەنــنام
بێ سوود نییە ڕۆڵەی پاشام
بـەڵام چی بکەم برینـدارم
سـەد هێندەی تۆ بەئازارم

٣

قــوربـانی دڵی گــەورەتبم
خاك وخۆڵی سەر ڕێگەتبم
كە دەلەرزی لەبــەر بــاران
دڵم دەردیٚ شــاهی شــاهان

٤

فرمێـسکـت  وا لە چــاوانە
لەژێر ئــەو بەفــرو بــارانە
تۆ سەرماتە كزەی جــەرگم
بەس تۆنەگری یاخوا بمرم

٥

بە پێڵاوی چووپلێسەوە
بە جل و بەرگی چڵێسەوە

بەسەرۆك و کەست نادەم
هەرهەموویان قوربانتەکەم.

بۆ: مێردمندالآن
هەولێر- ٢٠٠٥
زەننا: دەنگەدەنگ، قەرەباڵغی.
شاه: شا، پادشا، گەورە، سەرۆك.
چووپلێس: پێڵاوی چووپ، جۆرە پێڵاوێکە لەسەردەمی گرانی هەبوو تەنها لەچووپ دروست کرابوو تاکو نەدڕێت.
چڵێس: پیس، پۆخڵ.

# هـێـز

هەرهەمووومان دەچریکێنین
وێنەی قەقنەس دەناڵێنین

گەر بسووتێـین و تـیا بچین
خـۆ هەتـا ماوین سەربەرزین

بەزرێ پۆش و تـانك و زنجیر
هێزی کورد و یەکـگری و ژیر

لەناو ناچێ دەنگـی میللەت
بەهیچ هێـزێ تـاکـو ئەبەد.

بۆ: مێرد منداڵان
دهۆك ـ ٢٠١٥
قەقنەس: باڵندەیەکە هێندە شەیدا بەئاگرە ئەوەندە لێی نزیك دەبێتەوە تاکو دەسوتێت.
زرێ پۆش: قەڵغان.
ئەبەد: تاهەتا، تاکۆتا، بۆهەمیشە.

# خاك

خـــاكـــی دلـێـــره
خاكی دلێر
هـــێـــزی دەنـگـمـانە
هێزی شێر
هـــەر هـــەمـــوومـان
بۆ كوردستـان

لە پێـناوی خـاك و ژیـان
ئامادەین و هیچ كۆڵنـادەین
گیان و ژیـنمان پێشـكەش
دەكەین.

*لەسەر ئاواز نووسراوە بۆ سروود.
٦ـ ٥ ـ ٢٠١٩

# ئازادی

کوردستانە... لانەی ژیانە
هۆی دڵخۆشی گشت کوردانە

بەئازادی و بە سەربەستی
بەیەکگرتن و نەترسی

لەسەرمانە تێبکۆشین
سڵ نەکەین و ڕانەوەستین

هیوامان هیوای گەلانە
دەچریکێنین بە جیهانا.

*لەسەر ئاواز نووسراوە بۆ سروود.

٨ـ ٥ـ ٢٠١٩

## * پۆلی یەك

قـوتـابی پـۆلی یـەكم

چوست و چالاك و پاكم

گـوێ ڕادێری مامۆستام

پاك و خـاوێن و وریام

هـاوڕێ و هـاوپۆلەكانم

خـۆشـدەوێ وەك چاوانم.

چوست: گورج، ئامادە.

## پۆلی دوو

من قــوتـابی پۆلی دووم
فێـرکراو، ئامــادەبووم
دەخوێــنم تــێدەکــۆشم
ڕەنجی خوێندن دەنۆشم
تـا ئاینده بۆ هــەمووان
ببمه فێرکارێــکی جوان
هــەوڵ و کۆشــشـەکانم
بۆ خــۆم و کــوردســتـانم
دەکــەمه پــێوەری پاك
بۆ ئایــندەیــەکــی چاك
بــژیــن هــەمــوو ئــەوانه
قــوتـابین له قوتا بخانه.

فێرکار: مامۆستا، هەرکەسێك زانستێك،زانیارییەك فێری مرۆڤایەتی بکات.

# پۆلی سێ

مــن قــوتـابـی پۆلی سێم
ســەرکەوتـنە ڕێگای ڕێم

نــــەوەی دواڕۆژی ژیــرم
لەژیــندا ڕوونــاك بیــرم

هــەمیــشە هــەوڵ دەدەم
ســەرکەوتـن تۆماربکەم

چونك ئـایــندەی ژیــانم
بەنــدە بە کۆشــشەکـانم

بۆیە هــەردەم دەخــوێنم
لەڕێی ڕاست سەرنانوێنم.

کۆشش: هەوڵ،هەوڵدان، تێکۆشان.

# پۆلی چوار

قــوتـابـیــــیەکـی ژیــرم
بۆ ئـایــندەم ڕوونــبیــرم

بێ وچــان هــەوڵــدەدەم
سەرکەوتن دەستەبەرکەم

لەخــەمی خــوێنــدنم دام
بــۆیـــە زیـــرەك و دانـام

دەخـــوێـنــم تێ دەکــۆشم
ڕەنــجی خــوێندن دەنۆشم

بــۆیــە لە پــۆلــی چــوارم
بۆ ئـایــنـدەم هــۆشـیــارم.

# پۆلی پێنج

ژێــرم بــەبــیــرو کــارم
بۆ ئــایــنــدە هــۆشــیــارم

دەخــوێــنــم گــوێ ڕادێرم
مــەڵــبەندی ڕاستی دێرم

بــۆ داهـــاتــووی ژیــانم
فــێرخــوازێــکی لــێزانم

کــۆڵــنادەم ڕانــاوەســتم
هــەر بۆ زانســتە چــوستم
بــابــزانیــن هــەمــوومان
خوێندن مەرهەمە بۆ ژیان.

گوێ ڕادێ: گوێگر.
ڕاستی دێر: ڕاستی بێژ، ڕاستی گوتن.
چوست: گورج، چالاك.
مەرهەم: چارەسەر، مەلحەم.

# پۆلی شەش

هـەمیشە وا ڕوو گـەشم
چونکە مـن پۆلی شەشم
بیر ڕوونـاك و چـا پوکم
بۆ کـۆمەڵگـا بە کەڵکم

نـەوەی دوا ڕۆژی ژیـانم
بۆ خـۆم و کـوردسـتـانم
دەخـوێـنم هـەوڵـدەدەم
تـا ئایـندەم ڕونـاك کەم

بـۆ مـاف و بـۆ ژیـانم
هـەوڵەدەم تـا دەتـوانم
چونك ئایندە سەرکردەم
بۆیە وادەم بـەخـەندەم.

* هۆنراوەکانی پۆلی یەك تـا پۆلی شەش لەزۆرێك لە قوتـا بخانەکان، مامۆستایانی هونەر پێشکەشی قوتـابییە چاوگەشەکانی دەکەن، هیوای سوود بینینی زیاتر....

# ئاکار

له نه‌خۆشخانه‌و شوێنان
پێویسته‌له‌سه‌ر هه‌مووان

زۆر نه‌دوێن زۆر نه‌بێژین
هێمنی... بپارێزین

به‌تایبه‌ت نه‌خۆشخانه
که‌شوێنی پشوودانه

ده‌بێت هاوکاریيان بین
هۆی بێزاریيان نه‌بین.

# ئێمە و مێژوو

چونکە ڕاستگۆیی وا لەخوێنمانە
سەر بەرز دەژین لەم کوردستانە

ئەم کوردستانەش لانکەی ژیانە
مەڵبەندی هێزو پڕ داهێنانە

بۆیە تا ماوین لە هەموو جیهان
شانازی دەکەین بەکوردستا نمان

شانازی ژیان و شانازی بوو نمان
هەڵکۆڵدراوە لە نەخشەی جیهان

ئەمەش دەستکەوتی قارەمانانە
هی شەهیدەکان... با پیرا نمانە.

بۆ: مێردمندالآن.
پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر- ٢٠١٤

# ئێمەی مێردمنداڵ

ئـێمە چـرای زانـسـتـین
نـەوەی کـاوەی بێـباکین
ئـێـمە نـەوەی دوارۆژین
لەژیـان تـێـدەکـۆشـین
ئـێمـە هـیوای میـللەتین
هـێزو ئایـندەی کـوردین
ئـێـمـە چـرای دوا رۆژین
رەهـبەری گـەل و هـۆزین
ئێمەین پشـت و پەنـاتـان
لە هـەوڵین بۆ دوارۆژتـان
ئێمەین ئایـندەی ژینتان
چرۆ و خەندەی هـیواتـان.

بۆ: مێردمندالآن
کۆیە ـ ٤ـ٨ـ ٢٠٠٤
رەهبەر: پێشەوا، سەرکردە، سەرۆك.

## فێردەبم لەگەشتدا

گــەشــت و گوزەر هـــەر وایە

ئــەزمــوونــێــکـی دنــیــایە

منیــش خــوێندکاری ژیانم

بۆ ئـــایـــندەم دەڕوانــم

دەبێت بــیــرڕوون و ژیــربم

تـا فــێرخوازی چا پووک بم.

گوزەر: گەڕان، ژیان.

## کوردستان

کــوردســـتــانی جــوانــم
ڕوونــاکــی دوو چــاوانــم

تــۆ مـــایەی شـــانـــازیمی
ســـەربــەرزی، هۆی ژینمی

هــەمــیــشــە نــزا دەکــەم
لـــە خـــــودا داوا دەکــەم

هــەروا گەشــاوەوجــوانبی
جێگای گەشت و سەیرانبی.

هەڵەبجە ـ٢٠١٣

# دار گوێز

دار گـوێـزم زۆر بەهـێـزم
زۆر دەژیـم و ســەربـەرزم

لە چیاو دۆڵ و کەژی جوان
دەڕوێم بەهێز، بێ هاوشان

هـێمای سـەربەرزی کوردم
بۆیە گـشت کـات بەهێزم

بەفـرو هـاژەو بـا و باران
نـامـکەوێنـن... بێگومان.

دهۆك ـ هاوینەهەواری سۆلاڤ.
کەژ: مەبەست لەشوێنی ئاوداری چڕ لەوردیلەدارە.

# پشت یەكگرن

١

یەكـدی مەشـكێـنن
یــەكــبــن وەك بــرا
پــشــتی یــەكــگــرن
هـــــەڵیـكـەن چــرا

٢

دەست لەنێو دەستنێن
بـا كۆتـای ژیــنــتــان
كـەمێك ڕۆشــن بێت
هــەر بۆ مـێژووتـــان

٣

مــــێــژووی دووبـــارە
مـەكـــەنـــە مــلــتــان
دەنـــا... ڕوو ڕەشـــــن
هــەروەك پێشــووتـان.

بۆ: مێردمندڵان
دهۆك ـ ٢٠١٩

# شاری پیر

پــیــرە کــەرکــوکە کــەرکــوکی دلــێر
تۆ قەت نـابەزی سەربەرزی وەك شــێر

بەلاّم داخــەکــەم ســیـــاسیــیــەکان
ئــەتۆ دەفــرۆشــن هــەرزان و تـــالاّن

یـــاخـــوا ڕووڕەشــبن هــەمــوو ئــەوانە
کــە کـــوردی زۆڵن دەژیـــن لەم ژیانە.

کەرکووك ـ ٢٠١٩
قەت: هەرگیز.
زۆڵ: بیژی، کەسێك لەباوکی ڕاستەقینەی خۆی نەبێت.

# سێ هاوڕێ

شانۆ:
هەردەم پاك و خاوێنم
خــۆ پــارێزی دەنوێــنم

پیانۆ:
منیش خۆم دە پارێزم
بە پاکی خۆم ڕادەگرم

ساز:
ئێوە هــەردەم ئــاوابن
باهەر دوور لەکێشەبن

شانۆ:
ئێ هەر وایە هاوڕێکەم
بە پیسی چۆن گوزەرکەم؟

ساز:
پیسی و خاوێنی یەکە
پارێزی هەرگیز مەکە

پیانۆ:
نا نا هاوڕێی شیرینم
نـامـەوێ وا بتـبینم

شانۆ:
لێی گەڕێ هاوڕێی پاکم
مـن لەمـەدا بێبـاکـم

چـونکە زۆرم گـووتـووە
گـوێی هـەر ڕانەگرتووە...

پیانۆ:
وابــاشە بەگوێمان کەی
گەرنا خۆت زەرەر دەکەی

ساز:
من هەرگیز زیان ناکەم
هەر بەقسەی خۆم دەکەم

پانۆ:
باشە بە دڵی خۆت بکە
چیت پێ خۆشــە وابکە

دوای ماوەیەك بە پــیســی
ژیانی کرد بەنــاخــۆشــی
ئەوساخێرا نەخۆش کەوت
لەژێر جێگــادا زوو کەوت

## شانۆوسازچوون لێی پرسن
## لــە هــەواڵــی بــپـــرســن

**شانۆ:**

**نەمگوت پیسی هەڵەیە**
**زیــانە و کــوشــنــدەیە**

**ساز:**

**نەمزانی زۆر هەڵەبووم**
**چــاوەڕێی ئــەمە نەبووم**

**پیانۆ:**

**گرینگ چیتر پیس نەبیت**
**لە پیــسیدا بە دوور بیت....**

سلێمانی ـ دوکان ـ٢٠١١

زەرەر: زیان، خەسارە، بەفیڕۆ.

## منداڵێك لەسەرکار ئەم هۆنراوەیە دەڵێ:

سـەیرم بکـەن تێڕامێنن
شەرم مەکەن خۆ بچوێنن
هـێندەی ژیان گرفـتارم
تـێڕامـێـنـن بەئـازارم
باری نەنـگی ژیان ئاوایە
دەتــهەژێـنێ ژین سانایە؟
ماندوو، شـەکەتی ژیانم
هێندەی دنیا سەرگەردانم
نەوەی ئـێوە کـوانێ وایە
ژیـنی تـاڵـم لە ڕێ دایە
لە ژین و کـاری گـوزەران
بێزار بوومە لەگشت ژیان.

بۆ:مێردمنداڵان
کۆیە ـ ٢٠١٧
تێڕامێنن: سەیرکردنێکی تەواو، ڕوانین.
شەکەت: هیلاك، بێ هێز، ماندوو.

## بۆ منداڵێك لە چێشتخانە

ئــاگــرزۆر تــرســـناکە

وریابە نەسوتێی چاکە

هــەرگــوتــیــانە و وایە

ئــاگــر زۆر بــێــوەفــایە

بۆیــە هــەردەم وریــابە

لەکــارت زۆر چــالاك بە.

ئێران ـ ٢٠١٧

# ئامۆژگاری

لەئاو، ئاگــر لە ژیان

خۆپارێزبە بەبێ زیان

تا تووشــی ئــازار نەبی

هــەمیــشە بێکیــشە بی

بەگــوێی دایەوبابە بکە

ئامۆژگارییان بــیر مەکە.

قەڵادزێ ـ ٢٠١٦

# یاری بەمانە ناکەم

موس دەبڕێ دەستەکانم
زۆر بــەزیــانە بۆ ژیانم
بــۆیــە خــۆم دە پــارێزم
تــاکــو نەیــبڕێ دەســتم
***
یاری بە چــەقۆ ناکەم
زیان بۆ خــۆ چێ ناکەم
نــەکا بیــبڕم دەســـتم
ئــاگاداری خــۆم نەبم
***
بە مقــەست و دەرنافیز
هــاوشێوەی وەك پلایز
یــاری نــاکەم بە زیانن
زیانیان بۆ جەستەمانن.

هەولێر ـ دارەتوو ـ ٢٠١٨

# تف لەچارەتان

هەزاران تف بێ لە تفەنگ
هەزارانی تریش لە جەنگ
تف لە سیاسی و زۆرداران
لەکورد کوژی و کورسییەکانتان
یاخوا ڕوو ڕەشی میللەت بن
کۆیلە و ژێر دەستەی زارۆ بن
هەر هەمووتان بە نەعلەت بن
لە گۆڕیشدا ڕۆ... ڕۆ بچن
گەنجان، پیران، دایکان، خوشکان
مندالآنی بێناونیشانی دەرتان
هەڵمەتی ئاشتی و شێرانە بەرن
ئەم کورد کوژانە زوو لەناوبەرن.

بۆ: مێردمندالآن

چارە: ڕوو، دەم وچاو.

کۆیلە: کەسێکە بە پارە دەکڕدرا و خزمەتی پێدەکرا، خزمەتکار.

زارۆ: مندالّ.

نەعلەت: نەفرەت، تورەیی خوا.

گۆڕ: قەبر، دوا شوێنی مردوو.

ڕۆ: هاوار، نالّە.

# ڤاریز

پیس بن خەمی لێدەخۆم
دەستەکانم جوان دەشۆم

تەندروستیم هەمیشە
دەپارێزم وەك پیشە

ددان و دەم و چاوم
دەیشۆم تاوەکو ماوم

میکرۆب و پیسی زۆرن
زۆریشیان مشەخۆرن

بۆیە پێویستە هەمووان
خۆ پارێزبین گەلێك جوان.

تورکیا ـ ٢٠١٤
ڤاریز: پارێز، پارێزیکردن.

# خاكی پیرۆز

١

یــەك دەگــرین تێدەكۆشــین
دژی دوژمنــمــان دەوەســـتین
كــۆڵ نادەیــن، ڕانـاوەســتین
ئێمە تێــنووی ســەربەســتین

٢

هــێــزی ئــێــمە لەســەر پێ یە
ســەركەوتــنمان هــەرلــەڕێ یە
هەموویەك دەنگ پشت یەكگرین
بەهــیچ هــێزیكــیش نــابــەزین

٣

کوردستا نمان لانەی ژیانە
خـــاکێــکی پیــرۆز وجوانە
مەڵبەندی ژیر، شــاعیرانە
جێگای گــەشــت و با پیرانە

٤

هێــزی ئێــمــە لەبن نــایــە
یەکــگــرتــنمان بێ کۆتــایــە
هــەتــاکــو دنــیا دنــیــایــە
نــاوی کــورد وەکــو چــرایــە

٥

بــەنــاوی کـــورد و ئـــاڵاوە
قـــوربـانیـــمان هــەر زۆر داوە
بۆیــە کـــوردان ڕانـــاوەســتن
دژی دوژمـــنـــان دەوەســـــتن.

بۆ: مێردمندالآن
تورکیا: ٢٠١٤

# مــۆز

مۆزم دەڕوێم لە گەرمــا

هەروەکو داری خــورمــا

بەسوودم میوەی خۆشــم

بــۆ ئــێوە زۆرپــەرۆشــم

بەرهــەم دێــنم ڤــیتامین

لەمۆزی شیرین هەنگــوین.

هەولێر- ٢٠٢٠

شیرین هەنگوین: شیرین وەك هەنگوین.

# ناخی مێردمنداڵێك

هــەموو ڕۆژێك دەتوێمەوە

لەســەرکاردا دەشــکێمــەوە

هێندەی گەردوون وابێزارم

لە مــاندووبوون گــرفتارم

بێ هیواش نابم لە ژیانم

بەدەست دێنم مافی جوانم.

بۆ: مێرمنداڵان

سلێمانی ـ ئاغجەلەر ـ ٢٠١٣

## شەڕ

هەنیــیەم خراپ شــكاوە

چی بكەم تـازە ڕووی داوە

بــەڵام زۆر پەشــیـمـانم

تـا كــۆی هەمــوو ژیــانم

چــیــتر كــاری وانــاكــەم

شەڕ و كێشــە چێ ناكەم.

هەولێر ـ ٢٠٢٠
هەنیە: ناوچەوان، ئەنی، تەوێڵ.
چێ: دروست.

# گــەلاّ

لەناو گەلاّ و گــوڵزارم
گەلاّم و ڕووگەش دیارم
جوانی دەبەخشم بەدار
ڕووپۆشی دەکەم نازدار

***

گەلاّو گــوڵی کوردستان
بێ وێنەن لەجوانیدان
گەلاّکان هــەموو جوانن
دیاری دەســتی یەزدانن

***

منــیــش نــاوم گــەڵایە
بە ســـوودم لە دنــیایە
بە لــق و پــۆپی جــوان
جوانی دەبەخشم لەژیان

***

گـــەڵا گـەڵا ڕێـــزانە
پاییز وەرزێـکی جـوانە
گەڵای پاییز دەوەرێـت
دڵخــۆشـــی دادەبارێـت

گـــەڵای پـــاییز دەوەرێ
وادەی وەرزێکی نوێ دێ
لە دوای گـــەڵا ڕێـــزانە
زســـتا نمـــان لامـیـــوانە
***
گـــەڵا گـــەڵا ڕێـــزانە
دەشت و دەر چەندە جوانە
دیـمـــەنی گـــەڵا ڕێـــزان
زۆر جوانە لە کوردستـان
***
گەڵای پاییز زۆر جوانە
پـــاییزە گـــەڵا ڕێـــزانە
نم نم بـــاران دەبـــارێ
گـــەڵاکان دێنە خـــوارێ.

ڕووپۆش: داپۆش.
نازدار: زۆر جوان.

# كۆرۆنا

كـۆرۆنـا... كـۆرنـايە
ڤـايرۆسـێـكی ئـازايە

بەڵام ئێـمە بەهـێزین
بێگـومـانبن دەییەزین

ئەوسا ئێمە هـەموومان
دەیكەینەچەژن وسەیران

بۆیە پێویستە هەمووان
خۆپارێزبین گەلێ جوان

بەهـێزی پـۆلاینمـان
خۆ ڕادەگرین هەمووما‌ن

نـایەینە دەر لە مـالان
نـاچـینە گەشت و گەڕان

تا ئەم دوژمنە پـیـسـە
وەك بەلایە و نەگریسـە

دەیـبـەزێنین هەمووما‌ن
ئەوسا دەیکەینەسەیران.

هەولێر ـ ٢٠٢٠

کۆڕۆنا : کۆڤید١٩ ، ڤایرۆسێکی بەهێزەو تووشی مرۆڤ دەبێت و کار لەڕێڕەوەی هەناسەدان و سییەکان دەکات و هەزارەها خەڵکی کوشت.

دەبیەزین : دەبیەزێنین.

ئەوسا : دواتر،دوای ئەوە، ئینجا، لە پاش.

نەگریس: پیس،نەیار.

کراوە بەگۆرانی بۆ هۆشیاری و خۆپارێزی مندالان و هەمووان.

# من کەری هاوڕێتانم

بۆ خــزمەتی هەمووتـــان
لەگــشت سات و بۆنەکان
هەڵــدەگرم بــاری گــران
لە هـــاوین و لە زســتان
پـێم دەڵێــن کەرە دێــزە
هـێـزەکـەم زۆر بە پـێزە
هــەیــە بێ بـەزەیـــیـە
بــەزەیــی بــۆمـن نــیـیە
کــەچــی خــزمــەتی زۆرم
بێــشــومــارە نــاژمــێـرم
لە مـێـژوداو ئـێـســتاکە
کــارم خــزمــەتی خەڵکە

بەڵام بۆ کوردستانیان
جیاوازترم لەگەڵیان
لەشاخ و کشتوکاڵدا
لەلادێ و هەم لە شاردا
لەخەبات و ئازادی
لەخۆشی و بەزم و شادی
لە گەڵیانم هەمیشە
کاری خۆمە وەك پیشە
خزمەتی ئەوان بکەم
هیچ کات لەبیریان نەکەم
هیوام وایە ئەوانیش
پێم نەڵێن کەری یاغنیش.

هەولێر ـ ٢٠١٨

ت ـ کەرخزمەتێکی یەکجار زۆری ئێمەی کوردی کردووە هەروەك لە هۆنراوەکە باسکراوە، بەزیاتریشەوە.

یاغنیش: لێرەدا بۆمەبەستی بێ کەڵك، کەوتوو، سست، تەمبەڵ، بەکارم هێناوە، بۆمەبەستی تریش بەکاردێت.

## ماندووم... لەكار

١

مـن منـداڵێـكی بێـنـازم
كۆشك و تەلار خۆ ناخوازم
هیوای من سادە و سـانایە
ژیانێكی خـۆش، پڕمانایە

٢

خەونەكانم بوون بەبـریا
كەسـێك نییە بێـتە فـریا
خـۆمـنـیش منداڵی ژیـنم
بۆچی هەردەم ڕوو لە شینم؟

٣

خەونەكانم بوون بەبریا
كەسێك نیـیە بێـتە فریا
هـەراو زەنناى ژیانی ئێرە
بۆ بۆمن بیٚ خـودا خێرە؟.

بۆ: مێردمنداڵان
هەرا : كێشە، ئاریشە.
زەننا : دەنگە دەنگ، ژاوەژاو.

# باری گران

تکـــایە هەموو چارییکەن
ئەم ناخۆشییە بنەبڕکەن
چـــی منـــداڵی وڵاتـــمـــانە
ســـەرگـــەردانە لەم ژیانە

هەموویـان خەریکی کارن
بـــۆ بژێوی خـــزمەتکارن
هـــەموو بیریان لای ژیانە
نەك بیـــرێکی منـــداڵانە.

بۆ: مێرمنداڵان
سۆران ـ ٢٠٠٩

# دایکێك بۆ منداڵەکەی

بەبە بەبەی شیــرینم
نازداری ژیــان و ژیــنم
ســەیرکە، لێت ڕامــێنم
بۆدەگــری گوڵی ژیــنم

بەبە بەبەی جوانکیلەم
نەرم و نۆڵی قشــتیلەم
بۆ دەگری هەناسەکــەم
وەرە لەبــاوەشــت کــەم

بەبە بەبەی ئــومــێدم
ئەستێرەی شەوە زەنگم
ســەیرکەو وەرە بۆ لام
ڕووناکی بکەدڵی چرام.

ڕامێنم: سەیرکەم.
قشتیلە: وردیلە، ورد.
شەوەزەنگ: شەوی زۆر تاریک، ئەنگوستەچاو، چاو چاو نەبینێت.

## شەڕ... نەفرەت

١

نەفـرەت لەجـەنگ
نەفرەت لەشــەڕ و تەقە و تفەنگ
نەفرەت نەفرەت لە هەموو ئەوانە
کە گەندەڵن لەم ژیانە

٢

نەفرەت لە کورسی دەسەڵاتتان
لەکـۆڵـەکەی ئـــایـدیـاتــان
نــەفـرەت لە هــەمـوو ئــەوانە
کوردفرۆشن
خاك فرۆشن
بۆ نەوت و پلە و پــایە و شان
میــلـلــەتی دلــێــر دەفــرۆشــن

٣

بــۆ منــدالأن دەخــەمــە ڕوو
هەرچی هەیە هەر ڕوو بەڕوو
ئەمانەی ئێستا لە حکومان
خاکــفرۆشن لە زووڵــمــدان

٤

لەهەر هەموو ساتەکــانا
بیریان تەنها لای گیرفانە
بۆیە...
نەفرەت لەڕەنگ و بیریان
بەلەعنەتبن لەگەڵ شەیتان.

بۆ: مێردمندالأن
هەولێر- ٢٠١٧
ئایدیا: بیرو باوەڕ.
لەعنەت: نەفرەت، توڕەیی خوا.
تفەنگ: چەك.
کورسی: ئەسکەمل.
دەسەلأت: هێز، دەست ڕۆیشتوو.
حکوم: دەسەلأت دار، دەسەلأتداری.
زوڵم: ستەم، تاوان، گوناه.

# کار

خێــراکە زووکــە
دەست بەکارتکە

خــێرا پــەلەکە
تەمــبەڵی مەکە

بۆکــاری باشــت
بۆدڵخــۆشــیشت

کـــارت زووبــکە
تەمــبەڵی مەکە

ژیانت چیٚ دەبیٚ
خەمــت هەرنـابیٚ.

زاخۆ ـ ٢٠١٠
تەمبەڵ: سست، ناچالاك.
چیٚ دەبیٚ: چاك دەبێت، باش دەبێت.

# من و هەژاری

ژیـانم گـرانە هـەرتێکـۆشانە
هـەمـوو ڕۆژێـکم گـریـان و ژانە

زستان سەرمایە،هاوین گەرمایە
ئـەم هـەژاریـیە کـۆتـایی نایە

بـۆیە هەمیشە هەروا لەڕەنجدام
لەگـریان و شـین چـاوم بووە زام

هـەژاری دەردە گـەلـێـك گرانە
خوا فـریام کـەوە لەم ژیانە ژانە.

بۆ: مێردمندالان
هەولێر- ٢٠١٥
ڕەنج: تێکۆشان.
زام: برین.

# تەڕەپیاز

لاسکەکەم سـەوزی گیایە

سەلکم وەك سیر لەبنایە

تـامـم بـۆنم جـــیــاوازە

پــێم دەڵــێن پیــازی تـازە

دەخورێم هــەروا بەخاوی

لەچــێشــتیشدا بەکوڵاوی.

# ڕێـیـزسـات

منـدالاَن لە گشـت کـاتێك

بیرتـان نەچیت هیچ ساتێك

نەکـەن لە سەرمای زسـتـان

بـچـنـە دەرو کـۆلاَنـان

خـۆتـان گـەرم ڕابگرن

جـلی زسـتـان بـپـۆشـن

خـۆ پـاریێزبن هەمـووکات

لـەمـاڵ ودەرو ڕێـیـزسـات

ڕێـیـزسـاتـان هـەموو دەم

ساردتـرینن لـە سـالـّەن

سالـّەن بـە واتـای سـالـّە

هـەرخـۆش بژین ئـەم ساڵە

سـەرمـا بـابـردو مـەبـن

هـیـوامـە تـەنـدروست بن.

کەرکوك ـ پردێ ـ٢٠١٢

ڕێیزسات: سارترین کاتی زستانە.

بابردو: کەسێك بەسەرمای با نەخۆش بکەوێت یان گەرما پێی دەڵێن بابردوو.

# من چیم؟

گیـانداریـکی بەهـیزم
پیْ کـورت و لوت دریژم

لاشـەکەم گەورەو بۆرە
کیشەکـەشـم زۆر زۆرە

بە لوت ئاو دەخـۆمەوە
خۆشـمی پیْ دەشـۆمەوە

خواردن دەخۆم لەژیانم
بـەدەم و لـێـوەکـانم.

ئازربیجان ـ ٢٠١٩
لاشە : جەستە.

# باوك

کۆڵنەدەر و نەبەردە

کاسبکارە و بێگەردە

هەمیشە هەوڵ دەدات

منداڵەکانی گۆشکات

ئەرکی گەلێك گرانە

ماندوو نەناسی ژیانە.

هەولێر ـ ٢٠٢٠
نەبەرد: نەبەزیو.
کاسبکار: کارگوزار، کارخواز.
گۆش: بەخێو.

# هێماکانی هاتووچۆ

سێ ڕەنـگی تۆخ و جوان
هەریەکە ئاماژەی جیان

سـوور بوەستە خـێراکە
ڕێـگـا کـە تـرسـنـاکە

زەرد وریابە، چـالاك بە
بۆ ڕۆیشـتن هـۆشیـاربە

ســەوز بـڕۆ بەجـوانی
بەهیـــوای کـامـەرانی.

ولاتی ئێران ـ ڕشت ـ ٢٠١٦

# نونو

نو نو کــارەکتەری جوان

خــۆشــەویســتی منداڵان

هەمیــشە خزمەت دەکات

هیچ کاتێکیش کۆڵنادات

بۆ منداڵان هــەمــوو دەم

ئامــادەیــە ســات و دەم

بەقسە و جـوڵەی جوانی

ئـاکاری بێ هـاوشـانی

منداڵان دێـنێـتە جـۆش

بە گۆرانی ونوکتەی خۆش

بۆیە لە لای هـەموومان

خـۆشـەویسـتە منداڵان.

نونو: کاراکتەرێکی جوانی دنیای منداڵانە لە هەولێر، نەوزادی حاجی شوشە بەرجەستەی ڕۆڵەکەی دەکات، خزمەتێکی هەمەجۆری بواری منداڵانی هەیە،
ئەم هۆنراوەیە دیارییە بەو هاوپیشە ئازیزەم.

# لایلایە

نا نا نا ڕۆڵــەکـــەم

ئێســتا شــیرت بۆ دەکەم = ئێستا شیرت پێ دەدەم

تۆش بەگغەو یاری جوان

دڵــخۆشــم بکــە لە ژیان

ڕۆڵــەکــەی بابە و دایــە

جــوانیت کــۆتــایی نـــایە

زۆر جوان و زۆر چاپووکی

وێــنەی فریشــتەو بووکی.

## شاری کەرە باڵدارەکان

هەموو دەنگم هاتووەتە گەڕ
وەك کـەڕەنا و زوڕنا لێدەر

دەقـیژێنم... دەقراسپـێنم
پـڕ بەگـەروو دەلـوورێـنم

هەرچی دەنگ بێ دەری دێنم
تـا مـنـدالآن بەهـۆش بێنم

بـــا بزانـــن ئـــەم ولآتــە
نـقـوڵ و چوکلێـتی بەراتە

هەر کەسەو بۆخۆی پادشایە
تـاج لەسـەرنان کـوا ئاوایە

هـەرلایـەنە و پەیتا پەیتا
وەك ئەنـفـلەوەنـزاو پەتـا

گـەرووی هەموومان دەگـرێ
تـا بەسـەرماندا هەڵگـەڕێ

بـۆیە هـەردەم هـاوارەکەم
پـڕ بە گـەروو بەیـانەکەم
ئـەم سـامـانە ئـەم ژیـانە
هی منداڵی کـوردی جـوانە

بۆ بـەتەنـهـا بۆ ئەوان بێ
قوڕ بەسەریـش بۆ ئێمە بێ

چما ئەمە شاری جوانە
یا شاری کەری بە زیانە

دەلێگەڕێن با خامەکەم
پێناسی بکات زامەکەم

دەڵێن شارێك هەیە وایە
هەموو جوانییەکی تێدایە
پڕە لەخۆشی و پیت و فەڕ
بەلاَم هەمیشە شەڕە شەڕ

ناویان ناوە شاری کەران
شاری کەرە باڵدارەکان.

بۆ: مێردمندالاَن
کەڕەنا: ئامێرێکە فووی پێدا دەکرێ، مەبەست وەك بەئاگا هێنانەوەیەك.
نوقوڵ: لوقم.
بەرات: جەژنی بەرات.
ئەنفلەوەنزا: هەلاَمەت، جۆرەڤایرۆسێکە.

# ئاو

ئاو سەرچاوەی ژیانە
هۆی دڵخۆشی هەموانە

گەر شوێنێك ئاوی لێبێت
دڵت تێیدا دەنیشێت

وەك گوتویانە وایە
ئاو ئاوەدانی لە دوایە

بۆیە پێویستە هەموان
ئاو پارێزبین لە ژیان.

هاوینە هەواری بیخاڵ ـ ٢٠١٨

# هونەر و یەکگرتن

یەك دەنگین تێ دەکۆشین
دژی دوژمـن دەوەسـتیـن
بە پـلان و هونـەری جوان
سەرکەوتوو دەبین لەژیان
ئەم ژیـانەش هـەر ئاوایە
زانـست وەکـو چـرایـە
گەریەك دەنگی زانست بین
هـیچ کات مافخوراو نابین
بـۆیە دەبـا هـەمـوومـان
یەکـگربیـن دژ دوژمنـنان
هـەرچـی ڕێوی ئـاسـایە
نـامێـنـیـێت لە دنـیـایە.

پلان: بەرنامە، بەرنامەدارێژی.
لەشانۆیی (کەروێشك ڕاوی ڕێوی دەکات) کراوە بە گۆرانی.
ت ـ لەدەرهێنانی شانۆکاروخزمە تخوازی بواری منداڵان (یوسف یوسفی) بوو بەندەش ڕۆڵی مشکی وێنەکێشی تیایدا گێڕا.

# دار و درەخت

دار و درەخـــت گــریــنـگە

بەســوودن زۆر بۆ ژیــنــگــە

ئۆکســجین دابیــن دەکــەن

هەوای پــاکمان پێــدەدەن

جــگە لە جــوانی و سێــبەر

دەیخۆین هەرچی بێتەبەر.

هەولێر دارەتوو- ٢٠٢٠
بەر: بەرهەمی دار.

# تیشکی خۆر

تیشـکی خـۆری زێڕینم
ڕوونـاکیـتان بۆ دێـنم

ڤـیتامیـنم زۆر تـیایە
بـەسـوودم لە دنـیـایە

بۆ جەستەو تەندروستی
سـوودێـکی زۆری گشتی

سـەردەردێنم بەیانیان
تـا کاتی دێ ئـێـواران.

هەولێر ـ ٢٠٢٠
جەستە : لەش، قەد.

# مەتەڵ

ڕەنگەکەی هێندە ڕۆنە

نــازانی ڕەنگــی چۆنە

تــامی نیــیە وەکــو ئاو

لەگــشت جێدا بەربڵاو

مــەتەڵێکی ئــاســانە

دەی ئێستاکە بیــزانە.

هەولێر ـ ٢٠٢٠
ڕۆن : ڕوون، کاڵ.

# ناخی کەنارییەك

من کـەنـاریـم کەنــاریم

هــاوشێوەی وەك پاساریم

دەنگ خـۆشی دارســتانم

هــاوڕێی مـرۆڤــەکانم

کەچی ئـەوان بۆخــۆشی

بەندم دەکەن، سەربەستی

نــازانـن نیـگــەرانم

پـەرۆشـــی دارســـتانم

دەخـوێـنـم بـۆ ئـازادی

تێ ناگـەن چ بکەم ئیدی.

هەولێر شەقلاوە ـ ٢٠٢٠

هاوشێوە: لەیەکچوو، لەیەکدی چوو، چوون یەك، لەیەك نزیك، بەیەك چوو، پێکچوو.

بەندم دەکەن سەربەستی: سەربەستیم بەند دەکەن.

بەند: دەستبەسەر، حەپس، سجن.

سجن: هێشتنەوەی تاوانبارە لە زیندان کە لە ٥ ساڵ زیاتربێت.

حەپس: مانەوەی تاوانبارە ـ تۆمەتبارە کە لە ٢٤کاتژمێر تا ٥ ساڵ بێت.

پەرۆش: شەیدا.

ئیدی: دواتر، دوای ئەوە، ئینجا، لە پاش.

# لێنووس

لەناو تیانووس دەنووسم
بەڕەنگ و بە پـێـــنـــووسم

چی گرینـگە لەتیــانووس
تۆماردەکــەم وەك قـاموس

تـا ڕۆژی هەڵـسەنگـاندن
ئــەوەی تــۆمـــارم کــردن

جــوان بــیرم کـــەوێــتەوە
لەبـیـرم نـەچــێــتەوە.

سلێمانی ـ ڕانیە ـ ٢٠١٨
لێنووس: تیانووس، دەفتەر.
قاموس: فەرهەنگ.

# بیزانە

بێتام و بـۆن و ڕەنـگم
بەڵام گـەلێ گـرینـگم

من نەبم ژیانیش نابێ
هیچ زیندەوەرچێ نابێ

بـۆیە لەسـەر زەویـدا
خـوا سێ بەشی بەمندا

لەجەسـتەی ئێوە زۆرم
نـاوم بـڵێـن چ جـۆرم

قەیـنا بۆ کار ئاسانی
جۆرێکم لە شـلەمـەنی

چی شـلەمەنی دنیایە
لەمـن دروسـتـکـرایە

دەی ئێستا هەڵی بێنە
زیرەك بەو ناوم بێـنە.

هەولێر- ٢٠٢٠
چێ نابێ: دروست نابێ.
جەستە : لەش.
قەینا : کێشە نییە، شتێك نییە، ئاساییە.

# ڕۆژەکانی هەفتە بەژمارە

شـەمـمـە ڕۆژی یـەکـەمـە
یەك شـەمـمە مان دووەمـە

دووشــەم سێ یەم ڕۆژمــانە
سێ شەم چوار ڕۆژی جــوانە

پێنج ڕۆژ لەهەفتەچوارشەم
پێنج شەم دەکاتە شەشـەم

هـەفتە دەکــاتە حەوت ڕۆژ
ڕۆژی هـەیـنـیتــان پـیرۆز.

هەولێر ـ ٢٠٢٠

## مــن چیم؟

لە پەمۆ دروستــکراوم
تەنکیلە و نەرم وبـاوم

لە هەموو ماڵێك زۆرم
بەســوودە کــارو جۆرم

وەك دەستەسڕگرینگم
لە پــاکیدا پێــشەنگم.

# گورگیش نییە

دەخوا مـریشکـە ڕەشـە
بۆ پەلـەوەر هـەڕەشـە

فیڵبـازەو زۆر وریـایـە
لـەڕاکـردن خـێـرایـە

گۆشت خۆرو ڕووەك خۆرە
حـەزی لە گۆشـتی سۆرە.

هەولێر ـ ٢٠٢٠
سۆر: سوور.

## ناوم چییە؟

دەدوێــم و قــســەنــاکەم
هەموو کەس حاڵی دەکەم

گیانلەبەر نیم بێ گیانم
خــۆشەویــستی هەموانم

من نەبم ژیان جوان نابێ
کــەم و کــورتــی زۆر دەبێ

یــەکــەم دروســتــکــراوم
خوا خــۆی نــاوی لێنــاوم.

ولاّتی ئازربیجان ـ باکۆ ـ کافێ ـ تارکۆڤە
حاڵی دەکەم: تێ دەگەیەنم.

## چیم پێ دەڵێن؟

پـاسـەوانێـکـی ئـازام
لەبـۆندا زۆر بەتـوانام

دەیـپـارێزم مـەڕەکـان
لەگـورگـە زۆر دارەکان

هاوڕێی ئێوەی دڵسـۆزم
خۆشم پڕهەست و سۆزم.

هەولێر ـ ٢٠٠٥

## خۆپارێزی

تـا تـەندروست و ژیربین
دەبیٚ گشت خۆپـارێز بین

نەچـینە دەر لە مــالاْن
نەدەشــت و دەرو کــۆلاْن

کــۆرۆنــا دوژمــنــمــانە
چــاوی لەسەر هەمووانە

بۆیە دەبیٚ ڤــارێــزبیــن
تــا دووری کــۆرۆنــابین.

هەولێر ـ ٢٠٢٠
ڤارێز: پارێز، خۆپاستن.
کۆرۆنا : کۆڤید ١٩ـ ڤایرۆسێکی بەهێزەو توشی مرۆڤ دەبێت، لەساڵی ٢٠٢٠گەیشتە کوردستان و هەزاران کەسی کوشت و لەهەموو جیهانیش زیانیکی یەکجار گیانی لێکەوتەوە....

## کۆڤید١٩

کـــۆرۆنــــا ترسنــاکە
دژ مــرۆڤــە ئێــستــاکە
بۆیە دەبێت هــەمووان
خۆپارێزبین گەلێ جوان

تـا تووش نەبین کـۆرۆنا
بیدەین بە گوێی جیهانا

ئێمە کــوردی بەهــێزین
هەمــیشــە خــۆپارێزین
دەیــبەزێنین دوژمــنــمان
کــۆرۆنـاش زۆر بە ئـاسان.

هەولێر ـ ٢٠٢٠

کۆڤید١٩: ناسراوە بەکۆڕۆنا، ڤایرۆسێکە کارلە ڕێڕەوەی هەناسەو سییەکان دەکات و لە ساڵی ٢٠١٩ لە وڵاتی چین، لەشاری ووهان سەری هەڵداو پێشتریش لەچەند وڵاتێك بەشێوەی تر بوونی هەبوو، بەڵام لە ٢٠١٩ لە ووهان سەریهەڵداو زیانێکی یەکجار زۆری گیانی و مادی، جیهانی لێکەوتەوەو کوردستانیش بێ بەش نەبوو لەو زیانانە.

# نازانی؟

زانسـتی زۆری تـیـایە
بەسـووودە لە دنـیـایە

چی لە ژیانە بـاس دەکا
هیچ شـتێ لەبیـر ناکا

هەوڵـدە خـۆت بیـزانە
زانسـتەکەی زۆر جوانە.

هەولێر ـ ٢٠٠٦

# چ شوێنێکە؟

دەمـپـارێزێ لەسـەرما
لەهـاوینیش لەگـەرما

بۆ پشـووی هەموومانە
ژیا نمان تێی شادومانە

زۆربەی ژیـانم لەوێ یە
پـێـم بڵێ ئەمە کـوێ یە.

هەولێر ـ دارەتوو

## دەیزانی؟

دوو تـایەم هــەیە جوان
لەگەڵ سوکانێـکی پان

دوو پەیــدەرو زنــجیرم
بەتۆی بکەر دەسپــێرم

مــن ناوی خۆم ناهــێنم
دەست و پێت بەکاردێنم.

هەولێر- چۆمان - ٢٠١٧

## چەند ناوم هەیە؟

وێــنــەتـــان نیـشـــان دەدەم
هەروەك خۆی بێ زیاد و کەم

مــن لــەخــزمــەتی ئــێــوەم
لەشــووشــە و جام و بــۆیەم

ســـاف و لـــووس و خـــاوێـنــم
وێــنــەی ئــێــوە دەردێـــنــم.

هەولێر- ٢٠١٩

## منداڵێك لەسەر بەردێك دەنووسێت

پێـویستە ئێمەی منداڵ
نەژین هچ ژیانێکی تاڵ

نەخرێینە بەرکارو خەم
ژیا نمان ببێ فـەراهەم

تـا بیرو گـەشەو هـزران
گەشە کات بۆ نیشتیمان

ئـەوسا ئێـمە مـنداڵین
ئێستا لە ژین عەوداڵین.

عەقبە ـ ئوردن ـ ٢٠١٩
فەراهەم: جێ بەجێ.
هزر: بیر، مێشك.
عەوداڵ: سەرگەردان، پەرێشان، بێچارە.

# دادگا

دادگــا بــۆ دادوەریــیە
کە یــاســا سەروەریــیە
دژی تــاوانــبــاریــیە
هەرچــی قۆرخکاریــیە

لەدادگــا کار کــار یــیە
زەنگــین هــەژاری نیــیە

دادوەر بـــۆ دادوەریــیە
فێڵ لەلای بوونی نیــیە
هــێز و دەســەڵات نیــیە
کێ ڕاستبێ کارهی وییە.

هەولێر- ٢٠٠٨
هی وییە : هی ئەوە.

# ورچ

ورچم بەهێزە دەستم
بۆ ماسی گرتن چوستم

دەژیم لەناو دارستان
هەندێک جۆرم لەبەفران

کێشم زۆرە و بەهێزم
زۆر بەکەمی دەبەزم.

هەولێر ـ ئا ـ دارەتووی کوڕان ـ ٢٠١٩
چوست : چالاک، گورج.

# نزای من

کــوردســتــانــم جـــوانە
جێگای گەشت و سەیرانە

یاخوا ئەم کــوردســتــانە
کە مەڵــبەندی کــوردانە

دوورکەی لەگشت نـاخۆشی
لەگەڵ هەرچی نەخــۆشی.

هەولێر ـ ٢٠٢٠
نزا: پاڕانەوە لەخودا.

# قژ زەر

بوکەکەم چـاوی جوانە
قــژی زەرد خــان و مانە

یاری دەکەین هــەمیــشە
کــردوومــانە بە پــیــشە

ئــازاری یەکــتر نادەین
دەستی یەکتربەرنادەین

ئێمە دوو هاوڕێی دڵسۆز
یاری دەکەین هەر بەسۆز.

هەولێر- ق - شێروانەی بنەڕەتی - دارەتوو- ٢٠١٨
قژ: پرچ، پور.
زەر: زەرد.

## تکای کاروان بۆ هەمووان

هـەستن تێـکـۆشـن
مـێرد مـنداڵـەکان
تـاکـەی نـەزانـان
بێـنە سـەر سەرمان
***
هـەسـتن تـێکۆشـن
وادەی ژیــــانــە
ژیـان بــۆ ئـێـمـە
هـــەر وەکــو وانـە
***
هـەسـتن تـێکۆشـن
دەی لەخـەو هەستن
بالایــدەیـن زۆردار
تـاکـو کەی خەوتـن

***

هــەســتن تــێكۆشــن
ژنـــانـــی شـــارم
پــیاوانــتان نایکــەن
بـــریـــــــنـــی زارم
***
هــەســتن تێــكۆشــن
هــەمــوو وەك بـــرا
لایــــبـــدەن زۆر دار
هــەڵــیكــەن چـــرا
***
هــەســتن تێــكۆشــن
یەك دەنــگ و ســەدا
بــا لاچـــێـت زۆر دار
تـاكــەی بــێ بەهــار

***

هـەسـتن تیـێکۆشـین

تـکـاتـان لـێ بـێت

نـــەوەی نـەوەمـان

بـۆ ســەرە ڕێ بێـت

***

هـەسـتن تیـێکۆشـن

بـۆ پـاسـەوانـبن

والـــیدەکـانـتـان

بێ سـەر و شوێن بـن

***

هـەسـتن تێـکۆشـن

بــەســە زۆر داری

ئـەوان لـە سـەر ڕاو

ئـــێمـــە ژێـــرداری

***

هەستن تێکۆشن
وادەی ژیانە
هەموو پێبکەنن
ژیان زۆر جوانە

***

هەستن تێکۆشن
دوا تکام وایە
سەرتان شۆڕ مەکەن
بۆتا ...هەتایە.

بۆ: مێردمنداڵان
ڕوسیا ـ ماڵی ماکسم گۆرکی ـ ٢٨ـ٦ـ ٢٠١٥
وان: ئەوان.
سەدا: دەنگ دانەوە.
نەوە: وەچە، منداڵ.
والیدەکان.منداڵەکان.

## دهـۆك و ئاكرێ

دهـۆکـی ڕەنگـین و جـوان
دەلالـــێ دلـــێ کـــوردان

ئاو، ژینـگە پـاکـەکـەت
گشت خەڵکە هۆشیارەکەت

شـانـازیت بۆ کوردسـتان
بـۆیـە هـەردەم لە دڵدان

مێژووی جـوان و دیـارتان
قـارەمـانی و ژیـانـتـان

هــەرگـیز لەبـیر نـاکرێ
هــەروەك دەڤـەری ئاکرێ.

دەلال: خۆشەویست. ئازیز، شیرین.

# ژەهردارەکان

خۆتـان دەزانن مـەبەسـتم کێ یە
کێتـان پەیامی ڕاستی کوا پێ یە؟

لەگـەڵ ئێوەمـە ئـەی زۆردارەکان
خوێن خۆری میللەت ژەهـردارەکان

بەسـە واز بێنن لە جـەور و ستەم
ملتـان بشکێنن وا مردیـن بـەخەم

بەسـە زۆرداری و درۆ و فـێڵ وخوێن
ڕۆژێ هەر دادێ لە خوێن دەگەوزێن.

بۆ: مێردمنداڵان
هەولێر

# مەبەستم چی یە؟

زۆر زۆر ئـــاو دەخواتەوە
زۆرجـــار پـــاڵـــدەداتەوە

زیـــرەکـــەو زۆر دانـــایـــە
لـــە بـــیـــابـــان زانـــایـــە

ڕێگـــا هەرگیز ون ناکات
زۆرجار پێـــڵوی دادەخات

وەك پـــادشای بـــیـــابانە
هـــەڵـــۆ نیـــیە و بـــیـــزانە.

ئوردن ـ عەمان ـ ٢٠١٩

# درۆ بەدرۆ چارەسەرنابێت

بانە:
سـلاٚو هـاوڕێی شیـرینم
بۆوا پەشـێـو دەتبـینم؟

چی بووە بۆوا خەمـباری؟
هـەستە با بیکەین یاری

ئانیا:
دڵـم پـڕە خـەمـبـارم
پەشـێو و گـــرفـتــارم

نــا توانم یــاری بـکەم
دڵی خۆم چۆن خۆشبکەم؟

بانە:
تــۆ پــێم بڵێ چی بووە
خۆت واخەمبار کردووە؟

ئانیا:
ڕووم نایە بۆت باسی کەم
هــەڵەکــەم پێــناس بکەم
وازبــێــنــە خــۆم بــێــزارم
بــەخـــوا زۆر گــرفــتــارم

بانە:
ئەگەرخۆت بۆم باس نەکەی
دڵــــت ئــاوەڵا نــەکــەی
دڵــنــیـــابــە بــاش نـــابــی
هـــەروا ســـەرگــەردان دەبی

ئانیا :

چی بڵێم چـۆن باسی کەم
ڕووم نــایە  پێنــاسی کەم

بانە :

هــاوڕێ گیان باش بــزانە
هــەموو کــارێـک ئـاســانە

گــرفــتـێـک لە دڵــتــابێ
باســی نەکــەی چــا نــابێ

بــۆیە  پێـویــســتە ژێـربی
بوێــر و ڕۆشـــــنـبـیــربی

ئانیا :
دەزانـم کـە ئـــاوایـە
ڕاستی بۆ ژیـن چـرایـە

بـویـر و ڕۆشـــەنبـیری
هۆیە بـۆ بـەخـتەوەری

بانە :
کەوایە دەی باسی کە
خۆت لەکێشە ڕزگارکە

بـەلاّم ئـــەوە بـزانە
هـەڵە مـامۆستامانە

ئانیا:
بێ دەنگ بە کـەی ئاوایە؟
هـەڵە کـوا مـامۆسـتایە؟

بانە:
تـا تـۆ هـەڵـەیەك نەکەی
هەست بە هیچ زیانێك ناکەی

بـەلاّم ئـەگـەر هـەڵـەت کرد
هـەسـتـت بە زیـانەکەی کرد

جـاری تـر هـەڵـە نـاکـەی
وەك مـامـۆسـتا لـێی دەگـەی

ئانیا :
جـوانە زۆر پڕ مانایە
مـانـای زۆری تـێدایە

هـەڵە وەك مامۆستایە
فێرت دەکات لە دنیایە

بانە :
بەڵـێ مـاناکـەی وایـە
پەندی جـوانی تێـدایـە

لەهـەڵـەوە فـێر دەبـین
ئەوسا ڕێگای ڕاست دەگرین

ئـانیا :
سوپاس هاوڕێی دڵسۆزم
هەر ئێستـا دەیدەم سـۆزم

کە هــەرگیز درۆ نــەکەم
فرت و فێڵیش چێ نەکەم

بـانە :
ئێستـا بۆ وا خەمـبـاری
هەستە بـا بیکەین یـاری

ئـانیا :
من لەگەڵ دایە و بـابە
فـێڵم کـرد ئاگــاداربە

بانە :
بۆچی من ئاگــاداربم
بۆ لە فێڵت هۆشیاربم؟

ئانیا :
مەبــەستم بەڵێن دەدەم
چیتر هەڵەی وا نــەکەم

درۆیان لەگــەڵ نــاکەم
کێشەیان بۆ چێ ناکەم

بانە :
زۆر باش دەکەی هاوڕێکەم
منیــش هــاوکــاریت دەکەم

ئانیا :
من خۆم پیاڵەکەم شکاند
کەچی ئـــاوام تێ گــەیاند

بانە :
تــۆ لەکــێ ئــاوات گــەیــاند؟
بە گوێی کێ داو چیت چرپاند؟

ئانیا :
مــن گــوتمــە دایە و بابە
ئـــارایــە و ئــاگـــــادار بە

ئەو پیـــاڵەکەی شکاندووە
خــۆمــن هیــچم نەکردووە...

ئەوانــیش باوەڕیان کرد
ئــارایان ســەرزەنشت کرد

مــن ئێــستا پەشــیمــانم
بــۆیــە وا ســەرگــەردانم

بانە :
بــڕۆ خــێراکــە زووکە
داوای لێــبووردن بــکە

لە ئــارا و دایە و بابە
لە کــارت پەشیمان بە

ئانیا :

بێـگـومـان بـە وادەکەم
دەستی دایەش ماچ دەکەم

بەڵـێن دەدەم بە هەمووان
درۆ نـەکـەم لـە ژیـان

بانە :

پـێویستە تۆ خێراکەی
خۆت لە هەڵە ڕزگارکەی

ئانیا :

من کـەمێك نیگەرانم
دەترسـێم، پەشیمانم

بانە:
هەموومان هەڵە دەکەین
گــرینگە زوو چاری کەین

تــا درەنگ بیــن ئــاوایە
پــەشیــمــانی لــە دوایە

ئانیا:
مــن بــەخـــێرایی دەڕۆم
تـا چیــتر ئــازار نــەخۆم

ئازارەکــەی هــەر چی بێ
هــەرچی لە دوای درۆ بێ...

دەبــێ بــەرگــەی بگــرم
هــەرچی بێ خۆڕابگــرم

ســزاکەی بــاش بچــێژم
تــا درۆ قــەت نەبــێژم

بانە:
خوات لەگەڵ بێ هاوڕێکەم
من شــانــازیــت پــێ دەکەم

کــورد گــوتوویــەتی وایــە
ڕێــگـــای ڕاســتی چــرایــە.

سۆز: پەیمان، بەڵێن، وەعد.
چێ نەکەم: دروست ناکەم.
قەت: هەرگیز، هیچ کات.

# سلێمانی

شــاری جــوان ئاوەدانی
سلێمــانی شــای شارانی

مــێژووی پــاك و دیارت
نــەبــەزی بــێ شــومارت

هــونــەر و ڕۆشــەنــبیری
بــەر خــودان و دلــێــری

هــەر تۆی شاری شارانم
ســلێــمانی دڵ و گــیانم.

بەغداد ـ ٢٠١٩

# من چیم دەیزانی؟

پێم نییە خێرا دەڕۆم
خۆڵ و جانەوەر دەخۆم

جۆر و قەبارە جیام
ددان تیژی بێ هاوتام

بێگومان بە ئاو خۆرم
لە دەشت و دەردا زۆرم

لە ڕۆیشتن بێ دەنگم
خشۆکێکی بێ سەنگم.

هەورامان ـ ٢٠١٤
قەبارە: ئەندازە، شێوە، حجم، سایز.

# هــەولێر

هــەولــێر شــاری ژیــانی
شــاری شــــاه ئــاوەدانی

جــوانیت هــەر نابڕێتەوە
مــێژووت دەدرەوشــێــتەوە

قــەڵای پیــرۆز و جــوانت
مــنــارەی بــێ هــاوشــانت

گــوڵــی بــەرۆکــی کــوردن
بۆیــە هــەروا ســەر بەرزن

شــــانــــازی بــوون و ژیانی
هــەر تۆ شای گشت شارانی.

هەولێر- ٢٠٠٤
شاه: شاهانە.

# لەناوتان دەبەین

مـژدەتــان لێ بێ ئەی سیاسییەکان
دوژمـنی میللەت ئەی خوێن خۆرەکان

مـن مـوژدەم پێیە موژدەی لەناوچوون
لەناوتان دەبەین میللەت واهەڵچوون

کــاتی ئــازادی دەنگ هـەڵـبڕینە...
کــاتی هـەتوانی هـەمـوو بــرینە...

بە لەناوچوونتان گشت تیـمارەبین
وەك مەلی ئازاد هەموو هەڵدەفڕین

مـژدەتــــان لێبــێ زۆری نـــەمـاوە
هـاوشێوەی زووحاك سەرتـان قرتـاوە.

بۆ: مێردمندالآن
ئوردن ـ جەرش

# كەركوك

كەركوك مەڵبەندی ژیان
شـــاری ژیـــان و گـــــوزەران

چـــەندە جوانە مێژووەكەت
پێـــگـــەو ناو و ئـــەركەكەت

هـــونـــەری بـــەرزو پێــگەت
جوگـــرافیا و ڕۆڵەو ڕێگەت

شـــانـــازی هـــەمـــوو كـــوردن
بۆیـــە هـــەموو لەگـــەڵـــتـــن.

هەولێر ـ ٢٠٠٦

## من و منداڵان

بــۆ منــداڵان هــەمــوودەم

لەهەر ساتێك بێ بێ خەم

كۆشــش دەكــەم نــاوەســتم

بەهــێز و خــامەی دەســتم

بــۆ مافــیان هــەوڵــدەدەم

هەموو ســات و هەمــوو دەم.

# ژیان لەگۆڕانکاریدایە

هەژار:
بــرسیــمە دەگــریم بۆ نـان
بــۆ ژیــان و بــۆ گـــوزەران

هەرچی دەکەم چــاك نابێ
ئەم ژیانەم پێ خۆش نابێ

دەوڵەمەند:
ژیــان زۆر خۆشــە بیزانە
قـــەدری ژیـــان گـرانە

تۆ نــازانی چــەند خۆشە
دەی زیــاتر ڕەنــج بنۆشە...

هەژار:
هەرگیز هــەرگــیز کۆڵنادەم
تـا ئەم ژیانەم خۆش نەکەم

هـــەر گــوتویــانــە و وایــە
ڕەنــج ئــاما نجــی لە دوایــە

دەوڵەمەند:
مــن ژیـــرم، ڕۆشــەنــبــیرم
دەوڵــەمــەنــدم، بــەبــیرم

هەرگیز قــەت هــەژارنــابم
ژێردەستەی هیچ کەس نـابم

هەژار:
وا مـەڕوانـە بــيـزانە
ئەم ژيانە بـۆ هەمـووانە

دەســـوڕێ ڕۆژگــار و ژين
تـاكـۆتـا هـەر وا نــابين...

ڕۆژگار هات و ڕۆژگار چوو
دەوڵەمەند زۆر هەژار بوو

هــەژاريـش بــووە دارا
كـەچی هـەروەك نەدارا

ژیانی ئاسایی، جوان بوو
وەك دەوڵەمەندێك نەبوو

دەچــوو بــۆ لای هــەژاران
بــۆ لای هــەموو نــەداران

بیــنی دەوڵەمــەند گریا
خــێرا چــوو کــردی فریا

مـــەگـــری ژیــان ئــاوایە
بەرز و نــزمی زۆر تیــایە

مـن هـاوكاری تـۆ دەكەم
هـیچ كات، لەبیرت ناكەم

دەوڵەمـەند شەرمەزار بوو
چاوی پـڕ لە گـریـان بوو

هـاتە گـۆ زۆر بەجـوانی
بە قـوڕگـی پڕ گـریـانی

ڕاسـتـت گـوت ژیان ئاوایە
بـەرز و نـزمی زۆر تـیایە.

## دەبێت چی بێت؟

مـەڵـبـەندی زانـیاریـیە
هـۆکـاری هـۆشـیاریـیە

بـۆ هــەمـوومان گریـنگە
تـا هۆشــیاربین لە ژیـنگە

دەبــێ هــەبێ، بــمــان بێ
هەروەك پیتی ئەلف و بێ.

# پەپولەی ئاشتیم

پــەپولەم جوان و خــاوێن
هێمای ئاشتی و خەمڕەوێن

دەفڕم لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ
کام چڵ جوانبێ بۆ ئەو چڵ

لەنێو گــوڵان گــەشتــەکەم
بــەبــاڵە نەخــشیـنــەکەم

مــن پــە پــولــەی جــوانــم
هــێمــای ئاشــتی و ژیانــم.

## ؟

کوردان بۆپاکی و جوانیم
نــاویــان ئەوها لێهــانیم

ســــــووره گــوڵی بەهــاره
هێمــای ئاشــتی و گوڵزاره

خــۆم نــاوی خــۆم ناهێنم
یەکەم گــوڵ ســەر دەردێنم

لە بەهــاری کــوردســتــان
سوورم وەك خوێن شەهیدان

ئێــستــا تــۆ نــاوم بــێــنە
زیــرەك بــەو هەڵــیــبیــێنە.

لێهانیم: لێنام.

# ئیسلام

١

ئیسلام باشترین دینه
پێوەره بۆ ئەم ژینه
بۆ دوارۆژ وەك چرایه
خۆشبەختی زۆری تیایه
بۆیه پێویسته هەمووان
موسڵمان بین لەژیان

٢

دینی ئیسلام ئاوایه
باوەڕ بوون بەخودایه
محمد( د.خ )پێشەوایه
قورئان قسەی ئەڵلایه
هەتا دنیا دنیایه
بۆ موسڵمان ئەوهایه.

موسڵمان: کەسێکه کەفەرمانەکانی خودا جێ بەجێ دەکات.

# نووسینێکی جیاواز

دڵم تــەنگــەو بۆ مــنــداڵان دەنـاڵێ
ئازاری جەستە کوا وەك دڵەو دەنـاڵێ

هــەنـاســـەم ســاردییە دڵ پڕ گریانە
ئەسـرینی چـاوم ئــەمـە کــوا ژیانە

دڵ پڕ ئــەویـن بــن بــۆ ژیــان و ژین
بــۆ مـنــداڵانــتــان خــۆ کردە مــەژین

دڵ پڕ لەقــین بــن بەرامــبەر دوژمن
تــۆڵە سێنــەربــن بــۆ دوژمن دوژمن.

بۆ: مێردمنداڵان
جەستە : لەش.
ساردییە : ساردە.
ئەسرین : فرمێسك، ڕۆندك.

# زۆڵە کورد

١

دەهەستن گەلۆ بۆچی دەترسن
دانە دانەیان هەر هەموو مەستن

بەڵام داخەکەم ئێوە هەر ئاوان
بێ گوێچکەومەیێ سەرخۆشی دنیان

ئەوان خەریکی سەرخۆشی ئێمەن
کەچی سەرخۆشی ئەوان بۆ ئێمەن

بۆیە تکایە زوو...هەموو هەستن
لەناویان بەرن ئێستاکە مەستن

٢

هـەتاکـو کەی لەناویان نەبـەین
زاڵم و زۆردار وابەسـتـە نەکـەین

بـەهـەمـوو جـۆرێ لە قـڕکـردنن
بۆ قـوتی ئـێمـە دەریـای بێ بنن

لە زووحـاك زیـاتر دوژمنی کوردن
هـەمووش دەزانین کـە زۆڵە کوردن

من لە پێشـەوەم دەی خـێرا هەستن
هەتاکو زووە بە خـوێنمان مـەستن.

بۆ: مێردمنداڵان
گەلۆ: گەل.
مەست: سەرخۆش، سەکران.
ئاوان: ئەوهان.
وابەستە: گیرۆدە.
قوت: پارە، ئانە، سەروەت و سامان.
قڕکردن: لەناوبردن.

## دەزانیت من چیم؟

دەفڕم لە شار و شاخ دا
لە بێــستان و لەبـاخ دا

هاوڕێی زۆرێك گیاندارم
وردیــلــەو زۆر نــازدارم

بـاڵم نەخشــینە و جوانە
ڕەنگــم هــونــەرســـتانە

دەی ئــێســتاکە بــیزانە
چــییە کە ئەوها جــوانە.

# میکانۆ

من و میکانۆکانم
لەگەڵ بیــرۆکەکانم
زۆر کــاری ئەنــدازیاری
دروســت دەکــەم بــەیــاری
بــاڵــە خـــانــە و یــاریگا
زۆر شــوێن وەکـــو پێشــەنگا
نــیــشـــان دەدەم بـــــەیـــاری
پــاشــان دەیـکـــەمـە دیـــاری
بــۆ دایـــە و بــۆ بـــابــە گـــیــان
پێــشــکـــەش دەکــەم بــەدڵ و گــیان.

پێنجوێن ـ ٢٠٠٩

# فێرگە

قوتابخانەکەم جوانە
فێرگەی زانست و ژیانە

لە باخچەی دا هەموومان
دەخوێنین وانەی ژیان

تێ دەکۆشین سڵ ناکەین
هەموودەم هەوڵ دەدەین

ئێمەی فێرخوازی ڕەنگین
چالاکین و نابەزین

گوێ ڕایەڵی مامۆستاین
لە ئەرك و فێرکاری داین.

# قوتابخانە و مامۆستا

قوتابخانەم ڕەنگینە
لای ئێمە زۆر شیرینە

مەڵبەندی فێرکارییە
ڕێگای ڕاستی و ژیارییە

لەڕێگای مامۆستاوە
ژیانی ئێمە بوژاوە

چونك گوتویانە وایە
مامۆستا پێشەوایە.

ژیارییە : ژیان.

# ئــەلف و بێ

ئەلف و بێی کــوردی ئاوان
بــەم شــێــوە یــە ڕیزکــران

نــــاوم ئـــــاوا لــێ نـــاون
ڕیــزبــەنــدی پــارێــزراون

ســی و دوو پیتی قەشەنگن
بــەســوود و زۆر گــریــنــگن

نــاســنــامــەی زمانی ئێمەن
لــە ئــەدەبــدا بێ وێــنــەن

ئـ: ئــاوە ئــاو ژیــانە
ئاو ســەرچاوەی بونمانە.

ب: بــابە دەی خــێـراکە
ســەیری پــە پــوولە بکە.

پ: پە پوولەم گەشتەکەم
بــەبــاڵــە نــەخشینەکەم.

ت: تاجی پــاشــایــەتیم
من هێـمای ئــازایــەتیم.

ج: جیك و جیك چــۆلەکە
ســەیری تەڵــە و داو بــکە.

چ: چۆلەکەی ژیر و دانـــام
وریـــا و خـــێرا بە توانـــام.

ح: حوشـــتر هێمـــن و ژیـــره
ئـــــەنـــدازیار، فـــره بیـــره.

خ: خوێ بەسووده بۆ هەمووان
بـــۆ مـــرۆڤ و ئـــــــاژەڵان.

د: داوم بـــــۆ دەرزی و داو
بـــۆ تـــەڵە و بـــابـــەتی ڕاو.

ر: (ر) نـــابێ ســـەرەتـابێ
دەبـــێ (ڕ) قـــەڵـــەو بـــێ.

ڕ: ڕاو کــەرێکــی دانــام
زیــرەك و زۆر بــەتوانــام.

ز: زەردەواڵــەم بــە زیانم
مــن دژی هەنــگــەکــانم.

ژ: ژووژگــم ژیــانم خۆشە
دوورم لەگــێــرە و کــێــشە.

س: سێوم پڕ ڤیــتامــینم
شیرین مێخۆش هەنگــوینم.

ش: شیرم و زۆر بەســوودم
پڕ ڤیــتامین، بــە کەڵکم.

ع: عـــەلەشـیـــش علو علو
ڕاوەســـتە دەی خـــێـــرا زوو.

غ: غاردەدەم زۆر بەجوانی
وەرزشـــە کـــــامـــــەرانی.

ف: فـــڕۆکـــە زۆر خـــێرایە
گـــڤـــەی بـــا لە دوای دایە.

ڤ: ڤالآیە دەرگای زانست
بۆ کەسی بوێر و چـــوســـت.

ق: قوتـابخانە زۆر خۆشە
مـــەڵبـــەندی بیر و هـــۆشە.

ک: کێویم میوەی زستـانم
بە کەڵکم زۆر لە ژیـانم.

گ: گـێزەرم سـوودم زۆرە
جـار جـارە ڕەنـگم مـۆرە.

ل: لیمۆم تـرشی تـرشـەکان
لەنـێـو هـەمـوو میـوەکان.

ڵ: لاڵەکان قسـە ناکەن
بـە ئـامـاژە گـۆ دەکـەن.

م: مـــۆزم ڕەنـگـم زەردە
نــاوم شـیرین، بێگـەردە.

ن : ناودارم خەبــات دەکەم
نیــشتیمــان ئازاد دەکــەم.

ﻫ : هە نجیرم میوەی هاوین
ڕەش و زەردم و شـــیــریــن.

و : وریا و دانا و هــۆشیارم
کــوڕە کــوردی جــوتــیــارم.

وو : وولاٚتم گشت وشیــارە
وولاٚت و وشـیـــار دیــارە.

ۆ : ( ۆو ) ئــامــرازە بیزانە
بۆ بــانگ کــردن ئاســانە.

ی: یاری دەکەم لەیاریگا
فێــردەبم لە خوێــندنگا.

ێ: ێــی ێــی کـــۆتــایــم
مــن هاوسێی (ی) مراویم.

دوو بــزوێــنی تر مــاون
کــاریــگــەر وا دامــناون

ا : دووەم پــیـــتـــی دادە
بــە پــێــوە ڕاوەســتاگــە
ە: سووکە لەسەر زمانمان
گــرینگە لە ڕێــزمانمان.

ڤالاّ: کراوە.
ڕاوەستاگە : ڕاوەستاوە.

# چیرۆك

## بۆ منداڵان و مێردمنداڵان

## كاروان عەلی

* دارستانە سووتاوەكە.
* كچی گوڵاوی بەهێزترە لە شازادەو دڕندە.
*قەلەڕەشەكە و خێزانێكی بەختەوەر.
*كەروێشكە هەژارەكە و چیرۆكی دنیا.
* نەخۆشی وچاكبوونەوەی بێچووە شێرێك.

# دارستانە سووتاوەکە

لەناو دارستانە سووتاوەکەدا هەموو گیانداران دڵگران و خەمناك بوون، هەندێکیان لەبەر برستی بوون و هەندێکیان لەبەر لەدەستدانی ئازیزانیان، چونکە لەگەڵ سووتانی دارستانەکەدا زۆرێك لەگیانلەبەران سووتابوون و زۆرێکیش بەهۆیەوە مردبوون، هەر بۆیە زۆربەی گیاندارانی دارستان نیگەران وخەمبار بوون... ئەو دارانەی هیوای ژیانیان مابوو باڵندەکان بە هێواشی لەسەری دەنیشتن و گیانەوەرانی تریش بەهەمان شێوە،
بەدوای سێبەر و گەڵا و سەوزایی و ئاودا دەگەڕان...
بولبولی دەنگ خۆشی دارستان وەك هەمیشە لەخەمی هەموو گیانداران دابوو هەر بۆیە هەرجارەو دەچووە سەر دارێك و جێگایەك
بەدەنگی خۆش دەیخوێند و دەیگوت:
دڵگران مەبن ئەمە تاقیکردنەوەیە و دەبێت ئارام بگرین و دەست بە ژیان بکەینەوە، نابێت بە هیچ شێوەیەك کۆڵبدەین و دەست لە دارستانەکەمان بەر بدەین، کۆچ بکەین..

ئەم دەنگخۆشی و خوێندن و ئەم گرینگیدانـــەی بولبـــول بووبـــووە هـــۆی دڵخۆشی، هێزو ورەبەخشی زۆرێك لە گیانەوەران، چەندین ڕۆژ بولبول بەماندوبوون و هەوڵ و قسە و خوێندنە خۆشەكانی وزەیەكی زۆری بـــە تەواوی گیانەوەرانی دارستـانە سووتـاوەكە بەخشیبوو

سەربـاری ئەوەی زۆرێك بەهۆی كەم خـــواردن و ئـــاوەوە نیگـــەران و بـــێ هێزو خەمبار بوو بوون...

بەلام بولبول هەمیشە لـــە هـــەوڵ و تێكۆشـــاندا بـــوو تـــا وا لەهـــەموو گیانەوەران بكات دەست بكەنەوە بە خزمەتی دارستـانەكەیان و دووبـاره دارستـانەكە ببوژێننەوە...

بەدەنگەخۆشەكەی، وتە بەهێزەكانی ئەم خەونەی لەدڵی زۆر زۆرێكـــی گیاندارانی دارستـاندا چەسپاند...

ڕێوی فێڵبـازیش ئەمەی بەهەل و دەرفەت زانی هـــەر بۆیـــە هەرچـــۆنێك بێت بە سكی برسی و بێ هێزییەوە خۆی گەیاندە بولبولی دەنگ خۆش، بەئـاواتی ئەوەی بولبولی جوان بكاتە ژەمـــە خـــۆراكێكی خـــۆش، ســـكی خۆی پێ كەمێك تێر بكات...

بولبول لەسەر چیلکێکدا دەیخوێند بەدەنگە خۆشەکەی،
ڕێویش هێدی هێدی لێی نزیك دەبووە وە گوتی:بولبولی خۆشەویست خەمخۆری دارستان ئەوە بۆ ئەوەندە دەخوێنی و قسە بۆ گیانەوەران دەکەی؟
بولبول: من دەمەوێ هەموو گیانداران وا لێ بکەم چیتر خەم نەخۆن و بەدەنگی خۆشم ئارامیان بکەمەوە و لەنیگەرانی ڕزگاریان بکەم...
ڕێوی: زۆر باش دەکەی هاوڕێی ئازیزم بەلاّم من نیگەران ترین گیانداری ئەم دارستانەم و دڵنیابە گوێشم زۆر تەپ بووە
بولبول هاتە وەلاّم و گوتی: بۆ هاوڕێی ئازیز؟
خۆتۆ گوێت هیچ کێشەی نەبوو...
ڕێوی: ڕاستە بەلاّم لەگەڵ سووتانی دارستاندا گوێم ئەوهای لێهات
چونکە خۆت دەزانی هەر لەگەڵ سووتانی دارستانەکەدا
خەریك بوو بمرم
چونکە من لەنزیك مینەکە بووم کەتەقییەوە بەهۆی ئاگرەکەوە
بولبول: باشە تۆ بۆ لەوێ بووی خۆ ئەوێ شوێنی تۆ نییە
ڕێوی: دەچووم بۆ لای هاوڕێیەکم...

بولبول: باشە بەهیوام خەمبار و دڵگران نەبیت و سووتانی دارستانەکەشمان سودێکی بۆت هەبووبێت بەوەی کە چیتر لە پیلان و فێڵ بەردەوام نەبیت
ڕێوی: نا نا هاوڕێکەم من هەرگیز وانیم و نابم
بەڵام پێمخۆشە کەمێکیش بۆ من بخوێنی تا منیش ئارام ببمەوە...
بولبول: باشە گوێبگرە ئێستا بۆت دەخوێنم
بولبول کەوتە خوێندن بۆ ڕێوی، زۆر بەخۆشی و نەرمی دەیخوێند کە بەڕاستی دەنگەکەی ئارامی دەبەخشی...
ڕێوی: ببورە بولبولی ئازیز زۆر باش گوێم لێ نییە، تۆ هەموو گیاندارانت دڵخۆش کردووە
بە دەنگە ئەفسوناوییەکەت هەر بۆیە تکایە دڵی منیش خۆشبکە
لەسەردارەکە وەرە خوارەوە، وەرە بۆ لام با لەنزیکەوە گوێت بۆ بگرم و کەمێك ئاسودەبم
بولبول باشە ئێستا دێم و هەر چیم پێ بکرێ بۆ دڵخۆشی و ئارامیت دەیکەم بەڵام تکایە ئازارم مەدە
ڕێوی: تۆ بێیت و دڵی من خۆش بکەی چۆن دەتوانم کارێکی قێزەونی وا بکەم... ئێمە هاوڕێین شتی وا نابێت و دڵنیابە...

بەلاّم ڕێوی لەدڵی خۆیدا دەیگوت: هەر بێت و دەستەکانم لێی گیربێت بەیەك جار دەیکەمە دەممەوە خۆم لەو برسێتی و بێ هێزییە ڕزگاردەکەم بولبولی دەنگ خۆش باوەڕی پێکردو، هاتە نزیك ڕێوی و دەستی بە خوێندن کردو ڕێوی فێڵبازیش هێواش هێواش خۆی نزیك دەکردەوە لە بولبول، تا ئەوەندە نزیك بووە وە کە دەیتوانی بیگرێت هەر بۆیە ڕێوی تەواو خۆی ئامادە کرد...لەکاتێکدا پەلەماری بولبولی داو بولبول خێرا فڕی ... بەلاّم ڕێوی بەچڕنوکی زۆر ئازاری بولبولی داو کلکی لەبنەوە دەرهات بەهەر جۆرێك بێت دوای دوو سێ جار هەوڵدان و ماندووبوون توانی لە نێو دەستەکانی ڕێوی خۆی ڕزگاربکات و خۆی گەیاندەوە سەر جیلکە دارەکەی،

گوتی: زۆر شەرمە بۆت من باوەڕم پێکردی و تۆش پیلان و فێڵت لەژێر سەردابوو هەربۆیە بولبول دەستی کردە بانگکردنی گیانەوەرە بەهێزەکان و هەمووگیانداارانی ئاگادارکردەوە، پێی گوتن ڕێوی لەم ساتەوەختەدا هەر خەریکی پیلان و فێڵە... هەربۆیە تەواوی گیانداران کەوتنە دوای ڕێوی و ڕێویان لە دارستانەکەیان بەدەرناو بولبولی دەنگخۆشیش بەردەوام بوو لە دڵخۆش کردنی گیانەوەران و بوژاندنەوەی دارستانەکەدا.

تەپ: کز، لاواز.

# کچی گوڵاوی بەهێزترە لە شازادە و دڕندە

لەگوندێکی بچکۆڵەی جواندا خەڵکێکی زۆر جوان و ڕووگەش و دڵ نـەرم دەژیان، خەڵکی ئەو گونـدە هێنـدە جـوان بـوون لـەناخ و ڕوخسـاردا لەتەواوی وڵاتدا بەگوندە جوانەکە ناوبانگیان دەرکردبوو

لەناو گوندەکەو خەڵکە جوانەکەشدا کچێکی زۆر جوان و شۆخ و شەنگ هەبوو، قژێکی درێژ و چاوێکی کاڵ و پێستێکی فریشتە ئاسای هـەبوو، ئەو کچـە جوانـە جگـە لـەجوانی و هاوکـاری و دڵپـاکی بەهرەیـەکی خودایی هەبوو، بەهرەیەك کەهیچ کەس لەتەواوی دنیادا نەیبوو، هەر بۆیـە کچـی شـۆخ و شـەنگ زۆر بـەناوبانگ بـوو بـەهۆی بەهرەکەیەوە، دەیتوانی هەموو جۆرە نەخۆشییەك چاکبکاتەوە...

ساڵ هات و چوو کچەجوانەکە زۆر زیاتر بەناوبانگ بـوو نـاونرا کچـی گوڵاوی، چونکە نەخۆشـەکانی بـەهۆی شـیلەی گـوڵ و ئـاوی گوڵـەوە چارەسـەر دەکـرد، وەکـو شـەربەت بەنەخۆشـی دەدا و پـەرجوو ئـاسـا نەخۆشەکە ڕاستەوخۆ لەژێر دەستەکانی چاك دەبوونەوە

ڕۆژێك لەڕۆژان کۆمەڵێك سوارچاکی بەهێز هاتن بۆ لای کچی گوڵاوی کوڕێکی زۆر جوان و قسە خۆشیان بۆ لای هێنا،

کچی گوڵاوی سەیری پێیەکانی کردوو

گوتی: پێ یەکانی بەرەو نەمان و پوکانەوە دەچن، بەتەواوی خەریکە پێیەکانی لەدەست بدات، باش بوو زۆر دوانەکەوتن...بەویستی خودا ئاوی گوڵاوی هەمە جۆری شاخی بەرزی پێدەدەم،گوڵەکانی ئەوێ زۆر تاییەتن...کچی گوڵاوی دەستی دایە چەندین گوڵاوی شەربەت و شەربەتێکی تاییەتی دایە دەستی کوڕە جوانەکەو کوڕە جوانەکەش

پێی گوت: ئەگەر من چاك ببم چیت بوێت لەدنیادا بۆتی دەکەم

کچی گوڵاوی گوتی: هەموو خەڵکی وام پێ دەڵێن... بەڵام چاك بوونی هەر نەخۆشێك بۆ من دڵخۆشی هەموو دنیایە، هیچم ناوێ...

تەنها سوپاسی خوابکە... کوڕە جوانەکە شەربەتەکەی خواردەوەو پاش چەند خولەکێك کوڕەکە هەستایەوە سەر پێ و زۆر سوپاسی کچی گوڵاوی کرد... کچی گوڵاوی گوتی: تەنها سوپاسی خوا بکە...سوارچاکەکان و کوڕە جوانەکە بەدڵخۆشی و دەم بەخەندەوە ڕۆیشتن و کچی گوڵاویش دەم بەخەندەتر ...کچی گوڵاوی هەمیشە لەخزمەتی خەڵك و دڵخۆشکردن و چارەسەری نەخۆشدا بوو...

ڕۆژێك لـەکاتی چارەسـەرکردنی نەخۆشـێکدا کەسـێکی زۆر ناشـرینی دڕندە ئاسا هاتە ژووری چارەسەری کچی گولاوی

گوتی: هاتووم ئەو ناشرینی و پیرییەم نەیـەڵی بێـزارم لەناشـرینی خۆم و پیرییەکەم کچی گولاوی بەزەردەخەنەوە

گوتی: ببورە ناتوانم ئەوە کاری خودایە...

کاری من نییە ئەگەر ئازارێك یان هـەر نەخۆشـییەکت هەیـە فـەرموو خزمەتت بکەم پیاوە ناشرینەکە دڕندانە نەڕاندی و

گوتی: ئەگەر پیرییەکەم و ئەو ناشرینییەم چاك نەکەیت بێگومان بە لەناوت دەبەم و نایەڵم لەم گوندەدا بژیت و تەنانەت نایـەڵم گـوڵی چیایی بەرزیش ببەیت، کچی گولاوی داوای لێبوردنی لێکرد

بەلام پیاوە دڕندەکە کچی گولاوی نایە ژێر دەستەکانی و کچی گولاوی ڕفاند... یەك دوو سوارچاکی گوندەکەش دوای زانینی ڕفانـدنی کچـی گولاوی خۆیان ئامادەکردوو بەڕێ کەوتن بۆ ڕزگارکردنی کچـی گـولاوی شـۆخ و شـەنگ دوای دوو ڕۆژ چـەندین سوارچـاکی بـەهێز هـاتن بـۆ گوندەکەو پرسیاری کچی گولاویان کردو لەنێو ئەو سوارچاکانەش کوڕە جوانەکەی تێدابوو کەوا کچی گولاوی چارەسەری کردبـوو خەڵکەکـەش گوتیان: کچی گولای ڕفێندراوە،

تەواوی چیرۆکەکەیان بۆ سوارچاکەکان گێڕایەوە کوڕەجوانەکەش گوتی: من کوڕی پادشای وڵاتم و هەر ئێستا دەچم زۆرێك لەهێزی وڵات کۆدەکەمەوە، لەگەڵ تەواوی سوارچاکەکانی خۆم تا کچی گوڵاوی شۆخ و شەنگ نەبینمەوە ناگەڕێمەوە ئەم گوندە و شارەکەم...

شازادە ڕستەوخۆ بەرێکەوت و زۆرێك لەهێزی وڵاتی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بۆ گوندەکە و لەوێشەوە بەیارمەتی دانی چەندین ڕێبەر و شارەزای گوندەکە و چیاکانی ئەو ناوچەیە بەڕێ کەوتن

بۆ دۆزینەوەی کچی گوڵاوی دوای چەندین ڕۆژ گەڕانی شاخ و دارستان کچی گوڵاوییان نەدۆزییەوە... هەربۆیە شازادە بڕیاریدا خۆی بەسەر بەرزترین لوتکەی شاخی وڵات بکەویت لەگەڵ چەندین سوارچاکی باش، پاش دوو ڕۆژ توانی بگاتە لوتکەی چیای بەرز و دارستانە چڕەکەی سەر لوتکەی چیایەکە پاش گەڕان و ماندووبوونێکی زۆر شازادە توانی کچی گوڵاوی ببینێتەوە، سەیری کرد وابەقەد دارێکی گەورەوە بەستراوەتەوە، هەر بۆیە بەخێرا چوو رزگاری کرد و شازادە فەرمانی دا کەوا بەڕێ بکەون بۆ خوارەوە

لەکاتی هاتنە خوارەوەی شازادەو سوارچاکەکانی پیاوی دڕندە هێرشی کردە سەر شازادەو سوارچاکەکانی...سوارچاکەکانی شازادەش چوار دەوری پیاوی دڕندەیان گرت،

شازادەش گوتی: بەهیچ جۆرێك ئازاری مەدەن بزانم چی دەوێ...

پیاوی دڕندە هاواری کردوو گوتی: پیری دەمکوژێ و ناشرینیم دەربەدەری کردووم... ناتوانم بگەڕێمەوە ناو هۆزەکەم،

گاڵتەم پێ دەکەن... کچی گوڵاوی هاتە وەڵام گوتی: تۆ بوار نادەی قسەبکەم بهێڵە بۆتی ڕوون بکەمەوە،من و هیچ کەسیش ناتوانێ پیری ڕابگرێ... تەمەن زیاد بکات... ناشیرینی جوان بکات وەك نەخشی یەزدان بەلاّم ئەگەر تۆ ڕازی بیت وەرە گوندەکەی ئێمە بژی و کەس لەگوندەکەی ئێمە گاڵتەت پێ ناکات و بەناو ناتۆرەی خراپ بانگت ناکات، دڵنیام لەوێ ئاسودەدەژیت

شازادە گوتی: ئەگەر لەوێ ئاسودە نابیت وەرە دەتکەم بە سەرۆك هێزی بەشێك لەسوپای هێزی وڵات ئەو کاتەش ژیان و کارت دەبێت،

هیچ کەسیش ناتوانێت گاڵتەت پێ بکات... پیاوی دڕندە ئاسا فرمێسك بەچاوانی دا هاتەخوارەوە و زۆر سوپاسی کچی گوڵاوی و شازادەی کرد و گوتی ڕازیم بە هەر یەکێك لە بڕیارەکانتان.

پەرجوو: معجیزە.ئاسا: وەك.

یەزدان: خوا،خودا، ئەڵلاّ.

ت ـ خودای گەورە ٩٩ناوی هەیەو هەرناوی تایبەت بە پێناس وناساندنی خۆیەتی.

# قەلەڕەشەکە و خێزانێکی بەختەوەر

وەرزی بەهار بوو دارستان سەوز و جوان و دڵگیرخۆی نیشان دەدا هەموو گیانداران خەریکی ژیانی خۆیان و دڵخۆشکردنی یەك و هاوکاری یەکتربوون...خێزانێکی وردیلەو جوانیش سەریان بەیەکەوە نابوو کارەکانیان بەیەکەوە ئەنجام دەدا...
دڵخۆشانە کاری دەرەوە و ماڵەوەیان بەیەکەوە،بەهاوکاری یەکترەوە دەکرد،بەلاّم ئەوەی سەیر بوو ئەم خێزانە سەر بەیەك خێزان نەبوون بەڵکو هەر یەکەو سەر بەخێزانێك بوون لەدارستاندا ئەوانیش پێکهاتبوون لە سمۆرە و چۆلەکە،بولبول،کەروێشك، کوندە بەبوو، پەڕەسێلکە و ژووژگ ئەم خێزانە زۆر گونجاوبوون و هاوکاری یەکتر بوون لەهەموو کارێکدا هەروەها بەدڵخۆشترین خێزانی دارستان ناو دەبران و هەمیشە خەندەو خۆشی لەناو ماڵ وخێزانە جیاوازەکە دەباری... قەلەڕەشی فێڵباز ماوەیەك بوو دەیویست دڵخۆشی ئەو خێزانە وردیلەیە تێك بدات،

هەموو هاوڕێکان لەیەك بکات هەر بۆیە دواى بیرکردنەوەیەکی زۆر توانی پیلانێکی چە پەلانە دابنێت...

شەو داهات قەلەڕەش سەیری خەندە و خۆشی ئـەو خێزانـەی دەکـردو دوای هەموو کارێکیش بولبولی دەنـگ خـۆش بەدەنگـە خۆشـەکەی بـۆ هاوڕێکانی دەیخوێند تاوەکو دڵی خـۆی و هاوڕێکـانی خـۆش بکـات و ماندوبوونی کاری ڕۆژیان بـیر بباتـەوە دواتـریش هـەموو هاوڕێیـان دەخەوتن، خۆیان ئامادە دەکرد بۆ کاری بەیانییان... قەلـەڕەش هـەر لەو شەوەدا بڕیاریدا پیلانەکەی جـێ بـەجێ بکـات هـەر بۆیـە خـۆی نەخۆش خست و چـووە بـەردەم مـاڵی هـاوڕێ دڵسـۆزەکان و ئـەوانیش دەرگایان لێ کردەوە...

قەلـەڕەش گـوتی: زۆر نەخۆشـم تکایـە هاوکـاریم بکـەن و بمکـەن بەیەکێك لە هاوڕێکانی خۆتـان ... بێ جێگـام... نەخۆشـم... تکایـە فریام کەون و بەهاوڕێی خۆتـان پەسەندم بکەن ئەوانیش لە دڵ باشـی و دڵنەرمی خۆیان کردیان بە هاوڕێی گیـانی بـەگیانی و پێیـان گـوت تاچاك دەبیتەوە بە هەموومان خزمەتت دەکەین و دوای چاك بوونەوەت وەك ئێمە کار دەکەیت و هەموومان بەیەکەوە دەژین ...

قەڵەڕەش سوپاسی کردن و گوتی: زۆر چاکە و زۆرم پێخۆشە...
قەڵەڕەش چەندین ڕۆژ لەگەڵیان ژیا و زۆر بەخیلی بەدڵخۆشی هەمووان دەبردو نەی دەزانی چۆن دەست بە پیلانەکەی بکات بەلاّم دوای خوێندنی بولبول بۆ هەمووان ئارامکردەوەیان هەموو خەوتن... تەنها قەڵەڕەش نەبێت ئەویش چووە بن گوێی بولبول و بولبولی لە خەو هەستاند گوتی: دەزانی هاوڕێ تۆ زۆر ماندویت، شەو و ڕۆژ کاردەکەی وەکو چۆلەکەو هاوڕێکانی تر نیت ،
بولبول گوتی: نەخێر من تەنها بەڕۆژ کاردەکەم و وەکو ئەوانم...
قەڵەڕەش گوتی: نەخێر نەزان گوێگرە تۆ بەڕۆژ کاردەکەی و بەشەویش تا ئەوان ماندوبوونیان بڕەوێتەوە بۆیان دەخوێنی و لەبەلاش ئەو گەرووە تایبەتەت ماندوو دەکەی بولبول بیرێکی کردەوەو گوتی: من بۆ دڵخۆشی خۆشم دەخوێنم قەڵەڕەش هاتە وەلاّم و گوتی: وایە بەلاّم دەتوانی ئاسودەتر بژیت بەهۆی دەنگەکەتەوە هیچ گیانەوەرێك وەك تۆ دەنگ خۆش نییە، دەتوانی بڵێی من شەوان ئارامتان دەکەمەوە ئێوەش بەڕۆژ کار بکەن و کاری منیش تەنها دەنگ خۆشی و خوێندنەکەمە بۆتان...

منیش بەهۆی خوێندنەکەمەوە ماندوو دەبم کەواتە ئەوەش کارە و ئەو کات تۆ شاهانە دەژیت... بولبـول هەنـدێکی تـریش بـیری کـردەوە و گوتی: ڕاست دەکـەی هـاوڕێی باشـم بـۆ مـن شـەو و ڕۆژ کـار بکـەم و ئەوانیش تەنها بەڕۆژ... بۆ بەیانی بولبول گوتی: من نایەمە سـەرکار و ناو دارستان چونکە من شـەوان بۆتـان دەخـوێنم و بـەوەش مانـدوو دەبم، ئەوەش کارە... هـەموو هاوڕێیـان پێیـان نـاخۆش بـوو بـەلام هیچیان نەگوت، قەلەڕەشیش گوتی: کێشە نییە من چـاکبومەوە، مـن دەچمە سەر کار لەگەڵ ئێوەدا هەرچ کارێك بێت ئامادەم...

ئەوان چوون بۆ سەرکار و بولبولیش لەماڵەوە بوو هەستی بەنیگـەرانی دەکرد کە بەتەنهایە، دوورە لەقسـە خۆشـەکانی سـەر کـار و نوکتـە خۆشەکانی سمـۆرە و چـۆلەکە و گاڵتـەکانی ژووژگ و هاوڕێکـانی تـا نیوەڕۆ خۆی گرت بەلام دواتر خۆی بۆ ڕانەگیرا و دایـە شـەقەی بـاڵ و فڕی و چوو بۆ لای هاوڕێکانی و بینی وا قەلەڕەش باسی بولبول دەکات و پێیان دەڵێ نابێت ئەو لەماڵ بێت و ئێمەش ماندوو بین ئەو خۆ هـەر بۆ ئێمە نـاخوێنێ بـۆ خـۆی و دڵخۆشـی خـۆی دەخـوێنێ هاوڕێکـانی بولبولیش هێدی هێدی خەریك بوو باوەڕ بەقەلەڕەش بکەن

هەر بۆیە بولبـول چـووە ناوەنـدی هاوڕێکـانی و گـوتی: قەڵـەڕەش بوەستە شەو خەریك بووفریوم بدەی بەوەی کەدەتگوت تۆ تەنها شەوان بخوێنە...ئەمە کاری تۆیە، تۆ شەو و ڕۆژ کاردەکەی و هتد...
ئێستاش من لێرە نەبووم خەریکە هاوڕێکانم دژی من فریو دەدەی دەی خێراکە لێرە برۆ و دووڕوویی زیاتر مەچـێنە لـەناومان مـن داوای لێبوردنتان لێ دەکەم هاوڕێیان خەریك بوو قسـەکانی قەڵەڕەشـی دوو ڕوو هەموومان لەیەك بکات... کەروێشـك و پەڕەسـێلکە و هاوڕێیـانی تریش داوای لێبوردنیان لە بولبول کرد...گوتیان خەریك بوو ئێمـەش بەقسەکانی باوەڕبکەین هەر بۆیە هەموویان بەیەکەوە قەڵەڕەشی دوو ڕوویان دەرکرد و کۆبونـەوە لەشـێوەی بازنـەدا، بـەڵێنی هاوڕێیـەتی هەمیشەییان دووبارە کردەوە، کەوتنە قسەی خۆش و گاڵتـە و یـاری، بولبولیش دەستی کردەوە بەخوێندن.

گەروو: قوڕگ.
بەخیل: چاوپێ هەڵنەهاتن. حەسوود.

# کەروێشکە هەژارەکە و چیرۆکی دنیا

کەروێشکی هەژار بۆ تێرکردنی سکی بێچووەکەی و داواکردنی هاوکاری چووە ماڵی دراوسێکەیان کە ماڵی کەروێشکی دەوڵەمەند و خڕو خە پان بوو... کەروێشکی هەژار بەباشی نەیدەتوانی ڕێ بکات، چونکە قاچە شکاوەکەی تازە بەرەو چاك بوونەوە دەچوو، هەروەها زۆر نەبوو ڕزگاری بوو بوو لە دەستی ڕاوچییە زۆردارەکانی ناوچەکە، بەلاّم هەرچۆنێك بێت خۆی گەیاندە ماڵی کەروێشکە خڕوخە پانەکە و داوای کەمێك خواردنی کرد بۆ بێچووە بێ نازەکەی، کەروێشکی خڕوخە پان زۆر بە تووڕەیی دەری کرد و پێی گوت: تۆ لەبەر تەمبەڵی و بێ ئاگاییت توشی تەڵەی ڕاوچییەکان بوویت و ئێستاش داوای یارمەتی لەمنی زیرەك و ماندوو نەناس دەکەیت ...

منیش بە ئاسانی نانم پەیدا نەکردووە، ڕاستە من بەتەنهام بەلاّم ماڵ و سامانەکەم بەری ڕەنجی خۆمە و هیچ نابەخشم... بڕۆ جێگایەکی تر خۆزگە تۆی تەمبەڵ دراوسێشم نەبوویتایە،

کەروێشکی هەژار بەدڵ شکاوی گەڕایەوە...
بینی لەبەردەرگا دراوسێ هەژارەکەی تری کۆمەڵێك خواردنی پێیە، دەم بەخەندەوە ڕاوەستاوە... بە کەروێشکی هەژاری گوت: ئەگەر بکرێت پێمخۆشە ئەم بڕە کەمە خواردنەم لێوەربگری، من سوپاست دەکەم و منداڵەکانیشم دڵخۆش دەبن بەیارمەتی دانی دراوسێ و فێری یارمەتی یەکتری دەبن لەئایندەدا...
کەروێشکی هەژار بەچاوی پڕ فرمێسکەوە باوەشی میهرەبانی بەکەروێشکە هەژارەکەی دراوسێی داکرد و لەناخەوە سوپاسی کرد و دانە دانە بێچووەکانی کەروێشکە هەژارەکەی تری ماچ کرد.

دراوسێ: هاوسێ، جیران.

## نەخۆشی و چاك بوونەوەی بێچووە شێرێك

بێچووە شێرێك دوای ئەوەی كەڵبەكانی تــەواو تیــژ بــوون و ئامــادەی خواردن بوون،هەمیشە سڵی نەدەكردەوە لە خواردنە خۆشەكانی
كە باوكی بۆی دەهێنا و ڕاوی دەكرد... بێچووە شێر بەردەوام بوولەسەر خواردنی زۆر، پڕبەسكی خۆی خــواردنی دەخــوارد و دەم و ددانــی پــاك نەدەكردەوە، وای لێهات هێدی هێدی بێچــووە شــێرزیاتری دەخــوارد و قەڵەوتر دەبوو، جگە لەوەش ددانە تیژ و جوانەكانی توشی میكرۆب و ئازار هاتن، لەبەر ئەوە بێچووە شێر زۆر هەراسان بوو...
لەبەر قەڵەوی و برسی بوونیش وازی لە خواردنە خوشەكان نەدەهێنا بۆیە بەباشی نەی دەتوانی لەگەل هاوڕێكانی ڕێیكات و ڕابكات بــەناو دارستان و گرد و تە پولكەكاندا، هێدی هێدیش ئازاری ددانــی زیــادی دەكرد، تا وای لێهات بێچووە شێر نەی دەتوانی هیچ جــۆرە خواردنێــك بخوات لەبەر ئازاری ددانی و هێواش هێواشیش لاواز دەبوو...

هەروەها ئازارەکەی هێندە زۆر بوو تەنانەت نەی دەتــوانی بــە باشــی هاتووچۆی ئاسایی بکات بۆیە زۆربەی هاوڕێکانی و دایك و باوکی وا گومانیان دەبرد دەمرێت...

لەبەر ئازارە زۆرە کەی و لاوازییە کتوپڕییەکەی چونکە بێچــووە شــێر ماوەیەکی زۆر بوو بە دەست ئازارەوە دەی نالاند، بۆیــە بــاوکی ڕۆژێــك هەر چۆنێك بێت لەگەڵ بێچووە شێر چووە لای پزیشکە وریا و چالاك و ژیرەکــەی دارســتان و پــێ ی ڕاگەیانــد کــە بێچــووە شــێر چــییەتی، پزیشکیش خێرا دەرمانی ئــازار و دژە میکــرۆب و خاوێنکردنــەوەی بــۆ دانان و بەرنامەیەکی خواردنی تەندروستی بۆ بێچووە شێر دانا...

پێ ی گوتن: بــەهاوڕێیانی دارســتانیش بڵــێن زۆر خــواردن و خــاوێن نەکردنەوەی ددان هۆکاری سەرەکین بۆ نەخۆشی و سستی و قەڵەوی...

بێچووە شێریش تــەواوی هــەنگاوەکان و ئامۆژگارییــەکانی پزیشــکی گرتە بەر،

باوکە شێریش ئامۆژگارییەکانی پزیشکی بە هاوڕیانی دارستانی ڕاگەیاند کە چۆن خۆیان بپارێزن لە پیسی و میکرۆب و قەڵەوی و زۆر خواردن ... لەبەر ئەوە بێچووە شێر دوای ماوەیەك تەواو چاك بووەوە، هەموو هاوڕێیانی دارستانیش گوێ ڕایەڵی پزیشك بوون... هەر بۆیە هەمووگیانلەبەرانیش بە تەندروستییەکی باشەوە لەژیان و دارستانەکەیان دا بەخۆشییەوە دەژیان....

# ماسی گرەکەو کوڕەکانی

ماسی گرەکە هەموو ڕۆژێك بەیانیان زوو زوو پێش خۆرهەلآت دەچووە لێواری دەریا و دەستی بەماسی گرتن دەکرد، تا درەنگانێکی خۆرهەلآت، پاشان بەخۆی و نێچیرەکانییەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵ، هەروەها ئاسوودە و کامەران لەگەڵ خێزانەکەی زۆر بەدڵخۆشی دەژیان و ڕۆژگاریان تێدە پەڕاند، ساڵ هات و چوو ماسی گرەکە لە پیشەی خۆی هەربەردەوام بوو...

کوڕی ماسی گرەکەش تەواو گەورەبوو بوو بۆیە ماسی گرەکە بڕیاری دا هەموو ڕۆژێك کوڕەکەی لەگەڵ خۆی ببات بۆ ماسی گرتن تاوەکو فێری بکات و هاوکاریشی بکات، ئەمەش لەدوای ئەوەوە هات کەوا کوڕەکەی چەندین جار داوای ئەوەی لەباوکی کردبوو تاوەکو بیبات و فێری پیشەکەی بکات...

دوای ماوەیەکی زۆر و تێپەڕبوونی چەندین ساڵ کوڕەکەی تەواو فێری ماسی گرتن و پیشەکەی باوکی بوو بەلآم ئەم کوڕە زۆر جیاوازتربوو لەباوکی چونکە زۆر خۆویست و چاوچنۆك بوو، هیچ کاتێك وەکو باوکی ماسی بەدیاری نەدەدایە هاوڕێ و دۆستەکانی، بگرە زۆر پێشی ناخۆش دەبوو کاتێك باوکی ماسی بەدیاری دەبەخشی، هەروەها زۆر

بێویژدانانە هەر ماسییەکی بگرتایە بەئازارەوە دەیکوشت و هیچ کاتێك وەکو باوکی ماسی بچووکی بەر نەدەدایەوە ناو دەریا، هەرماسییەکی بگرتایە ئەگەر زۆر بچووکیش بوایە بەرەڵای نەدەکرد هەر لەبەر ئەمانە باوکی هەمیشە ئامۆژگاری دەکرد، بەلاّم بێسوود بوو... ڕۆژگار هەمیشە بەخەندەو خۆشییەوە لەماڵی ماسی گرەکە تێدەپەڕی، باوکە ماسی گرەکەش هێدی هێدی بەرەو پیری دەڕۆیشت، هەر بۆیە وەك هەمیشە ئامۆژگاری کوڕەکەی کرد و پێی گوت:

چیتر ناتوانم ماسی بگرم و دەستەکانم لەرزۆك بوون، سوپاس بۆ خوا وا دەوڵەمەندیش بووینە پێویست ناکات چیتر ئەوەندە خۆم ماندوو بکەم هەر بۆیە کوڕی شیرینم باش گوێگرە دەریا بێ بەزەییە ئاگاداری خۆتبە، دیاری بەماسییەکان ببەخشە و ماسیش بەدیاری ببەخشە... تارۆزیمان فروانتر و زیاتربێت، بەبەزەییەوە لەماسییەکان بڕوانە و ماسی بچووك بنێرەوە باوەشی دەریا...

کوڕی ماسیگرەکە بەدرۆ گوتی: بێگومان بە باوکە هەر وادەکەم و ئامۆژگارییەکانت لەبیرناکەم، دوای چەندین مانگ کوڕەکە هەر وەك هەمیشە بێ بەزەییانە مامەڵەی لەگەڵ ماسییەکان دەکرد و دیاری

نەدەبەخشی و ماسییە بچووکەکانی بـەبێ هـیچ هۆکارێـك دەکوشـت و بەهەدەری دەدان، هەربۆیە ڕۆژێك بەیانییەکی زوو لەگەڵ یەکـەم تـێ گرتنی سەنارەو قولابدا ماسییەکی زۆر بچـوکی ڕەنـگ ئـاڵتونی زەرد و کلك سوور بە قولابەکەوە بوو، کوڕەکـە سـەیری کـرد و دەسـتی کـردە بۆڵەبۆڵ و گوتی: ئەمە کەی ڕۆژییە بەزیاد نەبێت...

ئەم ماسییە پیسانە هەر بۆ ئـەوە باشـن لـەنێوان دوو بـەرد پانیـان بکەمەوە، پێش ئەوەی ماسییەکە بگاتە دەسـتی کـوڕە ماسـی گرەکـە، ماسییەکە بەقسە هات و گوتی: ئـازادم بکـە و بمگەڕێنـەوە باوەشـی دەریا و پاداشتی ئەم چاکەیەت وەك هەمیشە و بەزیاترەوە وەرگرە...

کوڕەکە گـوتی: چـەندین جـاری تـر لـە شێوەی تـۆم گرتـووەو هەمووتـان هەمان قسە دەکەن، هەرگیز ناتـان گەڕێنمەوە بـاوەشـی دەریـا ئێـوە درۆزنـن و شایسـتەی ژیـان و دەریـا نـین، ماسـییە بچووکەکە هاتە وەڵام و گوتی: هەموو ڕۆژێـك چـەندین هـاوڕێی ئێمە دەبەیت و دەڕۆی و بێ بەزەییانە دەمان کوژیت و دەست و دڵـت نایە لەسەر ڕێگای خۆت تەنانەت ماسییەکمان بدەیتە دەست ئـەو پیرە پیاوە هەژارەی لەنێو کوخ و دارەکـان دەژێـت، تـۆ هـیچ وەك باوکت نیت و ئێستاش درۆ لەگەڵ خۆت و باوکت دەکەی...

ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە بمگەڕێنەوە باوەشی دەریا پاداشتی ئەم چاکەیەت وەك هەمیشە و بەزیاترەوە وەرگرە...

کوڕەکە ماسییە ئاڵتونییەزەردە کلك سوورەکەی لەسەر بەردێك داناو بەردێکی تری هەڵگرت تاوەکو پانی بکاتەوەو لەناوی ببات، ماسییە بچووکەکە دووبارە ئامۆژگاری کردەوەو گوتی: ئەگەر ئاوا دڵڕەق بیت و بمکوژی تا ژیانت ماوە یەك ماسیش ناگری لەلێواری ئەم دەریا گەورەیە و خێزانی ماسییەکانیش تۆڵەی هەموو کارە قێزەونەکانت لێ دەکەنەوە... کوڕە ماسی گرەکە دەستی کردە پێکەنین و بەقاقای پێکەنینەوە ماسییە ئاڵتونییە زەردە کلك سوورەکەی لەنێوانی دووبەرد دا پان کردەوەو دەستی کردەوە بە ماسی گرتن بەلام تاوەکو درەنگانێکی زۆر یەك ماسیشی نەگرت، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵیش شە پۆلێکی زۆر گەورە هات و لەماسی گرەکەی داو هەرچی پێداویستی ڕۆژانەی ماسی گرەکە و تەنانەت سەنارەکەشی دەریا بردی...

هەربۆیە بەدڵێکی پڕخەم و چاوێکی پڕگریانەوە بەرەو ماڵەوە کەوتەڕێ و لەماڵەوە بەسەرهاتەکەی بۆ خێزانەکەیان و باوکی گێڕایەوە، باوکی گوتی: کەوایە سبەی خۆم و برا بچووکەکەت دەچین، چیتر ڕۆژی تۆ لە دەریا نەماوە، زۆریشمان پێگوتی... ئەمەش پاداشتی هەڵەکانتە...

لەوکاتەشدا برا بچووکەکەی گوتی من هەرگیز وەك تۆ نـابم و بـاوکم چی بڵێت بەگوێی دەکـەم، هەمیشـەش دیـاری دەبەخشـمە هـەژاران و بەزەییەوە مامەڵە لەگەڵ ماسییەکان و گیانـەوەران و مرۆڤەکانیشـدا دەکەم، باوکم هەرکارێکی باش بڵێت بەگوێی دەکەم، کوڕە ماسـیگرەکە دەستی کردەوە پێکەنین و گوتی: ئەوە ڕووداوێك بـووە خـۆ ئـەو دەریـا گەورەیە ماسی نابڕێت و هـەمووش ئاگـاداری یـەك و مـن نـین... بـە دڵنیاییەوە سبەی دەست دەکەمەوە کارەکەی خۆم و خرا پتریشیان بەسەر دێنم و ماسییەکی زۆریـش ڕاو دەکـەم، بـەیانی زوو پیـاوە پیرە ماسـی گرەکە و هەردوو کوڕەکەی چوونە سەر دەریـا و پیـاوە پیرەکـە دەسـتی کردە فێرکردنی گرتنی ماسی بە کـوڕە بچـووکەکەی و کـوڕە گەورەکـە لەولا تر خـەریکی ڕاو بـوو، ماسـی گرە پیرەکـە و کـوڕە بچـووکەکەی ماسییەکی زۆریان گرت و بەدیاری و دڵخۆشییەوە گەڕانەوەو کوڕە گەورە ماسی گرەکەش هیچ ماسییەکی نەگرت... هەر بۆیـە لـەو ڕۆژ بـەدواوە تـاوەکو چەندین مـانگ هـەردوو کـوڕی ماسـی گرە پیرەکـە بەیەکـەوە دەچوونە ڕاوە ماسی بەلام کوڕە بچووکەکە هەمیشە بەدەسـتی کـراوە و ماسی زۆرەوە دەگەڕایەوە، بـەلام کـوڕە گەورەکـە تەنانـەت بـۆ یـەك ڕۆژیش ماسییەکی بچوکیشی نەگرت، تەنها پیسی دەریا نەبێت.

کۆتـایی.

بەر لە سوپاس نامە سوپاس بۆ خودا کە بەسەختی پێی گەیاندم، فێری کردم خزمەتی منداڵانی هاوزمان و جیهان بکەم.

سوپاس بۆ:

* لیژنەی خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان.
* عەدنان حلاق
* محمد صالح
* مەڕوان هەژار
* ئاریا کاروان عەلی
* خەیلانی کاروان
* ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە زانییان ئەم کتێبە خزمەتێکی زۆر باشی ئەدەب و منداڵانی کوردی ستەم دیدە دەکات و پێیان خۆش بوو پێشەکی یاخود خوێندنەوەیەکی بۆ بکەن...
دوای خوێندنەوەو وشە و وێنەکانی بن دێری تێکستەکان، لەترسی جێ لەق بوونیان لە پێگە و ترسی حزب و سیاسەت پەشیمان بوونەوە.

# بەشێك لە ژیان و تێڕوانینێك لە ژیاننامەی کاروان عەلی

**کاروان عەلی**

**لەدایك بووی ١ـ ١ـ١٩٨٩ـ ی پایتەختی کوردانە، هەولێرـ**

**باوکی کوڕی مەلا موحەمەدی کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدە.**

**کاروان عەلی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە و پاشان پەیمانگای هونەرەجوانەکان، بەشی شانۆ ـ دەرهێنان ـ بە پلەی یەکەم و دواتر کۆلێژی هونەرە جوانەکان هەمان بەش بە پلەی یەکەم و ئێستاش فێرخوازی ماجستێرە لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان ـ زانکۆی صلاحەددین.**

**دەستپێکی نووسین و کاری ڕۆژنامەوانی:**

*** لەساڵی ٢٠٠٣ نووسینەکانی لەخزمەتی منداڵاندان.**

*** ماوەیەك دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئاسودەی لاوان بووە.**

*** بەرپرسی نواڵەی منداڵان بووە لە گۆڤاری نواڵەی نوێ.**

*** بەرپرسی باخچەی منداڵان بووە لە مانگ نامەی پردێ ی ئازاد.**

*** لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار، سایت و سۆشیال میدیا خزمەتی منداڵانی کردووە وەك هەولێر و نواڵەی نوێ و بەدرخان و چەندینی تر...**

* هەروەها بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی کراوەتە گۆرانی، چەندین چیرۆکی کراوەتە فیلم بۆ منداڵان.
* لەساڵی ٢٠١١ وە سەرۆکی ڕێکخراوی پروشەیە بۆ هۆشیاری و پێگەیاندنی منداڵانی کوردستان.
* چەندین کتێبی بۆ نوسەرانی منداڵان و خزمەتی منداڵان چاپ کردووە....
* بۆ ماوەیەکی زۆریش پێشکەشکاری ڕادیۆ بووە.
* چەندین ساڵیش کارمەندی تەلەفیزیۆنی نیولاین و کۆمپانیای بەرهەم هێنانی کاری هونەری و دۆبلاژ بووە.
* ماوەیەکی زۆریش کارمەندی هەردوو کەناڵی ئاسمانی کەناڵ ٤ و کۆرەك تی ڤی بووە لە بەشی دۆبلاژ و وەرگێڕان.
* زیاتر لە دەیان شانۆ نامە بەژداربووە: وەك دەرهێنەر، یاریدەدەری دەهێنەر، ئەکتەر هتد....
* جگە لەنووسینی دەیان شانۆنامە بۆ منداڵان و نووسینی چەندین هۆنراوەو ئۆپەرێتی تایبەت بۆ شانۆی منداڵان کە پێشکەشکراون.

## گۆشە نیگایەك لە ژیانی نووسەر و باوانی

* ژیانی کۆمەلأیەتی بنەماڵەکەییان هەر لەبا پیرەگەورەکەییانەوە هەژار ونەداربوونە و هەمیشە لە هەوڵی بلأوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بوونە... باوانی وەکو هەموو مەلاکانی ئەو سەردەمە هەرجارەولە لادێیەك دا ژییانیان بەسەربردووە... نووسەر منداڵێکی رووح سووك و زۆر هەرەپاس وچالاك بووە، لەمنداڵێدا چەندین کار و کردەوەی وای کردووە زۆر دوور بووە لە تەمەنی خۆی...

هەروەها لەکۆچڕەوەکەی کورد کەدەکاتە۱۹۹۱ تازە بەسەر پێ کەوتبوو دووبارە ئاوارەو دەربەدەربوون...

لەدوای هێوربوونەوەی بارودۆخی کوردستان بنەماڵەکەییان لەبەرهەژاری و نەداری ڕوودەکەنە لادێکان بۆبژێوی ژیانیان، لەبەرئەمە نووسەر ناتوانێت بچێتەبەرخوێندن، کاتێکیش بژێوی ژیانیان باشتر دەبێت دەگەڕێنەوە پایتەختی کوردان، دوای ئەمەش لەتەمەنی ۱۰ ساڵی دەچێتە بەرخوێندن و هەمووساڵێك پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت و قۆناغی ناوەندیش بەهەمان شێوە تەواو دەکات.

## بەرهەمەچاپ كراوەكانی نووسەر

١ـ ئارەزوو گوڵە و ئاما نجیش بۆنەكەیەتی
٢ـ بەڵێ بۆ تۆشە !
٣ـ چۆلەكە و دالیا چییان دەگووت ؟
٤ـ بەدوای هاوڕێیەك دا دەگەڕێیت ؟
٥ـ ڕۆیشتن بەرەو گەیشتن
٦ـ منداڵێك لە باوەشی دایكیدا ونبوو

* لەئایندەیەكی نزیكدا :

دەروازەیەك بۆ شانۆی منداڵ

* كتێبێكی شانۆییە تایبەت بۆ قوتابیانی هونەری شانۆ و كۆلێژ و پەیمانگاكانی هونەرەجوانەكان.

* شانۆی منداڵان و شازادە بچكۆلەكە ـ تێكستی شانۆیی.

# کاروان عەلی

# شاری کەرە باڵدارەکان

چاپی یەکەم ـ ٢٠٢١ عیسایی

# ناوەڕۆك

سالّی نویّ.................................................٢٣
ئاسك.......................................................٢٤
؟............................................................٢٥
میّرووله و بۆق.............................................٢٦
ڕۆژەكانی هەفتە.............................................٣٥
تەماتە......................................................٣٧
مافیا.......................................................٣٨
گولیك و بەهار..............................................٤٠
دارستانی زۆر دارەكان... پادشای بیّسوود......................٤١
بزانە ناوی چی یە؟..........................................٥٥
كاتی خەو..................................................٥٦
وەرزی زستان...............................................٥٧
ڕەنگستان..................................................٥٨
ئەوە پیّم گوتن..............................................٥٩

کەمردم.................................................................٦٠
چۆن دەڕوانن؟.........................................................٦١
ئەنفالی کورد و بەرپرسان.......................................٦٢
دروستبوونی باران...................................................٦٣
لایلایەی دایك.........................................................٦٤
هونەی.................................................................٦٦
خەیار...................................................................٦٧
هەولێر... شاری شیرینم........................................٦٨
کەڵەشێر..............................................................٦٩
نووسین... مێژوو.....................................................٧٠
گەشت..................................................................٧٢
چیاکانی قەوقاز......................................................٧٣
ئیجە و مەرگ و منداڵ............................................٧٤
شەبەنگ................................................................٧٧

پاك و خاوێنی و تەندروستی........................ ٧٩
کچی شیرینم........................................٨٠
ژیانی ئێمە........................................ ٨١
لەیادی لەدایك بوونێك..............................٨٢
بەفربارین و هەژاری................................٨٣
هونەرەجوانەکان................................ .٨٦
پاییز........................................ .٨٧
تف لە ڕووتان.................................. ..٨٨
منداڵێك لە ڕۆژی جاڕدان و چەسپاندنی مافەکانی منداڵان وا دەڵێ:.....٨٩
گڵپەی ناخ........................................٩٠
زەنگی قوتابخانە...................................٩١
باوەرز............................................٩٢
لەباکۆوە بۆ منداڵانی وڵاتم.........................٩٣
دارستانی بەختیاری.................................٩٤

وێنەکێش.......................................٩٦
ناوم چییە؟.......................................٩٧
فڕۆکە.......................................٩٨
سمۆرە.......................................١٠٠
وڵاتێك دەگرییێت... کەرەکان سەما دەکەن.......................................١٠١
پەیام هێنەر.......................................١٠٤
چۆلەکە و بەفرو باران.......................................١٠٥
دوێرد.......................................١٠٦
ژەهری سپیم پێ مەڕێژن.......................................١٠٧
کاری گەڵا.......................................١٠٩
من سەرکردەم.......................................١١٠
ئەوە چییە؟.......................................١١١
وەرزش.......................................١١٢
کەڵەشێر.......................................١١٣

نالّه.......................................................114
کەو.......................................................118
پەڕەسیّلکە.......................................................119
ئاسۆ.......................................................121
قسەی کەریّك بۆ سیاسییەکان و ئایندەی منداڵان.........123
پەیامی خەم.......................................................124
بڕیار.......................................................127
کوردستانەکەم.......................................................129
کوانیّ دەستم.......................................................131
انا الله وانا اله الراجعون.......................................................133
سەرکردەم منداڵانە.......................................................135
تکایە... تکایە خۆت بەبەرپرس بزانە.......................................................137
کاروان و هیّمای هاتووچۆ.......................................................138
بۆ منداڵیّك لەبەر باران.......................................................143

هێز........................................................١٤٦
خاك........................................................١٤٧
ئازادی........................................................١٤٨
* پۆلی یەك........................................................١٤٩
پۆلی دوو........................................................١٥٠
پۆلی سێ........................................................١٥١
پۆلی چوار........................................................١٥٢
پۆلی پێنج........................................................١٥٣
* پۆلی شەش........................................................١٥٤
ئاکار........................................................١٥٥
ئێمەو مێژوو........................................................١٥٦
فێردەبم لەگەشتدا........................................................١٥٨
کوردستان........................................................١٥٩
دارگوێز........................................................١٦٠

پشت یەکگرن..........................................١٦١
شاری پیر..........................................١٦٢
سێ هاورێ..........................................١٦٣
منداڵێك لەسەرکار ئەم هۆنراوەیە دەڵێ:....................١٦٧
بۆ منداڵێك لە چێشتخانە..............................١٦٨
ئامۆژگاری..........................................١٦٩
یاری بەمانە ناکەم....................................١٧٠
تف لە چارەتان......................................١٧١
ڤاریز..........................................١٧٢
خاکی پیرۆز........................................١٧٣
مۆز..........................................١٧٥
ناخی مێردمنداڵێك....................................١٧٦
شەڕ..........................................١٧٧
گەلا..........................................١٧٨

کۆرۆنا.................................................181
من کەری هاوڕێتانم.....................................183
ماندووم... لەکار.......................................185
باری گران..............................................186
دایکێك بۆ منداڵەکەی..................................187
شەڕ... نەفرەت.........................................188
کار.....................................................190
من و هەژاری...........................................191
تەڕەپیاز...............................................192
رێیزسات...............................................193
من چیم؟..............................................194
باوك...................................................195
هێماکانی هاتووچۆ......................................196
نونو...................................................197

لایلایە.........................................................١٩٩
شاری کەرە باڵدارەکان.......................................٢٠٠
ئاو..............................................................٢٠٣
هونەر و یەکگرتن...........................................٢٠٤
دار و درەخت..................................................٢٠٥
تیشکی خۆر...................................................٢٠٦
مەتەڵ...........................................................٢٠٧
ناخی کەنارییەك.............................................٢٠٨
لێنووس.........................................................٢٠٩
بیزانە...........................................................٢١٠
ڕۆژەکانی هەفتە بەژمارە...................................٢١٢
من چیم؟.......................................................٢١٣
گورگیش نییە.................................................٢١٤
ناوم چییە؟.....................................................٢١٥

چیم پێ دەڵێن؟..........................٢١٦
خۆپارێزی......................................٢١٧
کۆڤید١٩.......................................٢١٨
نازانی؟........................................٢١٩
چ شوێنێکە؟...................................٢٢٠
دەیزانی؟......................................٢٢١
چەند ناوم هەیە؟.............................٢٢٢
منداڵێك لەسەر بەردێك دەنووسێت..........٢٢٣
دادگا..........................................٢٢٤
ورچ............................................٢٢٥
نزای من.......................................٢٢٦
قژ زەر........................................٢٢٧
تکای کاروان بۆ هەمووان...................٢٢٨
دهۆك و ئاکرێ.................................٢٣٢

ژەهردارەکان.......................................۲۳۳
مەبەستم چییە؟.......................................۲۳٤
درۆ بەدرۆ چارەسەرنابێت.......................................۲۳٥
سلێمانی.......................................۲٤٨
من چیم دەیزانی؟.......................................۲٤٩
هەولێر.......................................۲٥٠
لەناوتان دەبەین.......................................۲٥١
کەرکووك.......................................۲٥٢
من و منداڵان.......................................۲٥٣
ژیان لەگۆڕانکاریدایە.......................................۲٥٤
دەبێت چی بێت؟.......................................۲٥٩
پە پوولەی ئاشتیم.......................................۲٦٠
؟.......................................۲٦١
ئیسلام.......................................۲٦٢

نووسینێکی جیاواز..................................٢٦٣
زۆڵە کورد.......................................٢٦٤
دەزانیت من چیم؟...............................٢٦٦
میکانۆ.............................................٢٦٧
فێرگە..............................................٢٦٨
قوتابخانە و مامۆستا..............................٢٦٩
ئەلف و بێ.......................................٢٧٠

## چیرۆك بۆ منداڵان و مێردمنداڵان

دارستانە سووتاوەکە.........................................۲۷۹
کچی گوڵاوی بەهێزترە لەشازادە و دڕندە..................۲۸٤
قەلەڕەشەکە و خێزانێکی بەختەوەر........................۲۸۹
کەروێشکە هەژارەکە و چیرۆکە دنیا........................۲۹٤
نەخۆشی و چاك بوونەوەی بێچووە شێرێك.................۲۹٦
ماسی گرەکە و کوڕەکانی......................................۲۹۹

سوپاسنامە.......................................................۳۰٤
ژیاننامە..........................................................۳۰٥